# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٣١ ▮ پێنجشەممە ٣١ی خەرمانانی ١٤٠١ _ ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٢٢

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا




## ٣٠ ساڵەی تێرۆری مێکونووس

٣٠ ساڵ لە ڕووداوی تێرۆری مێکونووس تێپەڕی. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٣٠ ساڵەی تێرۆی د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا بە کۆمەڵێک کۆڕ و کۆبوونەوە و سمینار و چالاکی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات وێڕای بەرزڕاگرتنەوەی یادی شەهیدانی مێکونووس، جارێکی دیکەی ئەو جینایەتەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی مەحکووم و ڕیسوا کردەوە «کوردستان» لەم ژمارەیەدا ڕووماڵی ئەو چالاکییانەی کردوە.




## هاتنی وەرزی «ژینا»

**عەلی بداغی**

ڕێک لە کاتێکدا و لە ڕۆژێکدا کە ناسۆری کورد بەبۆنەی ٣٠ ساڵەی تێرۆری د. سادق شەرەفکەندی تەشەنا ببۆوە، زامێکی دی کەوتە سەر دڵی نیشتمان و گوڵی ژینی «ژینا»ی کورد لە پێتەختی دەسەڵاتی ئەهریمەندا پەڕپەڕ کرا.

ژینا تاوانی جوانیی خۆی لە وڵاتی دەسەڵاتی تاریکپەرەستاندا بە دانانی گیانی خۆی دا، بەڵام ئەو نە تاک قوربانیی دەستی ستەم و زۆرداریی ڕێژیمە و نە دواترینیش بوو، وەک چۆن هەر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کە مەرگی دڵهەژێنی ژینا کوردستان و ئێرانی هەژاند، هەر ئەو ڕێژیمەی حاشای لە کوشتنی ئەو دەکرد گیانی لە کۆمەڵێک کەسی دیکەش ستاند، کە بۆ ڕیسواکردنی ئەو دەسەڵاتە سەبارەت بەو جینایەتە نوێیەی کردوویەتی ڕژابوونەوە سەر شەقامەکان.

بکوژ هەمان بکوژە ناسراوەکەیە. ڕێژیمێکی ............ ل٢



**مستەفا هیجری:**

## خەڵکی ئێمە بە سەرکوت و زەبروزەنگ چاوترسێن نەبوون و ناشبن



**خالید عەزیزی:**

## لە هەر شوێنێک بە پێویستی بزانین وەڵاممان بۆ دەستدرێژییەکانی ڕێژیم دەبێ

## مانگرتنی مەدەنی خەڵتانی خوێن کرا

# کوردستان جینایەتەکانی ڕێژیم بێوەڵام ناهێڵێتەوە




«سادق» بە تەواو مانای وشە
حەمەڕەسووڵ کەریمی
(٤)

شەبەحی تێرۆر و کۆمەڵکوژی دژی نەتەوەی کورد
مەجید حەقی
(٦)

کوردستان لوتکەی هەڵوێست و خۆڕاگری
ئەلبورز ڕۆئینتەن
(٩)

ڕوانگەی حیزبی دێموکرات بۆ قانوون...
زانیار حوسێنی
(١٠)

کوردستان
ژمارە ٨٣١
٣١ی خەرمانانی ١٤٠١ _ ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٢٢

درێژەی :

# هاتنی وەرزی "ژینا"

... دژی گەلی کە لە پێناو ڕاگرتنی هەیمەنەی نگریسی خۆیدا لە دەرەوەی وڵات سەدان مرۆڤی خەباتکاری لە چوارقوژبنی دنیادا تێرۆر کردوە و لە نێوخۆی وڵاتیش بە زەبری چەک و کوشتوبڕ وڵاتێکی بەبارمتە گرتوە. ڕێژیمێک کە خوێنی خەڵکی لە شووشە کردوە و بۆ زاڵکردنی کولتووری نامۆ و دژەبایەخە دەسکردەکانی خۆی لە سەری هەموو ماف و ئازادییە ڕەواکانی خەڵکی داوە.

دوو ساڵ لەوە پێش کاتێک دیمەنی گیانلەدەستدانی "جۆرج فلۆید" لەبن چۆکی ئەفسەرێکی پۆلیسی ئەمریکادا بڵاو بۆوە و دنیای هەژاند، بکوژە ئێرانییەکە -خامنەیی- ئەوەی بە هەل زانی و بە ڕووهەڵماڵاوییە هاتە قسە و گوتی: "جینایەت دەکەن، خەڵکی خۆیان دەکوژن، داوای لێبووردنیش ناکەن و زمانیشیان درێژە." ئەو هەم دەیویست دەستە چەورەکەی خۆی بە خەڵکی دیکە بسڕێ و هەم بە گوێی هێزە چەکدارەکانی خۆی دابدا کە مادام لە ئەمریکای دێموکراتیشدا پۆلیس دەکوژێ و دەبڕێ ئێدی پێویست ناکا ئێوەش لە هیچ دەست بپارێزن. ئەوکات دەمودەست پۆلیس تاوانباری دەسبەسەر کرد، خەڵک بە وەڕێخستنی کەمپینی "ناتوانم هەناسە بدەم" و گوشاری بیروڕای گشتی هێزەکانی پۆلیسیان لە دەروەستی و بەرپرسایەتییەکانیان وشیار کردەوە و پاشان دادگا سزای ٢٢ ساڵ زیندانی بە سەر پۆلیسی تاوانباردا سەپاند. بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەوە زیاتر لە چوار دەیەیە نایەڵن خەڵک هەناسە بدا و بۆخۆیان نەک هەر زمانیان درێژە، بەڵکوو بە ڕۆژی ڕوون و لە شوێنێکی وەک کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە بەرچاوی دنیاوە گاڵتە بە هەموو پرەنسیپە جیهانداگرەکان دەکەن!

مەرگی ژینا تاوانێکی دیکە بوو بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامییەوە و بەوە پەروەندەیەکی دیکەش کەوتە سەر هەزاران هەزار جینایەتی دیکە کە ئەو ڕێژیمە لە چوار دەیەی ڕابردوودا کردوونی. ئەو پەروەندانە ئێستاش کراوەن و چاوەڕوانی پێکهاتنی دادگای گەلن: لە گرتن و ئەشکەنجەدان و ئێعدامی دژبەرانی هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشەوە تا ئێستا، لە دەرکردنی فیتوای جیهاد و لەشکەرکێشی بۆ سەر کوردستان و سەپاندنێکی شەڕێکی خوێناوی بە سەر گەلی مافخوازی کورد هەر هەتا ئێستا، لە کۆمەڵکوژییەکانی دەیەی ٦٠ و جینایەتەکانی چەشنی کەهریزەک، لە قەڵتوبڕەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨، لە مووشەکبارانی حیزبی دێموکرات و بەردانەوەی بەئانقەستی فرۆکە ئۆکراینییەکە، کوشتنی ڕۆژانە خەڵکی کۆڵبەر لە کوردستان و کاسبکارەکان لە بەلووچستان و... .

ژینا یەکەم کورد نییە کە دوای دەسبەسەرکردنی سەرەڕۆیانەی لێی دەدرێ و گیانی لێ دەستێندرێ، مێژووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و ئێرانیش پڕە لە چەشنی ئەو جینایەت و کارەساتانە؛ لە ئاستی ئێرانیشدا هەروەها. کوشتنی ژینا هەروەها بە هەڵکەوت و ڕووداوێکی نەخوازراویش نەبوو، بەڵکوو درێژکراوەی سیاسەتی پتر لە چوار دەیە سەرکوت و کوشتوبڕی سیستماتیکی کوردە. ژینا کاتێک دەسبەسەر دەکرێ پێیان دەڵێ من کوردم و خەڵکی ئەو شارە نیم، بۆیەشە دەسەڵات ڕق و کینی لەمێژینەی خۆی پێ دەڕێژێ، کوردستان ئێستاش باجی ئازادیخوازیی خۆی دەدا و ئامادەشە لەپێناو پاراستنی شوناسی جیاوازی خۆی و خەبات بۆ مافە زەوتکراوەکانی هەرچەشنە تێچوویەک بدا. بۆیەشە کوردستان ئەمجارەشیان خرۆشا و خوێنی ڕۆڵەی خۆی ون نەکرد.

کوردستان وەک هەمیشە پێشەنگ مایەوە. حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بانگەوازی مانگرتنیان دا و بەشی زۆری هێزە سیاسییەکانی دیکە چوونە پشتی ئەو داوایە. خەڵکی کوردستان کە لەلایەک یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات هیوایەکی دیکەی بۆ سەرکەوتن لە خەبات پێ داون و لەلایەک بۆ بەخاوەنکردنی گیانی بەناحەق ئەستێندراوی ژینای تازەلاویان نەک هەر وەک پێشوو وەڵامی بەجێیان بە داوای مانگرتنەکە دایەوە؛ بەڵکوو خرۆشان و جارێکی دیکەش شەقامەکانی شاریان کردەوە سەنگەری خەبات و خۆڕاگری و بەربەرەکانی لەدژی دەسەڵاتی داگیرکەر. ئەوان کە قەت فێر نەبوون مل بۆ ئیرادەی دوژمن نەوی کەن و جینایەت و تاوانەکانی بێوەڵام بێڵنەوە، جارێکی دیکەش حەماسەیان خوڵقاندەوە و وانەیەکی تریان لە یەکگرتوویی و پێشەنگایەتی پێشان دایەوە.

چارەنووسی "ژینا" و هاواری "کوردستان" ئەمجارەیان پەلی هاویشت و شوێنەکانی دیکە لە ئێرانیشی هێنایە دەنگ. لە خوێندکاران و کرێکارانەوە، لە هونەرمەندان و چالاکانەوە، لە ژنان و پیاوانی ئازادیخوازەوە کە ئیدی بەسە و هەتا کەی ڕۆڵەکانی ئەو وڵاتە دەبێ ببنە قوربانیی دەسەڵاتی ستەم و بێدادی؟ ئەمجارەیان پرسی چارەنووسی هاوبەش بوو بە سەرەتای وەرزێکی دی لە یەکیەتی و هاوخەباتی کە بەڵێ ئەمڕۆ لە ئێوەیە و سبەی لە مە. بۆیە خوێنی بەناحەقڕژاوی ژینا ویژدانی کۆمەڵگەی هەژاند و شەپۆلێکی نوێی لە ڕق و بێزاری لەو ڕێژیمە خستەڕێ. خوێنی ژینا ئەمینی، نوید ئەفکاری، زارای بەنییاقوب و سەحەری خودایارییەکان پێک گەیشتن، بوونە دەریایەک کە دێ کۆشکی زوڵم و بێدادیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ڕاماڵێ و بووە هۆی گۆڕانکارییەک کە دەکرێ مزگێنیدەری ڕۆژانێکی خۆش بە هیوایەکی گەش بۆ داهاتوو بێت.

دەسەڵات خۆ ئەگەر بە زەبری چەک و کۆمەڵکوژکردنی خەڵک و خوڵقاندنی جینایەتی دیکەش بتوانێ ئەو نارەزایەتییانە سەرکوت بکا و دایانمرکێنێتەوە؛ بەڵام نە ئەو قافڵەیە وەستان دەزانێ و نە ئەو ڕێگایە کوێربوونەوە. خوێنی ژینا دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکانە لە هەناوی کۆمەڵگەدا ئەویش لە بەستێنی گشتییەکان و هەوێنی ڕزگارییە لە نیری یەخسیری. بەڵام ئەمە ئەرکێکی قورسیش دەخاتە سەر تاک تاکی ئەم وڵاتە و هێز و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوەکان بەتایبەتی.

خۆپیشاندانەکان لەپێناو سەرکەوتن و ئاکام وەرگرتندا دەبێ بەردەوام بن، بەردەوامیی ئەو خرۆشانەش پێویستیی بە پشتیوانییە. ڕاستە ئیرادەی خەڵک لەشکاننەهاتوویە، بەڵام ئێستا ئیدی کاتی یەکگری و هاوخەباتیی ئۆپۆزیسیۆنە. هەتا ئەو ڕێژیمە مابێ هیچ کەس و لایەن و نەتەوەیەک نابنە خاوەنی ماف و ئازادییەکانیان و ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمەش هاوبەشی هەموانی دەوێت. با لە هاتنی وەرزی "ژینا"دا ئەو ئامانجە وەدی بێت.

## مستەفا هیجری:

# خەڵکی مافخوازی کوردستان بە سەرکوت و زەبروزەنگ چاوترسێن نەبوون و ناشبن



**ئاماژە: کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی هەیئەتی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ "کورد کاناڵ" خوێندنەوە و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی بەنیسبەت کۆمەڵە پرسێکی ڕۆژەڤی ئێران و کوردستان دەربڕی. "کوردستان" لەبەر گرینگیی ئەم باسە پوختەیەک لەو وتوویژە بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە.**

**کاک مستەفا زۆر باس لە زەرورەتی یەکگرتنەوە و یەکگرتن لە کاتی ئێستادا دەکرێت، ئەمە تا چەند کاریگەری لە پێشڤەچوونی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە و ئەساسەن بۆ یەکگرتنەوە؟**

ئێمە وەکوو کورد و میللەتێکی دابەشکراو دەبێ بزانین دابەش بوون چارەنووسی ئەو نەتەوەیەی بە کوێ گەیاندوە. من پێموابێ لەو ڕۆژەوە کە کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا دابەش بووە، گەورەترین کارەسات لە مێژووی خەڵکی کورد دەستی پێ کردوە؛ چونکە ئەو دابەشبوونە بوو بەهۆی ئەوەیکە هێزی کورد لەهەر چواربەشدا دابەش و دابڕ دابڕ بکرێ و هەر کامێکیان بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتێکەوە کە بەداخەوە دیکتاتۆر و سەرەڕۆ بوون و هیچکام لەوان باوەڕیان بە مافی کورد و نەتەوەی کورد نەبووە و نییە. وەختێکیش کورد دابەش بووە، هێزەکەی کەمتر و چووکەتر بۆتەوە و زۆر ڕاحەتتر توانیویانە بەسەریدا زاڵ بن، سەرکوتی بکەن و بە پیلانی زۆر گەورەش توانیویانە کێشە و دوژمنایەتی بەینی کورد دروست بکەن و کورد بەدژی کورد بە شەڕ بدەن. بۆیەشە مێژووی ئێمە بەداخەوە پڕە لە شەڕی براکوژی، یەکتر شکاندن، یەکتر بوغزاندن و دەستەکەم گرتن و بێکەڵک کردنی یەکتری و هەموو ئەوانەش بە قازانجی دوژمن تەواو بووە.

لەو بەشەدا ئێمە وکوو کورد لە کاتی دابەشکردنی کوردستاندا هیچ دەسەڵاتێکمان نەبووە. کەس نەهاتوە پرس بە کورد بکات بزانێ بۆچوونی چییە، و ئەوەیکە کوردستانیشی بەسەردا دابەش کراوە ئەو دیکتاتۆرانە بوون کە هیچ باوەڕێکیان بە کورد و مافی نەتەوایەتی و یەکسانیی ماف نەبووە. بۆیە شتێکی سرووشتییە لە سیستمێکی ئاوادا تۆ چاوەڕوانی سەرکوت و زەبروزەنگ و بێعەداڵەتی بکەی. بەڵام کارەساتی لەوە خراپتر ئەوکاتە بوو کە کورد بۆخۆشی دەستی کرد بە دابەشبوون و دابڕبوون و لەتلەتبوون لەنێو هەرکام لە بەشەکانی کوردستان. یانی ئەگەر ئێمە گلەییمان هەیە لەوە کە وڵاتەکەمان بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە، بەڵام بۆخۆشمان هاتووین لە هەر بەشێکدا جۆرەها دابەشبوونمان پێکهێناوە، لەژێر ناوی عەشیرەتی، ئایینی، زمانی و ناوچەیی و ساڵانێک دژی یەکتری شەڕمان کردوە و لە یەکترمان کوشتوە و یەکترمان شکاندوە کە دەگاتە حیزبە سیاسییەکان، کە دەبێ ئەوان خەڵک وشیار کەنەوە، کەچی دەبینن لەنێو حیزبە سیاسییەکانیشدا لەباتی یەکگرتوویی دابڕان و شەڕ و ملبەملەی ناڕەوا خوڵقاوە. بۆیەش گوتم ئەم کارەساتە لەوەی یەکەم گەورەتر، چونکە ئەوەیان بە دەستی خۆمان کردوومانە، هێزە کوردییەکان هیچیان دەست نەکەوتووە و دوژمنیش قازانجی زۆری لێ بینیوە و خەڵکەکەشمان لەو دابڕان و دابەشبوونانە ماندوو و ناهومێد بوون. ئەمن پێموایە هەرچەند ئێستاش درەنگە بەڵام دەبێ وەختێک وەکوو نەتەوەیەکی وشیار کە مافی خۆمان و دوژمنی خۆمان ناسیوە، حەق وایە کە ئیدی ئەو ڕەوتە بەرەو یەکگری و یەکگرتنەوە بگۆڕین. چونکە لەبنەڕەتڕا بە یەکگرتن و یەکڕیزییە کە کورد دەتوانێ هەموو هێزەکەی بخاتە سەریەک و لە بەرامبەر ئەو دوژمنە ملهوڕانەدا بەرگرییەکی باشتر بکا و ببێتە هێزێک کە لەهەر بەشێکدا ئاڵوگۆڕ بێتە پێشێ، حیسابی بۆ بکەن و نەتوانن پەراوێزی بخەن. بۆیەشە یەکگرتنەوەکەمان یەکگرتنەوەیەکی بەوەخت بوو، چونکە دەبینین ئێستا دۆخی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست سەقامگیر نییە و ئاڵوگۆڕەکان یەک بەدوای یەک بەڕێوەن. کۆماری ئیسلامی لەنێو خەڵکدا بێزراوە و ڕۆژ نییە لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەدژی ڕێژیم خۆپیشاندان نەکرێ. لە ناوچەکەدا بەهۆی سیاسەتی دەستتێوەردانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێندێک یەکگرتوویی بەدژی وی پێکهاتوە و ئەوانە هەموویان نیشان دەدەن کە لە بەردەم ئاڵوگۆڕێکی خێراداین و بێتوو یەکگرتوو نەبین دیسان پەراوێز دەخرێینەوە. چونکە بەداخەوە لە ئێراندا بێجگە لە نەتەوە بندەستەکان باوەڕ بە مافی نەتەوەیی زۆر لاوازە، بۆیە ئەوە ئێمەین کە دەبێ زۆر بەهێز و یەکگرتوو بین و هێزەکانمان بخەینە سەریەک بۆوەی ئامادە بین بۆ ئەو ڕووداوانەی کە چاوەڕوانیان دەکەین.

**بەپێی فەرمایشتەکانی جەنابت ئێستا چی بکرێت ئەم یەکگرتنەوەیە ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ بەهێزتر کردنی حیزبی دێموکرات و هەروەها بەهێزترکردنی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟**

ئێمە قۆناغێک لە یەکگرتنەوەمان جێبەجێ کردوە، بەڵام ئەوە هەمووی داخوازەکە و ئامانجەکە نییە، بەڵکوو ئامانجی بنەڕەتی بەهێز کردن و بەردەوام بوونی ئەو یەکگرتنەیە. ئەوەش بەوە دەکرێ کە ئێمە بەگشتی لە کۆمەڵگەی حیزبیدا و لەوە بانتر لە کۆمەڵگەی کوردی ڕۆژهەڵاتدا بتوانین هەموومان وەکوو تاک باوەڕ بەوە بێنین کە دەبێ گوێ لە یەکتری بگرین و بۆچوونی یەکتری بەهێند وەربگرین. ئەو سەردەمە تەواو بوو کە کەسێک یا لایەنێک یا گرووپێک پێی وابێ هەرچی ئەو دەیڵێ دروستە و باقی دیکە هەمووی باتڵە، ئەوە هەمووانن کە واقعییەت و حەقیقەتەکە دروست دەکەن. بۆیە دەبێ بۆچوونی جیاوازەکان هەبن و بە هەموومانەوە باشترین و جوانترین و واقعیترین بڕیار و سیاسەت لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەدا ڕەچاو بکەین.

دەبێ چیدیکە بەدوای ئەوەدا نەگەڕێین کە چونکە لە نێوخۆی حیزبدا ناڕازین، لە فڵان شتدا بیروبۆچوونمان لەگەڵ یەکتر نایەتەوە، کەوابوو جودا دەبینەوە و وەکوو گرووپێک دەچین شتێکی دیکە پێکدێنین! چونکە ئەگەر گرووپەکەی دیکەش پێک هات لەنێو ئەوێشدا ئیختلافی بۆچوون هەیە. ئێمە وەختێک وەک حیزبێکی دێموکرات خەبات دەکەین یەکێک لە تایبەتمەندییە ئەسڵییەکانی دێموکراسی هەبوونی بیروبۆچونی جیاوازە، بۆیە بیروبۆچوونی جیاواز هەمیشە پێکدێ، بەڵام ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانە دەبێ مودیرییەت بکرێ و لە کۆی ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانەدا بە دیالۆگی دێموکراتیک بتوانین خاڵی هاوبەش ببینینەوە و بیکەینە بڕیار، بیکەینە سیاسەت و بیکەینە ڕێنوێنی کار و بەرنامەکانمان. بەتایبەتی وەکوو کورد بەگشتی و وەکوو حیزبی دێموکرات بەتایبەتی لەبیرمان بێ کە دابڕانەکان هیچکامیان سەرکەوتوو نەبوون و هیچکام نەیانتوانی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا بەهێز بکەن، بەڵام زۆرباش توانییان خەڵک بێزار، ناهومێد و ماندوو بکەن و توانییان وەخت و ئینرژیی حیزبەکان بەخۆیانەوە مەشغوڵ بکەن. کەوابوو ڕێگاچارەی ئەو مەسەلەیە لە جیابوونەوەدا نییە، ئێمە وەختێک دەتوانین ئەو یەکگرتنەوە بکەینە خاڵی وەرچەرخان کە ئەو ئەزموونانەی ڕابردوومان لەبیر نەچێتەوە. زۆرجار باس لەوە دەکەن کە کورد کەمحافزەیە لەباری مێژوویی بۆیە شتی مێژوویی لەبیر دەچێتەوە. ئێمە دەبێ ئەو شتانەمان لەبیر نەچێتەوە. لەبیرمان نەچێتەوە بۆوەی دەرسی لێوەربگرین و چیدی ئەو ڕۆژە تاڵانە بۆ خەڵکەکەمان دووبارە نەکەینەوە. ئەمن هیوادارم ئەو ئاواتە بێتە دی، چونکە خەڵکی کورد لە نێوخۆی وڵاتدا زۆر وشیارن و زۆر باش دۆست و دوژمنی خۆیان دەناسن و چاک دەزانن کە یەکگرتوویی چون دەتوانێ ڕێگاچارەی ئەوان بێ. نموونەکەشی ئەوە کە لەگەڵ ئەوەیکە حیزبی دێموکرات دابەش ببوو بەڵام خەڵکەکە هەر یەکگرتوو مانەوە. دیارە ئێمەش وەکوو حیزبی دێموکرات دەبێ کار بکەین و هەم لەباری فکرییەوە و هەم لەباری عەمەلییەوە ئەو یەکگرتوویە بە خەڵکەکەمان نیشان بدەین. لەباری فکرییەوە دەبێ لەسەر بابەتە ناکۆکەکان پێکەوە دیالۆگی دێموکراتیکمان هەبێ و بێجگە لەوە بۆ لای ڕێگای دیکە نەچین، چونکە هیچ ڕێگایەکی دیکە بۆ سەرکەوتن نییە و ئەوە سەد ساڵە تاقی دەکەینەوە. لەباری عەمەلییشەوە کار و کردارمان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە نیسبەتی ئەفراد وەک یەک بێ، خەتێک بکێشن بە دەوری ئەوەدا کە فڵان کەس لە جودابوونەوەدا لەگەڵ من یا لەدژی من بووە، ئەوانە دەبێ بە مێژوو بسپێرین ئەویش مێژوویەکی خراپ و مێژوویەکی ناسەرکەوتوو. ڕۆژی تازەمان لە ڕۆژی یەکگرتنەوەڕا دەست پێ دەکا و ئەو ڕۆژە تازەیە دەبێ بە پەندوەرگرتن لە ڕابردوو بێت. ئێمە ئیختلافی بۆچوونمان هەبووە، کێشەمان هەبووە و هەرچی هەبووە ئەوانمان بەجێهێشت و بە مێژوومان سپارد، ئێستا هەموومان وەکوو ئەندامێکی کە مافی بەرانبەرمان لەو حیزبەدا هەیە پێکەوە بۆ یەک ئامانجی هاوبەش خەبات دەکەین و ئەو حیزبە ئی هەموومانە، چ ئەوەی پێشتر لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بوو یا ئەوەی کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بووە، چونکە هەردوولا لەو ماوەی دابڕانیشدا هەر بۆ یەک ئامانج خەباتیان کردوە. ئەوە دەتوانێ ببێتە خاڵی وەرچەرخان و ئەمن ئەو زەرفییەت و ئاگاهییەی پێویست بۆ ئەم ئامانجە لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات و لە کادر و پێشمەرگە و ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات بەتایبەت لە خەڵکی ڕۆژهەڵات بەگشتی شک دەبەم.

**کاک مستەفا لە دەرەوەی باسی حیزبی دێموکرات، دۆخی ئێستای ئێران چۆن دەبینی؟ وەک بۆخۆشتان ئاماژەتان پێدا تا ئێستا دەربڕینی ناڕەزایەتییەکان بێئاکام بوون، بەو پێیە دۆخی سیاسیی ئێران بەرەو کوێ دەڕوا؟**

ئەمن لەسەر ئەو باوەڕەم ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەچاو چل و چەند ساڵی ڕابردوودا ئێستا لە خراپترین دۆخی سیاسی، کۆمەڵاتی و ئابووریدایە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە هێزی سەرکوتی نەماوە، بگرە هێزی سەرکوتی بەهێزتریش کردوە و ئەوەش بەهێزبوونی حکوومەت نییە، بەڵکوو لە لاوازی و لە ترسانێتی. چونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆخۆی باش دەزانێ کە لەنێو خەڵکی خۆیدا چەندە بێپایەگایە و چەندە خەڵک دژێتی. چەند مانگێک لەوە پێش دامەزراوەیەکی ڕاپرسی ڕایگەیاند کە زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران کە پێشتر دیندار بوون، هەر لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێستا بوونەتە دژی دین. ئەمە دەریدەخا کە لە باری شەرعییەتی ئایینییەوە لە لاوازترین حاڵەتی خۆیدایە. لە باری ئابوورییشەوە خۆ هیچ شتێک بۆ خەڵکەکە ناکا و ئەوەی هەیە بۆ هێزە نیابەتییەکان، دامودەزگا ئایینییەکان و بۆ سپای پاسدارانە ئەویش بۆ سەرکوت. بە بۆچوونی من ئەو بارودۆخە ناتوانێ زۆر بەردەوام بێ، بەتایبەتی کە خەڵکی ئێران بەگشتی وشیارن و دەزانن کە ئەو ڕێژیمە کۆماری ئیسلامییەی کە لە سەرەتادا بەیعەتیان لەگەڵ کرد و قوربانییان لە ڕێگای دا ئێستا چیی بەسەر هێناون. بۆیە دەبینین خەڵک لە نێوخۆ بەتەواوی لەو ڕێژیمە ناڕازییە و لە دەرەوەش هاوکێشەکان لە بەرژەوەندیی ڕێژیم نین. بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە ڕێژیم تا ئێستا هێزی سەرکوتی

**پێشتریش گوتوومانە کە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە بەرجامەوە یا بێبەرجام، بە هاوپەیمانی لەگەڵ فڵان دەوڵەت یا بە دژایەتی لەگەڵ فڵان دەوڵەتی دیکە، لە ڕاستیدا هیچ شتێک دەست خەڵک ناکەوێ. چونکە هەرچی کۆماری ئیسلامی ئێران دەیکا هیچی لەبەر قازانج و بەرژەوەندیی خەڵک نییە، بەڵکوو بۆ بەرژەوەندیی خۆیەتی و دەیهەوێ خۆی بەهێز بکا هەتا ماوەیەکی زیاتر درێژە بە حکوومەتە سەرەڕۆیانەکەی بدات**

**دەبێ لە بەرانبەر مێژووودا خۆمان بە بەرپرسیار بزانین. ئێمە مافی ئەوەمان نییە مێژوو چەواشە پێشان بدەین یان تەنانەت لەبیری بکەین. شەڕی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە قۆناغێکی ناخۆش و تاڵی ژیانی سیاسیی ئێمەیە لە ڕۆژهەڵات و گەورەترین زەربەی لە پەیکەری یەکگرتوویی ئەو خەڵکە داوە. بەڵام ئێستا بە خۆشییەوە لە نێوانماندا هاوکاری و هاوپێوەندیی باش و ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە ئەو قۆناغەمان بە مێژوو سپاردوە و ئێستا لاپەڕەیەکی نوێمان هەڵداوەتەوە**

ماوە و بە پشتبەستن بە سپای پاسداران و هێزی داپڵۆسێنەری خۆی دەتوانێ بۆ ماوەیەکی دیکە درێژە بە دەسەڵاتەکەی بدا؛ بەڵام ئەو ماوەیە درێژخایەن نابێ.

**کاک مستەفا ئەم ماوەیە زۆر باس لە ئەگەری ڕێککەوتنی ئێران و ئەمریکا و زیندووکردنەوەی بەرجام دەکرێت، ئەگەر ئەوە ڕوو بدات یان بە پێچەوانەکەی دەتوانێ چ کاریگەرییەکی لەسەر خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێت؟**

پێشتریش گوتوومانە کە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە بەرجامەوە یا بێبەرجام، بە هاوپەیمانی لەگەڵ فڵان دەوڵەت یا بە دژایەتی لەگەڵ فڵان دەوڵەتی دیکە، لە ڕاستیدا هیچ شتێک دەست خەڵک ناکەوێ. چونکە هەرچی کۆماری ئیسلامی ئێران دەیکا هیچی لەبەر قازانج و بەرژەوەندیی خەڵک نییە، بەڵکوو بۆ بەرژەوەندیی خۆیەتی و دەیهەوێ خۆی بەهێز بکا هەتا ماوەیەکی زیاتر درێژە بە حکوومەتە سەرەڕۆیانەکەی بدات. بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم لام وایە بەرجام ئەگەریش ببوژێتەوە و هەموو لایەنەکان ئیمزای بکەن و ئێران بگەڕێتەوە سەر تەعەهوداتی خۆی، بەو حاڵەش بۆ خەڵکەکە دەستکەوتێکی نابێت. ڕاستە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستکەوتی دەبێ، دراوێکی زۆری دێتە دەست و بەوجۆرەی لێک دەدرێتەوە بێتوو دانوستانەکان سەر بگرن لە ماوەی ١٥- ٢٠ ساڵدا نزیکەی تریلیونێک دۆلار دەستکەوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ، بەڵام ئەو کۆماری ئیسلامییە چی دەستکەوتی هەبێ دەیدا بە هێزە نیابەتییەکانی لەپێناو هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و هیلالی شیعیدا. یان دەیدا بە دەزگا ئایینی و تەبلیغاتییەکانی و بە سپای پاسداران و بەشێکی هەرە زۆریشی دەچێتە گیرفانی ئەو حکوومەتە گەندەڵە کە ئێستا لە گەندەڵیدا ئیدی لە دنیادا مەشهوورە. بۆیە ئەمن پێموایە خەڵک لە ئێران بەگشتی و بەتایبەت لە کوردستان هیوا هەڵنەچنن لەسەر ئەوەیکە ئەگەر بەرجام جێبەجێ بوو ئەوان دەحەسێنەوە. چونکە پێشتریش پێش ئەوەی ئەوەی بەرجام لەلایەن ترامپەوە هەڵوەشێتەوە، ئەودەمیش دیتمان کە ئێران داهاتی زۆری هەبوو و بانکەکانی گەمارۆیان لەسەر نەمابوو، بەڵام کۆمەڵگە هەر فەقیر و هەژار بوون و خەڵک ئەمەیان ئەزموون کردوە. لەگەڵ ئەوەدا ئەمن لاموایە کە سەرەڕای ناکۆکییەکان و درێژەکێشانی ئەو باسە بەڵام لە نیهایەتدا وتووێژەکان دەگەن بە ئاکام، چونکە هەم ئێران حەوجێی بە بووژاندنەوەی بەرجامە بۆوەی لەباری ئابوورییەوە هەناسەیەکی بێتەوە بەر؛ هەم وڵاتانی هاوبەش و هاوبەرژەوەند لە بەرجامدا بەتایبەت ئامریکا و ئورووپاییەکانیش زۆر مەبەستیانە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو زووانە دەستی بە چەکی ئەتۆمی ڕانەگا و ئەو گرێبەستە دەستی کۆماری ئیسلامی لە گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی کورت دەکاتەوە. بۆیە پێموابێ لەبەر ئەوەی هەردووکیان و هەر یەکەی بەجۆرێک پێویستییان بەو ڕێککەوتنەوەیە، ئاخرییەکەی لەگەڵ یەکتر هەر دەسازێن.

**خەڵکی کورد دەبێ بۆخۆی ببێتە ڕزگاریدەری خۆی. بێجگە لە خۆی کەسی دیکە نییە فریای بکەوێ، نابێ بەهیوای هیچ لایەنی دیکە بێ، بۆیە دەبێ بۆخۆی لە فکری ڕزگارکردنی خۆیدا بێ و ئێمەش وەکوو حیزبی دێموکرات و وەکوو هێزە سیاسییەکانی دیکە پەنا و پاڵپشتین و بەشێکین لەو خەڵکە. ئەوەش کە لەو پێوەندییەدا دەکەوێتە سەرشانمان، ئێمە دووبارە وەک ڕابردوو بەڕێوەی دەبەین و خەڵکەکەش دەبێ ئیدی بەتەواوی لە هێزی دەرەکی هیوابڕوا بێ بۆ ئەوەی خۆی باشتر ڕێک بخات و خەباتەکەی بباتە پێشێ.**

**ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە بکرێت، چ کاریگەرییەکی لەسەر خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت؟**

من پێموابێ تەئسیرێکی مەنفیی نابێ، بێجگە لەوەیکە گوتم هێزەکانی سەرکوت ڕەنگە ئیمکاناتی زیاتریان دەستکەوێ و بتوانن زیاتر خەڵکەکە سەرکوت بکەن؛ بەڵام ئەوە هیچ بە مانای ئەوە نییە کە خەڵک بە سەرکوتی توندتر لە ئامانج و داخوازەکانی خۆیان دەکشێنەوە. هەروەک چۆن بۆخۆمان لەو ماوەیەدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەردەوام تیرۆری لێ کردووین، تۆپباران و مووشەکبارانی کردووین، بەڵام حیزبەکەمان نەکهەر لەبەین نەچووە، نەتواوەتەوە و نەکشاوەتەوە، بەڵکوو ئێستا بەو یەکگرتنەوەیە زۆر زۆریش بەهێزتر بووە و لەنێو خەڵکی خۆمان و لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا خاوەن پێگەیەکی دیکەین. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەیکە خەڵک چاوەڕوانی ئەوە بێ هێزێک لە دەرەوەڕا بێ و ڕزگاری بکا، یەکێک لە پەیامەکانی ڕاسانی ڕۆژهەڵات ئەوە بوو کە خەڵکی کورد دەبێ بۆخۆی ببێتە ڕزگاریدەری خۆی. بێجگە لە خۆی کەسی دیکە نییە فریای بکەوێ، نابێ بەهیوای هیچ لایەنی دیکە بێ، بۆیە دەبێ بۆخۆی لە فکری ڕزگارکردنی خۆیدا بێ و ئێمەش وەکوو حیزبی دێموکرات و وەکوو هێزە سیاسییەکانی دیکە پەنا و پاڵپشتین و بەشێکین لەو خەڵکە. ئەوەش کە لەو پێوەندییەدا دەکەوێتە سەرشانمان، ئێمە دووبارە وەک ڕابردوو بەڕێوەی دەبەین و خەڵکەکەش دەبێ ئیدی بەتەواوی لە هێزی دەرەکی هیوابڕوا بێ بۆ ئەوەی خۆی باشتر ڕێک بخات و خەباتەکەی بباتە پێشێ.

**کاک مستەفا بە لەبەرچاوگرتنی هەموو فاکتەرەکان، وەزعیەتی ئێستای ئێران، دەرەوە، خەباتی کورد لە ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

وەزعی سیاسیی خەڵک لە کوردستانی ئێران ئێستا زۆر باشترە. چونکی ئەگەر لە سەرەتادا هەبوون کەسانێک -کەمیش نەبوون- کە هیوایان بە کۆماری ئیسلامی هەڵچنیبوو و هێشتا نەیاندەناسی و لەژێر تەئسیری درووشمەکانی کۆماری ئیسلامی پێیانوابوو کە ئێرانیان بۆ دەکاتە بەهەشت؛ یان خەڵکانێک لە باری ئایینییەوە هیوایان پێی هەبوو، بەڵام دوای ئەو ماوەیە پەردە لەسەر هەموو درۆکانی ڕێژیم کۆماری ئیسلامی لادراوە. بۆیە دەڵێم ئێستا خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشترین دۆخی سیاسیدان، بەتایبەت کە ئێستا یەکگرتوون و ئەو یەکگرتووییە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا لە هاتنی سێڵاو و بوومەلەرزەکان، یان لە ڕووداوی کوشتنی ژینگەپارێزان و گرتنی زیندانیانی سیاسی و بەتایبەت مووشەکبارانەکەی قەڵادا هەموو دەردەکەوێ و بینیمان کە ئەو خەڵکە چەندە یەکگرتوویە و چۆن بەفریای یەکتری دێن کە ئەمە نیشانەی ئەوپەڕی وشیارییە. ڕەنگە ئەو نەسلەی کە ئێستا هەیە ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ٥٧ی لەبیر نەیەت کە ئەوکات لە کوردستان خەڵکی کرماشان و ئیلام کەم وابوو خەڵکی مەهاباد و موکریان بناسن یا خەڵکی ناوچەی شوماڵ زۆر کەم وابوو خەڵکی ناوچەکانی سنە و کامیاران و ئەو شارانە بناسن و زۆر ڕووداو ڕووی دەدا زۆر ئاسایی تێپەڕ دەبوو، بەڵام ئێستا ئەو یەکپارچەییە بەدەست هاتووە و ئەوە دەستکەوتێکی گەورەیە کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا بە قوربانی و تێچوویەکی یەکجار زۆر دەستەبەری کردوە. من لاموایە هەر نەتەوەیەک مافەکانی خۆی و دۆست و دوژمنەکانی خۆیشی باش بناسێ و لە عەینی حاڵدا یەکگرتوو بێ، سەرکەوتنەکەی مسۆگەرە و کوردستان ئێستا لەو قۆناغەدایە.

**لە ڕێوڕەسمی یەکگرتنەوەدا کە جەنابت و کاک خالید عەزیزی قسەتان کرد، کاک خالید بوو ڕوو بە خەڵکی کوردستان گوتی ئێمە جوابی ئێوەمان داوە و یەکمان گرتەوە و، ئێستا ئێمە چاوەڕوانیمان لە ئێوەی خەڵک لە نێوخۆی وڵات هەیە. پرسیار ئەوەیە چاوەڕوانیتان لە خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بەشدارانی بەشە سیاسییەکەی چالاکەکانی چییە و لەمەودوا ئەرکی ئەوان چی دەبێت؟**

لە ڕوانگەی منەوە نوخبەکانی کورد لە هەر جێگایەک بن، بەتایبەت چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی کوردستان، هەمووی ئەوانە هەیکەلی خەبات لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێکدێنن بۆ یێک مەبەست، ئەویش ئازادیی کوردە. دەبێ یەکگرتوو بن و وریا بن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە پیلانەکانی خۆی بە هیچ جۆر نەتوانێ کەلێن بخاتە نێوانیان. بە ئیسلامییەکانەوە، بە کۆمۆنیستەکانەوە، بە خواپەرەست و بە بێدین و دێموکراتەکانەوە، بە هەر بیروبۆچوون و ئایینێک کە هەیانە یەک بگرن بۆ ئەوەی ئازادیی خۆیان وەدەست بێنن، چونکە ئێمە ئێستا بستێک خاکمان نییە کە بە کەرامەت و عیزەتی ئینسانییەوە پێی لەسەر دابنێین و هەموو شتێکمان لەلایەن ڕێژیمە لێ زەوت کراوە. کوا لەکاتی ئاوادا وەختی ئەوەیە جارێ بێین کێشەی بیروبۆچوون و ئیدیۆلۆژی و نازانم چی و چی بکەین؟ دەبێ لەپێشدا وەک نەتەوە خۆمان ڕزگار بکەین و ئەگەر ئەو خەباتەمان کرد و ئەو وەزعیەتەمان گۆڕی، ئەوکات لەو وڵاتی ئازادی خۆماندا دیسان خەبات بەردەوامە. خەبات بۆ مرۆڤ حەتا مردن بەردەوامە و مرۆڤی بێخەبات یانی مردوە. ئەودەمی دێین لە وڵاتی ئازادی خۆماندا بیروبۆچوونە جیاوازەکانمان باس دەکەین و هەمووان مافی ئەوەمان هەیە لە چوارچێوەیەکی دێموکراتیکدا ئازادانە بۆچوونی خۆمان باس بکەین و خەڵکیش قەزاوەتی خۆی دەکا. بۆیە من پێ لەسەر ئەوە دادەگرمەوە کە چەندی یەکگرتوو بین، ئەوەندە سەرکەوتنمان نزیکترە. بەتایبەتی ڕوو لە چالاکانی خەباتی مەدەنی کە لەو ماوەدا قوربانیی زۆریان داوە و فیداکاریی زۆریان کردوە، ئەمن بەش بە حاڵی خۆم، خۆم بە قەرزداری تێکۆشانی ئەوان دەزانم کە لەژێر ئەو زەبروزەنگەی ڕێژیمدا ساتێک لە خەبات ناوەستن.

داوام ئەوەیە کەلێنەکان پڕ کەنەوە و لەهەر جێگایەکی بەتالاییەک هەیە با ڕێکخراوێکی مەدەنی بۆ پێکبێنن و لەو چوارچێوەیەدا خەڵک لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە و لە پەرشوبڵاوی بیانپارێزن و یەکگرتوویان بکەن، ئەوە دەتوانێ ئێمە بە ئامانجەکانمان بگەیەنێ.

**جەنابت لە پرسیارەکانی پێشوودا زۆر بە دەقیقی ئاوڕت لە پێویستیی یەکگرتوویی و خۆپاراستن لە مناقشەی بێسوود لە کۆمەڵگەی سیاسی ڕۆژهەڵاتدا دایەوە. ماوەیەک لەوە پێش جەنابت وتووێژێکت لەگەڵ بەشی فارسیی "بیبیسی"دا کردبوو و لە بەشێکی دا باسەکە هاتبووە سەر شەڕی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە. وەڵامەکەی جەنابت تێگەیشتنی جیاوازی بەدووی خۆیدا هێنا. پێم باشە لێرەش جارێکی دیکە بیهێنمەوە گۆڕێ کە چۆن دەبێ سەیری ئەم مێژووە بکەین؟**

ئەمن لەسەر ئەو باوەڕەم کە دەبێ لە بەرانبەر مێژووودا خۆمان بە بەرپرسیار بزانین. ئێمە مافی ئەوەمان نییە مێژوو چەواشە پێشان بدەین یان تەنانەت لەبیری بکەین. شەڕی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە قۆناغێکی ناخۆش و تاڵی ژیانی سیاسیی ئێمەیە لە ڕۆژهەڵات و گەورەترین زەربەی لە پەیکەری یەکگرتوویی ئەو خەڵکە داوە. لەوێدا ئەمن باسی ئەوەم کردوە کە ئەم باسە شرۆڤەی زۆر دەوێ، بەڵام هەواڵنێرێک ئەوە لە من دەپرسێ ناتوانم حاشا لە واقعییەتێک بکەم کە ڕووی داوە، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە چونکە ئەودەمی ئێمە پێکەوە لە شەڕدا بووین ئەوە کاریگەریی خراپ لەسەر یەکگرتوویی و هاوکاریی ئێستای ئێمە دادەنێ. ئێمە ئێستا قۆناغێکی دیکەمان دەست پێ کردوە و ئەوەش بەشێکە لە مێژووی نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە وەک بەشێکی دڵخۆشکەر. ئێمە ئێستا لەو قۆناغەداین و ئەمن هیچ مەبەستم ئەوە نەبووە بڵێم ئەودەمی کە لەگەڵ هەر لایەنێک لە قۆناغێکدا لە شەڕ و کێشە دابووینە ئێستاش لەو قۆناغەدا ماوینەتەوە. لە قۆناغی شەڕدا قسەی شەڕ دەکرێ و لە قۆناغی یەکگرتووییدا باس لە یەکگرتوویی دەکەین و ئێمە ئێستا بە خۆشییەوە لەگەڵ هاورێیانی کۆمەڵەکان هاوکاری و هاوپێوەندیی باشمان هەیە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە ئەو قۆناغەمان بە مێژوو سپاردوە و ئێستا لاپەڕەیەکی نوێمان هەڵداوەتەوە، نەک لە شەڕ کردن و بوغزاندنی یەکتری، بەڵکوو لە دۆستایەتی و هاوپەیمانی و هاوخەباتی.

**سپاس کە کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا**

سپاس بۆ ئێوە. ئەمە یەکەمین وتووێژی منە لەگەڵ کوردکاناڵ، کوردکاناڵ کە کاناڵی ڕەسمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، و لەو بارەوە خۆشحاڵم کە ئێستا لە کوردکاناڵدا قسە دەکەم، چونکە کوردکاناڵ تەلەڤیزیۆنی خۆمە.

# تایبەتمەندیی سەرکردەکان لە ڕوانگەی "برایان ترێسی"یەوە

## (د. سادق بۆ نموونە)

**شاهــۆ مەتین**

٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ، ٣٠ ساڵ بە سەر تێرۆری ڕێبەری هەرماو دوکتۆر سادق شەرەفکەندی لە بەرلینی پێتەختی وڵاتی ئاڵمان بە دەستی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئاخوندیزمی ئێران تێپەر دەبێت. دوکتۆر سادق وەک سەرکردەیەکی مەزن خاوەنی گەڵێک تایبەتمەندیی وەک بوێری، خاوەنئیرادە، لێبڕاو، پڕاگماتیست و ڕیالیست بوو کە توانیبوویان پرستیژ و ئۆتۆریتەی لە ڕیزی ڕێبەرانی کورد و ئێرانی بۆ دروست بکەن و بۆخۆیشی وەک کەسایەتییەک ببێتە چرایەک لە شەوەزەنگی ئیستیبدادی کۆماری ئیسلامیدا.

"برایان ترێسی" لە کتێبی "١٢ بنەمای سەرکردەی مەزن"دا پێنج تایبەتمەندی بۆ سەرکردەی مەزن و خاوەن کەسایەتی دەستنیشان دەکات:

### ڕاستگۆیی

سەرکردە ڕاستەقینەکان هەمیشە قسە و ڕەفتارێکی ڕاستگۆیانەیان هەیە، ڕواڵەت و نێوەوەیان وەک یەکە. سەرکردە مەزنەکان هەم لەگەڵ کەسانی تر و هەم لەگەڵ خۆیان ڕاستگۆن، هەرگیز کەسانی تر و خۆیان هەڵناخەڵەتێنن و هیچ قسە و ڕەفتارێکی چەوتیشیان نییە.

دوای شەهیدبوونی ڕێبەری هەرماو دوکتۆر قاسملوو کە کومیتەی ناوەندیی حیزب ئەرکی سکرتێری گشتیی حیزبی پێ دەسپێرێ، لە یەکەم وتاریدا بەو پەڕی ڕاستگۆیی بەڵێنی بە دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدان دەدات کە درێژەدەری ڕێگای نەمریان بێت و دەڵێت: "لەم ڕێگایەدا کە ڕێگای سووری شەهیدانە یا سەردەکەوین یا بە شانازییەوە وەک شەهیدە ئازیزەکانمان سەر دادەنێین". ئەو بەحەق وفادار بە بەڵێنەکەی مایەوە و بۆ سەرخستنی ئەندێشەکانی دوکتۆر قاسملوو و مانیفێستی حیزبی دێموکرات ڕاستگۆیانە تێکۆشانی کرد و لەم ڕێگایەشدا گیانی ئازیزی پێشکەش بە بارەگای ئازادی و سەربەستیی کورد و کوردستان کرد.

### هەڵبژاردنی دروست

دەتوانین مرۆڤ بە "بوونەوەری هەڵبژاردنەکان" ناو ببەین، چونکە هەر کام لە ئێمە ڕۆژانە سەدان هەڵبژاردن دەکەین. کاتێک وشەیەک یان ڕەفتارێک هەڵدەبژێرین، مانای وایە دەیان وشە یان ڕەفتارێکی تر فڕێ دەدەین. بەهۆی ئەمەوە هەڵبژاردنەکانمان نیشان دەدەن کە چی بۆ ئێمە گرینگە و چی گرینگ نییە. سەرکردە گەورەکان هەمیشە هەڵبژاردنی دروستیان هەیە، بە تایبەت لە دۆخە سەختەکاندا، تەنانەت ئەگەر تێچووی زۆریشی بۆ بدەن.

قسەیەکی دوکتور سادق وەک فاکتێکی بەهێز بۆ ئەم تایبەتمەندییە لەو کەسایەتییەدا دێنینەوە: "دەبا ڕۆڵە نەبەزەکانی کوردستان ریزەکانی حیزبی دێموکرات بە هاتنی خۆیان جوانتر لە پێشوو بڕازێننەوە و بە هەڵگرتنی چەکی شەرەف و سەربەرزی هێزی پێشمەرگە زۆر لە ئێستا بەهێزتر و لەشکاننەهاتووتر بکەن". ئەم داوایەی نەمر شەرەفکەندی لەو کات و ساتە هەستیارەدا دەرخەی خوێندنەوەی واقعبینانەی بەڕێزیانە بۆ خەبات و بە حیکمەتی خۆی بە بژاردەیەکی دروست و گونجاوی بۆ تێکۆشان دەزانێت. هەربۆیە ئەم داوایە لە لاوانی نیشتمانپەروەر دەکات و لەو قۆناغەدا لەنێوان چەندین هەڵبژاردە بۆ خەبات، ئەوە بە هەڵبژاردەیەکی دروست دەزانیت.

### پابەندبوون بە بەهاکان

سەرکردە گەورەکان لە هەموو کاتێکدا پابەندن بە بەهاکانی ڕێکخراوەکەیان و لە هیچ بارودۆخێکدا سازش لەسەر ئەم بەهایانە ناکەن. لەم بوارەشدا دوکتۆر سادق پابەندییەکی بێوێنەی بە پرنسیب و دیسیپلینەکانی حیزب هەبوو. ئەو هیچ کات سازشی لەسەر پێشێلکردنی نۆرم و بەهاکانی شوناسی ڕێکخراوەیی نەدەکرد و بە بوێرییەوە بەرانبەر کردەوە ناتەباکان لەگەڵ ئەخلاق و کولتووری شۆڕشگێر و شۆڕشگێڕی دەوەستاوە و بنچینە هزری، ماکی و ئاوەزییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دەپاراست.

### زاڵبوون بەسەر خۆدا

سەرکردە گەورەکان خۆکۆنترۆڵییەکی بەرزیان هەیە، بەو مانایەی ڕەفتارەکانیان عەقڵانی و دوور لە هەست و سۆزە و لە بڕیارداندا دەستوەردان لە پرس و بەرژەوەندییە کەسییەکانیان ناکەن. شەهید شەرەفکەندی دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بەخێرایی و بە ئیلهاموەرگرتن لە ڕێنوێنی و جێبەجێکردنی ئەندێشەکانی نەمر قاسملوو، وەک ڕێبەرێکی لێزان و زانا جڵەوی خەباتی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکەی لە دۆخێکی زۆر دژواردا گرتە دەست و بە بڕیاری ژیرانەی بۆ هەموو بەشەکانی جێبەجێکاری حیزب توانیی بە سەر ئاریشەکانی تاکی و ڕێکخراوەییدا زاڵ ببێت و کۆنترۆڵی دۆخی قەیراناویی ساتەوەختی بێقاسملوویی لە حیزبی دێموکراتدا بکات.

### خۆڕاگری

ئەلبێرت گرای، یەکێک لە بەناوبانگترین ڕاوێژکارەکانی بەڕێوەبردن لە ئەمریکا، دوای ١٣ ساڵ لێکۆڵینەوە لە ژیانی سەرکردە گەورەکان، لەم ڕستەیەدا لێکۆڵینەوەکانی خۆی کورت کردۆتەوە: "سەرکردە گەورەکان بەپێچەوانەی سەرکردە ئاساییەکان، خۆڕاگرییەکی بەرزیان هەیە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن و قەت ناوەستن و هەرگیز دەست لە تێکۆشان هەڵناگرن." دێنیس ویتلی، یەکێکی دیکە لە ڕاوێژکارەکانی بەڕێوەبردن لە ئەمریکا، تایبەتمەندیی خۆڕاگری لە سەرکردە گەورەکاندا بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "سەرکردە گەورەکان زۆر کار دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، بەڵام سەرکردە ئاساییەکان زۆر کار دەکەن بۆ ڕزگاربوون لە فشار و ڕەخنەی کەسانی دی".

وەک میناک بۆ ئەم تایبەتمەندییە لە دوکتور سادقدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوی مەزن و لە کاتێکدا یار و نەیار چاویان لە حیزبی دێموکرات بڕیبوو، د. شەرەفکەندی بە ڕۆڵی کارساز و ئیرادە و لێزانینیی خۆی لە خەباتدا بۆشایی نەمانی دوکتور قاسملووی تا ڕادەیەکی باش پڕ کردەوە و نەهیهێشت بێقاسملوویی بە حیزبی دێموکرات و گەلی کوردەوە دیار بێت. ئەو خەبات دژی ڕێژیمی تێرۆریستی ئاخوندیی ئێرانی بەگوڕتر و بەرینتر لە هەموو ڕەهەندەکاندا پەرە پێدا و بە دووڕنوارییەکانی نەیهێشت پێشەنگایەتیی خەبات دژی ڕژێم بکەوێتە دەستی هیچ ڕەوتێکیتر.

بۆیە لەسەر ئەم بنەمایانەی کە برایان ترێسی بۆ کەسایەتیی سەرکردەی مەزن ئاماژەی پێداون و بەو فاکتە واقعییانەی بۆ ئەم بنەمایانە لەسەر کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی ئاماژەی پێ کرا، بەحەق دەتوانین بڵێین دوکتۆر سادق سەرکردەیەکی مەزنی کورد بوو کە ئێستا ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئیلهامدەری شۆڕشێکی مەزن لە کوردستانن.

# "سادق" بە تەواو مانای وشە



حەمەڕەسووڵ کەریمی


**(بۆ یادی سی ساڵەی شەهید دوکتور شەرەفکەندی)**

شەهید دوکتور سەعید شەرەفکەندی یەکێک لە دیارترین ڕێبەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گەلی کورد بوو کە توانی زانست و لێزانی و پسپۆریی زانکۆ و مامۆستایەتی تێکەڵ بە شۆڕش و بزووتنەوەی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات بکات.

شەهید دوکتور شەرەفکەندی لەو دەگمەن ڕێبەر و شۆڕشگێرانە بوو کە وتار و قسە و لێدوانەکانی لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بەکردەوە بوو، واتە هەر پلان و بەرنامەیەک لە قسەکانیدا ڕوو بە دونیای دەرەوە، ئێران، کوردستان و نێوخۆی حیزبی کردبا، بۆ خۆی پێشەنگی ڕاپەڕاندنی ئەو وتە و قسانە دەبوو کە باسی لێوە کردبوون.

لە باری نەتەوەییەوە لێدوانەکانی پڕ بوون لە ئەزموونی شۆڕشەکانی پێشوو و بە پشتبەستن بە ڕابردوو و لەژێر ڕووناکایی و هێژموونیی شۆڕشەکانی پێشوو و بە دەرس‌وەرگرتن لە شۆڕشەکانی گەلانی دیکەی جیهان، وەک مامۆستاییەکی بەئەزموون وانەکانی خۆی لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی و دەورەی کادرەکاندا بە لێزانی و پسپۆرییەوە دەگوتەوە.

شەهیدی سەرکردە، پلە و پایەکانی زانکۆی بەجێ هێشتبوو بۆ ئەوەی وەک پێشمەرگەیەک لە چیاکانی کوردستان خزمەت بکات و، کاتێک وەک ئەندامی ڕێبەری و جێگری سکرتێر و دواتر وەک سکرتێر سوکانی شۆڕش و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی گرتە دەست، پلە و پایەکانی خۆی بۆ خزمەتی زیاتری حیزبەکەی و نەتەوەکەی تەرخان کرد و هیچ کات لە پلەکانی خۆی بە قازانجی شەخسی کەڵکی وەر نەگرت. ئەو وەک کادر و پێشمەرگە لەنێو بنکە و بارەگاکانی حیزبدا دەژیا و، خاکی و خاکەڕایی، زیت و وریا و چاوکراوە لەگەڵ هەموو لایەک هەستان و دانیشتنی هەبوو. لە کاتی پشوودا سەردانی بنکە و بارەگاکان، نەخۆش و بریندارەکان، بنەماڵە و شوێنە گشتییەکان، قوتابخانە و فێرگە و تەنانەت چێشتخانەکانیشی دەکرد. نان و خوانی لەساڵۆنی گشتی لەگەڵ کادر و پێشمەرگەکان بوو، لەگەڵ پیر و بەساڵاچووەکان، منداڵ و گەنجەکان، دیپلۆمات و کەسایەتییەکان، بەگشتی لەگەڵ کوڕ و کچەکان و خوێندەوار و نەخوێندەوار، زمانی تایبەت بە خۆی هەبوو.



دوکتور سادق لە وتارنووسین و وەرگێراندا دەستێکی باڵای هەبوو، کاتەکانی خۆی بە بێکاری تێپەڕ نەدەکرد و لە نەبووندا بوونی ساز دەکرد. ڕێزی زۆری لە پێشمەرگە دەگرت، لە بەرامبەر کەمکاری و کەمتەرخەمیدا، بێ‌هەڵوێست نەدەبوو، لێپرسینەوە و بەدواداچوون بۆ کارەکان یەکێک لە ئەرکەکانی بوو. کاتناس و بەدیققەت بوو، لەگەڵ نان‌بەقەرزدان نەبوو، خاوەن هەڵویست و سێحەب بڕیار و قسەی خۆی بوو. ترس و خۆف و بێهیوایی لەلای ئەو هیچ مانایەکی نەبوو. مرۆڤێک بوو بۆ هەموو سەردەم و وەرزەکان پلانی تایبەت بە خۆی هەبوو. ئەو لەگەڵ هاوکار و هاوژوورەکانی وەک یەک دەژیا، ژینگەپارێزی و پاک و خاوێنیی وەک یەکێک لە ئەخلاقی مرۆڤایەتی سەیر دەکرد و بەردەوام لە هەموو بوارەکاندا خۆی بەڕۆژ دەکردەوە.

شەهید شەرەفکەندی بە چەندین زمان گوێی لە دەنگوباسی ناوچە و جیهان لە ڕادیۆکان دەگرت و هەر دەرفەتێکی بۆ ناساندنی دۆزی ڕەوای کورد و بۆ مەسەلە نەتەوەییەکان دەقۆستەوە. لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانیدا هەوڵی دەدا کە ڕاستگۆیانە و بەبێ ئەوەی ترسی لە قسەکردن هەبێ پرسەکانی تایبەت بە کورد باس بکا و لێدوانی دەدا. لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی بێ‌پێچ و پەنا، گوێی لە دەرد و خەمی هەموو کۆمیتە شارستانەکان و مەلبەند و هێزەکان و بنکەکان دەگرت و لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بەڕوونی دەدوا و، بە گشتی هەموو ئەو کار و هەڵوێستانە بوونە هێما و ناسنامەی شۆڕشگێریی شەهید دوکتور سەعید.

شەهید دوکتور شەرەفکەندی سیما و هێمای نەتەوەیی بوو، لە کاتی ژیانی سیاسی و شۆڕشگێرییدا دەورێکی بەرچاوی لە خەبات و شۆڕشی کورددا گێڕا، سادە و خۆماڵیانە دەدوا و وشە باوەکانی ئینگلیزی کە پڕ بوون لە " ئیزم، سیسم و نیزم" بە کوردییەکی پەتی بۆ باس دەکردی و وێرای ڕوونکردنەوە لەسەر وشەکان، پێداگری دەکرد کە وشە خاریجییەکان فێر ببین و هەر بە کوردی لە سەر وشەکان بدوێین. کوردی گوتن و نووسینی کوردی لە زمانەکانی دونیای دانەبڕیبوو، بەڵکوو زیاتر لە هەر پێویستییەکی دیکە هەوڵی زیاتری بۆ فێربوون بە زمانەکانی دیکە دەدا.

دیدار و چاوپێکەوتن و سەردانەکانی دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی زانا و هەستانەوەی حیزب لەو قەیران و تەنگەژەیەدا نیشان دەدا کە تەنیا لە ماوەی دوو ساڵدا چۆن توانی جێگە و پێگەی خۆی و حیزبەکەی بگەیەنێتە چڵەپۆپە.

بەداخەوە دەستی ڕەشی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاویدا ئەو مرۆڤە شۆڕشگێر و دیارەی گەلەکەمانی لەگەڵ هاوڕێیان کاک فەتاح عەبدوڵی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کاک هومایون ئەردەڵان بەرپرسی حیزب لە ئاڵمان و کاک نووری دێهکوردی دۆستی نێزیکی کاک دوکتور و حیزبی دێموکرات لە ڕێستورانی میکۆنووس لە شاری بێرلینی ئاڵمان لێستاندین و بە شەهیدبوونیان کەلێنێکی گەورە کەوتە نێو حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمان.

یاد و ناوی شەهیدانی میکۆنووس لە دڵاندا هەردەم زیندوو بێ و ڕێگای خەباتیان پڕ ڕێبوار بێ.

**خالید عەزیزی:**

# لە هەر شوێنێک بە پێویستی بزانین وەڵاممان بۆ دەستدرێژییەکانی ڕێژیم دەبێ



**هاوڕێیانی حیزبی!**
**کادر و ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

سی ساڵ پێش ئێستا لەو شەقامە کە بە "پڕاگرئێشتراسێ" بەناوبانگە و لەو ڕێستوورانەی لەلای ڕاستی من هەڵکەوتوە، ڕێبەری حیزبەکەمان دوکتور سادق شەرەفکەندی، هەروەها کاک فەتاح عەبدولی، کاک هومایوون ئەردەڵان و نووری دێهکوردی، لێرە تیرۆر کران.

ئەوکات کە ئەوان تیرۆر کران ئەو شەقامە چۆل بوو، بەڵام ئێستا لە سی ساڵەی یادی ئەواندا ئێوە دێموکرات و دێموکراتەکان ئەو شەقامەتان پڕ کردوە لە دەربڕینی پەیامی هاودەردی و مەحکومکردنەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەروەها ناردنی سڵاو بۆ شەهیدان و پێدانی ئەو پەیامەی کە ڕێگاتان بەردەوام درێژەی هەیە. ئەو ڕێگایە ڕێبازی حیزبی دێموکراتە و ئێمە لە هەر شوێنێک زەربەیەکمان لێ بدەن، زەبری دوژمنمان بێ‌وەڵام نەهێشتۆتەوە و ڕێبازی دێموکرات و بیر و باوەڕی دێموکرات هەمیشە توانیویەتی شەقام و کۆڵانەکان و شوێنە گشتییەکان بە نفووزی جەماوەریی خۆی پڕ بکا و لە پرسی خۆی بەخاوەن دەرکەوێت. ئەوڕۆش لێرە لە بێرلین، لێرە لە "پڕاگرئێشتراسێ" بۆ جارێکی دیکە ئێرەمان پڕ کردەوە بۆوەی بۆ جارێکی دیکە هەموومان بەیەکەوە لەگەڵ ڕێبەرانی شەهیدمان بەڵێن نوێ کەینەوە کە ڕێگا و ڕێبازی ئەوان زیندوویە. جێگای خۆیەتی هەر لەو شوێنەی کە دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی تیرۆر کران پێیان بڵێین کە هەموو هەوڵی ئێوە بۆ ئەوە بوو لانی کەم لەو ڕێستوورانە لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان کۆ ببوونەوە و یەکریزی و یەکگرتوویی بەرەی ئێرانی دژی کۆماری ئیسلامی دروست بکەن، ئەمڕۆکە حیزبەکەی ئێوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بۆوە بە یەک و داهاتووش هەر بۆ ئێمەیە.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

لە مێژووی حیزبی ئێمەدا، لە پێشەواوە بگرە تا دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان کە لەگەڵیان شەهید بوون، ئەوان بە توانایی و کار و کردوە و سیاسەت و عەقڵییەتی ڕێبەریی خۆیان سەرمایەیەکی قورسیان بۆ ئەو حیزبە بەجێ هێشت. تێرۆر و ئێعدامی ڕێبەرانمان هەرچەند داخێکی گران بوو بۆ نەتەوەی کورد لە ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڵام هاوکات ئەوەشی سەلماند کە بە تێرۆری ڕێبەرانی ئێمە ئەو میللەتە بەچۆک دانەهات و هیچکاتیش بەچۆک دانایا.

ڕووداوی میکۆنووس تەنیا بەوە کۆتایی نایا کە دوکتور شەرەفکەندی و کاک فەتاح عەبدولی و کاک هومایوون ئەردەڵان و نووری دێهکوردی تێیدا تیرۆر کران، بەڵکوو زۆر بابەتی دیکە هەڵدەگرێ:

یەکەم، بۆچی حیزبی دێموکرات و دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی کران بە ئامانج؟ لەبەر ئەوەی کە جووڵانەوەی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو حیزبەیە کە لە ڕۆژی دامەزرانییەوە تا ئێستا بەردەوام لە خەبات و تێکۆشاندا بووە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە قەڵای کوردایەتی و هەوڵ و تێکۆشان لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەی کورد.

دووهەم، دەوری سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەبات و تێکۆشان لەو بوارەدا موقعییەتێکی باشی نێوخۆیی لە پێوەندی لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروست کرد، بۆیە ئێعتیباری حیزبی دێموکرات دیسان وای کرد ئەو حیزبە بکرێتە ئامانج.

سێهەم، سیاسەت و عەقڵییەت و وێژمانی زۆر مەعقولانە و بەرپرسانەی حیزبی دێموکرات کە ئەگەرچی بەدرێژایی مێژوو تیرۆری لێ کراوە، بەڵام ئەو حیزبە بۆخۆی هەمیشە لە بەرەی دژی تێرۆردا ماوەتەوە. ئێمە هەمووکات گوتوومانە تێرۆر بە بەژن و باڵای کۆماری ئیسلامی بڕاوە و خەبات و تێکۆشان لەپێناو مافەکانی کوردیش بە بەژن و باڵای ئێمەی دێموکرات بڕاوە. بۆیە لەو بوارەدا شتمان زۆرە و شتمان زۆر پێیە و حیزبی دێموکرات بەخۆشییەوە لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوەی وڵات و لەنێو ڕیزەکانی خۆیدا موخاتبی زۆر و مەوقعییەتی گەلێک باشی هەیە.

جێگای خۆیەتی لێرە لە ئاڵمان، لە بێرلین، لە "پڕاگرئێشتراسێ" و ئەو شوێنەی کە ڕێبەرانی ئێمەی تێدا تێرۆر کرا، ڕابگەیەنم بۆ جارێکی دیکە هەرچەند ڕووداوی میکۆنووس داخێکی گران بوو لەسەر ئێمەی دێموکرات و دێموکراتەکان و ڕووداوێکی ناخۆش بوو بۆ خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ بەڵام بوێری و سەربەخۆیی کاری سیستمی دادوەری و دادگایی ئاڵمان لەو کاتدا لە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە گوشارێکی زۆر لەسەر دەوڵەتی ئاڵمان و سیستمی دادوەریی ئێرە هەبوو، دەزگای دادی ئەم وڵاتە بەوپەڕی سەربەخۆییەوە لە سەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافی ئازادیی ژیان و کەرامەتی مرۆڤ بەدووی ئەو دادخوازییەوە چوون و بە ئاکامیان گەیاند کە هەم بۆ ئەو نەتەوەیە و هەم بۆ مرۆڤایەتییش جێگای ڕێز و سوپاسە. بۆیە بۆ جارێکی دیکە لە سی ساڵەی یادی شەهیدانی میکۆنووسدا جارێکی دیکە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سوپاسی سیستمی دادوەریی ئاڵمان دەکەم و هەروەها دڵنیام لە هەر شوێنێک دێمۆکراسی و لێپرسینەوە هەبێ، ماف وا بەئاسانی ناخورێ.

بابەتێکی دیکەش کە دەمەوێ تیشکی بخەمە سەر ئەوەیە کە لەو ڕۆژانەی سەردەمی میکۆنووسدا کە ئێمە لە خەمێکی گەورەدا بووین، بەڵام زۆر یەک لە کەسایەتی و سازمان و حیزب و لایەنەکانی ئێرانی شانیان وەبەردا و لە چەند و چۆنیی لەقاودانی تێرۆری میکۆنووس و بە بەشداری و شایەتیدانیان لە پرۆسەی دادگادا ڕەوتی بەدواداچوونەکانیان بەهێز کرد کە بەشێکی نیشانەی پێگەی دیاری حیزبی دێموکرات بوو. لێرەدا بە هەموو لایەنە ئێرانییەکان ڕادەگەیەنم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمەوبەدواش لە هاوخەباتی و پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان هەروا بەردەوام دەبێت.

**هاوڕێیانی حیزبی!**

ئێمە بە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی خۆمان، بە حەشیمەتێکی ئاوا زۆر کە ئێوە لە زۆربەی زۆری وڵاتانی ئورووپایی زەحمەتتان کێشاوە و هاتوونە ئێرە و ئەرک و وەزیفەی حیزبیتان بەجێ گەیاندوە، بەڵگەنامەیەتان لێرە لەو شەقامەدا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار کرد. بەڵگەنامەکە ئەوە بوو سەنەدەکە ئەوەبوو لە هەر شوێنێک زەبرێک لە ئێمە بدرێ، ئێمەش لە هەر شوێنێک کە پێویست بێ وڵام دەدەینەوە و لە داهاتووشدا لەسەر ئەوە بەردەوام دەبین. ئێستاش کە حیزبی دێموکرات یەکمان گرتۆتەوە، لێرەوە ئەو پەیامە بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران دەدەین: ئێوە کە لە نێوخۆی وڵاتدا لە هەموو بوارەکاندا لەژێر زوڵم و زۆری نیزامی کۆماری ئیسلامیدا لە بواری مەدەنی و قانوونی و ژینگە پارێزی و بواری ئەدەبی و فەرهەنگی بە ژن و بە پیاو هەوڵ دەدەن و تێکۆشانتان هەیە، ئەوا لێرەش ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵ دەدەن بە ڕێزگرتن لە ڕێبەرانی شەهیدی خۆیان هاودەردی لەگەڵ هەموو ئێوە بکەن و بە ئێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵێن کە ئێمە پشتگیریی ئێوە دەکەین. ئێوە لە نێوخۆی وڵات و ئەو خەڵکە و ئاپۆڕا زۆرە لە دەرەوە و لە بواری جۆراوجۆردا ئەوەیە جووڵانەوەی کوردی ئێران و ئەوەیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

# سیمینارێک لە ڕۆژئاوای کانادا لە ٣٠ ساڵەی تێرۆری مێکونووس‌دا

لە ڕوژئاوای کانادا و لە سمینارێکدا کە ڕوژی یەکشەممە، ٢٧ی خەرمانان بەڕێوە چوو، تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکووم و ڕیسوا کرایەوە.

لەو سمینارەدا کە لە شاری ڤانکۆێر- ڕۆژئاوای کانەدا بەرێوە چوو، سەرەتا کورتەیەک لە ژیانی شەهیدی ڕێبەر، دکتۆر شەرەفکەندیی نەمر خوێندرایەوە و دواتر چەند کۆپلە شێعر و پەخشانی شۆڕشگیرانە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا. لە بڕگەی دووهەمی سمینارەکەشدا دوکتور ڕەحیم سۆرخی، لێکۆلەر و مامۆستای زانکۆ باسێکی پێشکێش کرد لەژێر ناوی "کوردستان لە بەرانبەر گوتاری سادیستی-سیاسی- مەزهەبی ئێراندا، لە تیرۆر لەسەر شەقامەوە تا تێرۆری نێودەوڵەتی".


دوکتور ڕەحیم سۆرخی سەرەتا پێناسەیەکی زانستیی لە سادیسمی سیاسی- مەزهەبی ئێرانی کرد و کارتێکەریی ئەو سیاسەتەی لەسەر گەلی کورد شی کردەوە. بەڕێزیان تیشکی خستە سەر ئەوە کە ڕێژیمی تاران چۆن چێژ لە کوشتن و وێرانی و تۆقاندی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان وەردەگرێ و ڕێژیم تێرۆر و کوشتن و بێ‌ئەخلاقی سیاسیی و کردەوەی دژی‌ئینسانیی کردۆتە تەوەری سەرەکیی سیاسەتی خۆی و ئەو سادیسمە بۆتە فەرهەنگێک بۆ تۆقاندنی خەڵک و ئازادیخوازان و ئەو شێوە تیرور ۆ کوشتنانە بۆتە حەز و تەنانەت چێژ بردن بۆ ئەم سیستمە جینایەتکارە. دوکتور سۆرخی لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا ئاوڕی لە گرینگیی زمان و دەربڕین وەک ناسنامەی کەسی و نەتەوەیی دایەوە و ئەو ڕاستییە کە کۆماری ئێسلامی بە کەڵک‌وەرگرتن لە دەزگای زەبەلاحی تەبلیغی و ڕاگەیاندنی خۆیەوە لە هەوڵی شێواندنی شوناس و کولتووری تاکی کورددایە و بە فەرزکردنی زمانی خۆی و شکاندن و سووککردنی زمانی کوردی، تاکی کورد تووشی بێ‌شووناسی بکات و غروور و متمانە بەخۆبوونی لە نێو ببات. بەڵام گەلی کورد، پشتئەستوور بە مێژووی دێرین و پتەوی و بەرفراوانی سەرچاوەکانی زمانی و شاعیران و نیشتیمان پەروەران هەر وا لەسەر پێی خۆی وێستاوە و بە چۆک دانایە.

کۆڕگێڕ لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا باسی لە ڕۆڵی ڕێبەرانی خەباتی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد وەک پێشەوای مەزن، قاسملووی ڕێبەر و دکتۆر شەرەفکەندی کرد و گوتی ئەو ڕێبەرە مەزنانە بە داهێنانی گوتاری نەتەوەیی و لە هەمان کاتدا ئەخلاقی، بوونە جێگای شانازی. بەڕێزیان بەشی کۆتایی قسەکانیشی بۆشێکردنەوەی بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کرد و تیشکی خستە سەر ئەو بابەتە کە هەنووکە وشیاری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر بەرز و ڕێژیمی ئیران بە شەهیدکردنی کۆڵبەران و گیراوانی سیاسی و کچان و ژنانی ڕووسووری کورد، لە هەوڵی تۆقاندنی گەلی کورددایە.



# پێویستیی یەکخستن و ڕێکخستنی زەرفییەت و توانای خەبات

## (پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزب بەبۆنەی سی ساڵەی تێرۆری د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی)




**حیزبی دێموکرات لەو باوەڕەدایە کە سی ساڵەی تێرۆری میکۆنۆس و بیرەوەریی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی و دێموکڕاسی لە کوردستان و ئێران دەبێ بکرێنە هەوێن و هاندەر بۆ ئەوەی وێڕای ڕیسواکردن و بەرپەرچدانەوەی هەرچی زیاتر و باشتری پیلان و تاوانە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر خەڵک و نەیارانی، زەرفییەت و توانای خەبات بۆ ئاڵوگۆڕی ئازادیخوازانە لە ئێران لە هەموو بەستێنەکاندا بە جۆرێک ڕێک و یەک بخرێ کە کۆتایی بە تەمەنی نگریسی ئەو ڕێژیمە بێنێ و سەرەنجام زەمینەیەک دروست بێ کە لەودا گەلانی ئێران بە ئازادی و لە پێگەی یەکساندا بۆ دواڕۆژی هاوبەشیان بڕوانن و گەلی کوردیش بە مافە ڕەواکانی خۆی بگا**

**ئەندامان، لایەنگران و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**
**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**
**ئازادیخوازانی ئێران و دۆستانی گەلی کورد!**

٢٦ی خەرمانان (١٧ی سێپتامبر)ی ئەمساڵ ٣٠ ساڵ بەسەر تێرۆری دوکتور سادق شەڕەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، فەتاح عەبدولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئورووپا، هومایون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و نووری دێهکوردی تێکۆشەری ئێرانیی دۆستی حیزب تێدەپەڕێ. سێ دەیە لەمەوبەر لەو ڕۆژەدا، سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان و هاوڕێیانی پاش بەشداری لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست لە بێرلین و لە حاڵێکدا کە لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسیی ئێرانی لە ڕیستۆرانێکی ئەو شارە بەناوی میکۆنۆس سەبارەت بە یەکگرتنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە حاڵی گفتگۆدا بوون، تیمێکی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لێیان وەژوور کەوتن و شەهیدیان کردن.

تێرۆری دوکتور شەڕەفکەندی خەسارێکی قورس بوو لەپێشدا لە پەیکەری حیزبی دێموکرات چونکە لە ماوەی تەنیا سێ ساڵدا بۆ جاری دووهەم ڕێبەری کارامە و لێوەشاوەی خۆی لەدەست دا و لە پاشان لە سەرجەم بزووتنەوەی کورد و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کەوت کە بەمجۆرە بۆ هەمیشە لە ڕۆڵی کارساز و کاریگەری خەباتگێڕێکی مەزن بێبەش بوون کە خەریک بوو بۆشایی نەمانی دوکتور قاسملووی تا ڕادەیەکی زۆر پڕ بکاتەوە. بەو حاڵەش خەسارەتی شەهیدبوونی دوکتور سادق شەڕەفکەندی لەگەڵ هەموو قورسی و تاڵییەکەی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەپێ نەخست. هەروەک چۆن لە سایەی ئیرادە و لێزانیی دوکتور شەڕەفکەندی حیزبی دێموکرات پشتی لەژێر باری قورسی تێرۆری دوکتور قاسملوودا ڕاست کردەوە، لەدوای شەهیدبوونی دوکتور شەڕەفکەندییش ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو حیزبە، دڵگەرم و پشتقایم بە هاودڵی و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان، ئاڵای خەباتی نەتەوەکەیان هەروا شەکاوە ڕاگرت و خەباتی ئەو حیزبەیان بەوپەڕی شێلگیری و لەخۆبوردووییەوە درێژە پێ دا و بە هەموو ئەو گیروگرفت و ئاستەنگانەی لە قۆناغەکانی دواتردا لەسەر ڕێگای ئەو خەباتە بوون، کارێکیان کرد کە حیزبی دێموکرات لە تاقیکارییەکی سەختی دەورانی پاش ڕێبەرانی شەهید سەربەرز بێتە دەر.

لە لایەکی دیکەوە تێرۆری دوکتور شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی هەروەک پاش تێرۆری دوکتور قاسملوو شەپۆلێکی بەربڵاو لە بێزاریی خەڵکی کوردستان لە کۆماری ئیسلامی و هاوپێوەندیی پارچەکانی دیکەی کوردستان و کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانی و نێونەتەوەییەکانی لەگەڵ حیزبی دێموکرات بەدووی خۆیدا هێنا. لە هەمووشی گرینگتر، بەپێچەوانەی کەیسی تێرۆری دوکتور قاسملوو کە لەودا لە ئاکامی فشار و شانتاژەکانی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی سەوداچییانەی دەوڵەتی ئوتریش، لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس هیچ ئەنجامێکی قەزایی ڕاستەقینەیان لێ نەکەوتەوە و تێرۆریستەکان ڕادەستی کۆماری ئیسلامی کرانەوە؛ بە ماوەیەکی کەم پاش تێرۆری میکۆنۆس زۆربەی ئەنجامدەرانی ئەو جینایەتە دەستگیر کران و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ورد و درووستی ئەو جینایەتە سامناکە و بەڕێوەبردنی دادگایەکی موعتەبەر و سەربەخۆ کە نزیکەی پێنج ساڵی خایاند، دەزگای قەزایی ئاڵمان لە حوکمێکی بوێرانەی مێژووییدا کە ڕۆژی ٢١ خاکەلێوەی ١٣٧٦ی هەتاوی دەرچوو، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە بەرزترین ئاستی خۆیدا بە بەرپرسیاری تێرۆری دوکتور شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی ناساند. حوکمێک کە لە ئاستی دیپلۆماسییشدا لێکەوتەی گرینگ و بێوێنەی هەبوو چونکە دەوڵەتانی یەکیەتیی ئورووپا بۆ ماوەیەک باڵیۆزەکانیان لە ئێران بانگ کردەوە.

دوکتور سادقی شەڕەفکەندی لە بنەماڵەیەکی ناسراو و نیشتمانپەروەری ناوچەی موکریان هاتبووە دنیا و لەژێر سایەی مامۆستا هەژاری برا گەورەیدا زۆر زوو بە چارەنووسی گەلی کورد ئاشنا و لەگەڵ ڕەوتی خەبات بۆ ئازادیی ئەو گەلە تێکەڵ بوو و هەر بەو هۆیەش زۆر جار لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە تووشی ئازار و دوورخستنەوە ببوو. ئەو هەر لە سەردەمی خوێندکارییەوە بەتایبەتی ئەوکاتەی لە پاریس خەریکی وەرگرتنی دوکتوڕای شیمی بوو، لەڕێگای دوکتور قاسملووەوە پەیوەست بە ڕیزەکانی حیزب ببوو و دواتریش کاتێک وەک مامۆستای زانکۆ لە تاران دەستبەکار بوو، بە نهێنی ئەرکی پێوەندیی نێوان حیزب و کوردەکانی دانیشتووی تارانی بەڕێوە دەبرد. بەڵام پاش شۆڕشی ١٣٥٧ و دەستپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، دوکتور شەڕەفکەندی نیشانی دا کە جیا لە شارەزابوونی لە زانست، خەباتگێڕێکی بوێر و بەئیرادە، بەڕێوەبەرێکی لێبڕاو و بەبەرنامە و سەرکردەیەکی بەبڕشت و مەیدانی لە هەلومەرجە هەرە دژوارەکانیش‌دایە.

شەڕەفکەندی کە لە مەودای نێوان سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە نیزامی پاشایەتی هەتا کاتی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بەرپرسایەتیی زۆر بەرچاو و گرینگی حیزبیی لە ئەستۆ بوو و هەر ئەوکاتە لە ڕیزەکانی حیزبدا بۆخۆی قوتابخانەیەک بوو بۆ وانەی ورە و باوەڕ و پرەنسیپ و مودیرییەت، لەگەڵ شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو دەمودەست لە جێگە و پێگەی ڕێبەرێکی سیاسیی بەئەزموونی کورددا دەرکەوت و مەشخەڵی دەستی دوکتور قاسملووی پڕشنگدارانە هەڵگرتەوە. لە حاڵێکدا کە لە بارودۆخێکی زۆر ناهەمواردا حیزبی دێموکرات گەورەترین و کاریگەرترین کەسی مێژووی خۆی لەپاش پێشەوا واتە دوکتور قاسملووی لەدەست دابوو، دوکتور شەڕەفکەندی بە مشوور و لێزانیی خۆی و بە هاوکاری و پشتیوانیی هاوڕێ و هاوکارانی کارێکی کرد کە حیزبی دێموکرات بە باشترین شێوەی مومکین لەم قۆناغە ئەستەمەی مێژووی خۆی تێپەڕ بێ. لەو ماوە کەمەدا کە بەرپرسایەتیی یەکەمی حیزبی لە سەرشان بوو، شەڕەفکەندی بە لێهاتووییەکی تایبەتییەوە جێگە و پێگەی حیزبی دێموکراتی لەسەر ئاستی بزوتنەوەی کورد و لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کۆڕ و کۆمەڵەکانی دەرەوەدا پاراست و پەرەی پێدا. لە بەجێگەیاندنی ئەو ڕیسالەتە سیاسی و خەباتگێڕییەشدا، دوکتور شەڕەفکەندی وێڕای ئەوە کە مرۆڤێکی بیرفراوان و خاوەن ڕۆئیای ئینسانی و سێکولار و دادپەروەرانە بوو، ئیمانێکی قووڵی بە ئەولەوییەتی پرسی ڕزگاریی نەتەوایەتی هەبوو و لەگەڵ باوەر بە پێویستیی هاوکاری و هاوپێوەندی لەئاستی سەراسەریی ئێراندا، بەوپەڕی متمانەبەخۆبوونەوە داکۆکیی لە مەوجودییەتی سیاسیی نەتەوەی کورد و هەقانیەتی مافی دیاریکردنی چارەنووسی ئەو گەلە دەکرد.

ئێمە ئەمڕۆ لە کاتێکدا یادی دوکتور شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی بەرز ڕادەگرین و ئەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی وەبیر دەخەینەوە کە هەلومەرجی خەباتی گەلان لە دنیادا و دۆزی ڕەوای کورد گۆڕانی زۆریان بەسەردا هاتووە و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەبەر ماهییەتی دژە ئینسانی و دژە دێموکراتیکی خۆی و بێباوەڕبوونی بە چارەسەری کێشەکانی وڵات لە هەموو کاتێک زیاتر لەگەڵ ڕق و بێزاریی خەڵکی ئێران و پێکهاتەکانی بەرەوڕوو بۆتەوە و بەهۆی سیاسەتی ئاژەوەگێڕانە و تێکدەرانەی لە ئاستی دەرەوەدا جێگە و پێگەی ناوچەیی و نێونەتەوەیی لە خراپترین دۆخی دایە.

هەروەک چۆن دوکتور شەڕەفکەندی لەو باوەڕەدا بوو کە لە بارودۆخی ئاماژەپێکراودا دەبێ هێزە سیاسییەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی هان بدا کە هەم لەنێو خۆیاندا لەسەر بنەمای دێموکراتیک و بەدیتنی واقعیاتی کۆمەڵگای ئێران یەک بگرن و هەم پشت بە هێزی هەراوی خەڵک ببەستن، ئەمڕۆش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو باوەڕەدایە کە سی ساڵەی تێرۆری میکۆنۆس و بیرەوەریی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی و دێموکڕاسی لە کوردستان و ئێران دەبێ بکرێنە هەوێن و هاندەر بۆ ئەوەی وێڕای ڕیسواکردن و بەرپەرچدانەوەی هەرچی زیاتر و باشتری پیلان و تاوانە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر خەڵک و نەیارانی، زەرفییەت و توانای خەبات بۆ ئاڵوگۆڕی ئازادیخوازانە لە ئێران لە هەموو بەستێنەکاندا بە جۆرێک ڕێک و یەک بخرێ کە کۆتایی بە تەمەنی نگریسی ئەو ڕێژیمە بێنێ و سەرەنجام زەمینەیەک دروست بێ کە لەودا گەلانی ئێران بە ئازادی و لە پێگەی یەکساندا بۆ دواڕۆژی هاوبەشیان بڕوانن و گەلی کوردیش بە مافە ڕەواکانی خۆی بگا. ئەوەش پێویستیی بە بەخۆداچوونەوە و مایەلەخۆدانان و مشوور و کاردروستایی لە هەموو ڕەهەند و بازنەکانی هاوخەباتی لە ئاستی کوردستان و ئێراندا هەیە.

هەر لەو پێناوەدا زۆر جێگای سەربەرزیی حیزبەکەمان و دڵخۆشیی خەلکی کوردستان و دۆستانی گەلی کوردە کە نزیک بە مانگێک لەمەوبەر پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بە ئەنجام گەیشت و درێژەدەرانی ڕێگای دوکتور قاسملوو و دوکتور شەڕەفکەندی توانیان سەرلەنوێ لە چوارچێوەی حیزبێکی یەکگرتوودا خەباتی شێلگیرانەی خۆیان درێژە بدەن. حیزبی دێموکرات بە لەبەرچاوگرتنی ڕیسالەتی مێژوویی سەرشانی و چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستان ئەم دەسکەوتە پیرۆزە و بیرەوەریی سی‌هەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری دوکتور شەڕەفکەندی و شەهیدانی تری خەرمانانی خوێناوی دەکاتە دەرفەتێک بۆ نوێکردنەوەی پەیمان و بڕیاری بەردەوامی لە خەباتی شێلگیرانە و بەرپرسیارانە هەتا وەدیهێنانی ئامانجی شەهیدان. پەیامی ئێمە بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات؛ پاراستنی یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی و ئەرک وەخۆگریی زیاتریانە.

بەڕێز بێ یاد و بیرەوەریی دوکتور سادقی شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان.

نەمان و شەرمەزاری بۆ ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی**
**خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی**

# یادی شەهیدانی میکۆنووس لە پێرلاشێزی پاریس

ڕۆژی شەممە، ٢٦ی خەرمانان (١٧ سێپتامبری ٢٠٢٢) بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان، لایەنگران، کەسایەتی و نوێنەرانی حیزب و لایەنەکانی کوردستانی وئێرانییەکان و بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی میکونوس، کاک دوکتور سادق شەرەفکەندی، کاک فەتاح عەبدولی، کاک هومایون ئەردەلان و کاک نووری دهکوردی، ڕێوڕەسمێک لە گۆرستانی پێرلاشێز بەڕێوە چوو.

ئەم ڕێوڕەسمە بە سرودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و کوردستان و بە دانانی تاجەگولینە لە سەر مەزاری شەهیدان دەستی پێ کرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا سەرەتا پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن کاک هەڵمەت ڕەحمەتپوور خوێندرایەوە و پاشان دوکتور کەنداڵ نزان، سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس لە وتارێکدا باسی لە کەسایەتیی دکتور سادق شەرەفکەندی و تایبەتمەندییە بەرز و دیارەکانی و هەروەها ڕۆڵی ئەو لە بزوتنەوەی ئازادیخوازیی کورد و کوردستاندا کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا مادام جۆیس بلوو، مامۆستای زمانی کوردی لە پاریس لە دەلاقەی چەند بیرەوەرییەکی خۆی لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی باسی لە خسڵەتە بەرزە مرۆیی و شۆڕشگێڕییەکانی نەمر شەرەنکەندی کرد.

خوێندنەوەی پەیامی سێ لایەنی "کۆمیتەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدرال"، "شوڕای دێمۆکراسیخوازانی ئێران" و "هاوخەباتی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێراندا" لەلایەن حەسەن ساڵحزادە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوو. هەروەها لە بڕگەیەکی دیکەدا کاک عەزیز ماملێ، بەرپرسی ئەنجومەنی کوردەکانی دانیشتووی فەڕانسە وتارێکی پێشکێش کرد و پەیامی ڕێکخراوی یەکیەتیی فیداییانی خەڵکی ئێرانی خوێندرایەوە.

خوێندنەوەی وتاری حیزبی چەپی ئێران لەلایەن پەرویز نەویدی و پەیامی پارتی ئازادی کوردستان (باکوور) لەلایەن کاک ئێحسان و پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی فەڕانسە ل لایەن خەبات قوربانی ئەقدەم دوا بڕگە ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە دواتر سەردانی گلکۆی شەهیدانی ڤییەن، شەهید کاک دکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادریئازەریان کرد و لەگەڵ شەهیدانی سوورخەڵاتی کوردستان پەیمانی وەفا و درێژەدانی ڕێبازەکەیانیان نوێ کردەوە.



# پۆلێکی دی لە لاوانی نیشتمان هاتنە ڕێزەکانی حیزبی دێموکراتەوە

ڕۆژی چوارشەممە ١٦ی خەرمانان بە تەواوبوونی دەورەی ٢٥٨ی فێرگەی سەرەتایی پێشمەرگەپۆلێکی دیکە لە ڕۆڵە بە ئەمەگ و نیشتمانپەروەرانی کوردستان بەڕەسمی هاتنە ڕیزی تێکۆشان و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە.

لە ڕێوڕەسمێکدا کە بەو بۆنەیە لە فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات پێکهاتبوو، پاش خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان و ڕێژەی پێشمەرگانە؛ غالب حەبیبی بەرپرسی ئامووزشی ناوەندی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وتاری ڕێوڕەسمەکەی پێشکێش کرد.

لە درێژی ڕێوڕەسمەکەدا شیعرێکی نیشتمانی لەلایەن یەکێک لە بەشداربووانی دەورە و ڕاپۆرتی فێرکاریی دەروەی فێرگە لەلایەن "فەریاد درووودی" یەکێک لە مامۆستایانی فێرگە خوێندرانەوە و پاشان سروودێکی شۆڕشگێڕانە لەلایەن پێشمەرگەکانی دەورەوە و پەیامی دەورەی ٢٥٨ی سەرەتایی پێشمەرگە لەلایەن یەکێک لە بەشداربووانی دەورەکەوە پێشکەش کران.

ڕێوڕەسمەکە بە خەڵاتکردنی سەرکەوتوانی دەورەکە لە بواری نەزم و دیسیپلین و تاقیکاریی سیاسی و نیزامی و شایی و خۆشیی بەشداربووان کۆتایی پێ هات.



## دیار زاگرۆس

# هاودەنگیمان مانەوەیە

**پژمان شەریعەتی**

لە کاتی دامەزرانی دەوڵەتی مۆدێرن لە موازنەی سیاسیی ئێراندا، بە بەردەوامی دەسەڵاتە دیکتاتورییەکانی ناوەندی ئێران، هەوڵیان داوە بە هەموو شێوازێک بە سیاسەتێکی دژە ئینسانی، دابڕان لێکترازان لەنێو کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێننە ئارا.

لەو پێناوەیشدا دەستیان بۆ هەموو کردەوەیەکی ناڕەوا بردوە، لە سەرکوتی توند و کوشتن و بڕین و ژینوساید ڕا بگرە، هەتا ئاسمیلاسیون و هەموو شێوازەکانی شەڕی نەرم، بۆ ئەو مەبەستەی ماهییەت و پێناسە و هەستی نەتەوایەتی لەنێو کورددا بەتەواوەتی کاڵ بکەن، ئاسەواری نەهێڵن و کۆمەڵگەیەکی سەرگەردان پێک بێنن بە جۆرێک کە کوردستان خاوەن ئیرادەی خۆی نەبێت و توانای جوڵانەوەی لێ ببڕێت.

ئێستا ئەگەر هەر سەد ساڵی ڕابردوو بە نموونە وەربگرین، دەتوانین بڵێین کە بەو سیاسەتانە ئەگەرچی توانیویانە خەسارێکی زۆر بە جووڵانەوەی کورد بگەیەنن، بەڵام لە پیلانەکانیاندا سەرکەوتوو نەبوون و کۆمەڵگەی کوردستان هاودەست تر لە جاران لە جووڵان و بەرەو پێشچووندایە.

بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە، دەتوانین ڕووداوی دڵتەزینی کوژرانی ژینا ئەمینی، بە دەست میلیشیاکانی گەشتی ئیرشادی ڕێژیم بۆ نموونە بێنینەوە. کچە لاوێکی کورد لە تاران بە هۆی لێدانی وەحشیانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە تاوانی! بەدیاربوونی چەند تاڵێک لە قژی گیانیان لێ سەند و لێکەوتەکانی بووە خرۆشانی کوردستان و بزوتنەوەیەکی کوردستانیی وەڕێ خست کە دواتر ئەمە بە ئولگووەرگرتن لە کوردستان گۆڕدرا بە بزوتنەوەیەکی سەراسەری لە ئاستی ئێراندا.

خاڵە سەرەکییەکان لێرە ئەوەیە کە یەکەم: کرماشان و ئیلام و ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات، کە بەردەوام لەژێر هێرش و پەلامار توند و نەرمدان و پروپاگاندا دەکرێت کە لە بزاڤی کوردی دوور کەوتوون، بەو پەڕی هەستی نیشتمانی بە پاڵپشتی لە ژینا و ڕەوتی کوردی ڕژانە سەر شەقام و لە جیاتی دروشمی "جاوید شاە" دروشمی" ژن، ژیان، ئازادی" دەڵێنەوە و ڕاستەوخۆ بە دروشمی "مرگ بر دیکتاتور" دەسەڵاتی ڕێژیم دەکەنە ئامانج.

ئەم پاڵپشتی و هاودەنگیی لە سەراسەری ڕۆژهەڵات ئەو پەیامە گرینگەی تێدا بوو کە لە بەختیاری و ئیلام هەتا ماکوو و سەلماس، هەستی هاوبەش بوونی هەیە و پیلانەکانی ڕێژیم سەرنەکەوتوون. هەر وەک ئەوەی کە لە کاتی بومەلەرزەی کرماشان و لێقەومان لەو بەشە لە کوردستان، لە ماکۆوە بگرە تا لوڕستان بە هانای هاونیشتمانیانیان ڕۆیشتن، هەروەها لە کاتی لافاوی لوڕستان هەر بەو چەشنە کورد پاڵپشت بوون و هەستی نیشتمانیی خۆیان نیشان دا.

لە ڕووداوی دڵتەزینی گیانلەدەستدانی ژینا، کە بزوتنەوەیەکی گشتگیری لێ کەوتۆتەوە، کوردستان بووەتە پێشەنگ، بەو مانایە کە کوردستان شێوازەکانی بەرگری و خەبات دیکتە دەکات بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران و دەبێتە دەروازەی ڕزگاری.

کاتی کە لە ئازەربایجان دروشم دەدرێت بۆ پاڵپشتیی کوردستان، عەرەب و فارس و بەلووچ، دەنگ هەڵدەبڕن کە کوردستان بەتەنیا جێ ناهێڵین، خاڵێکی وەرچەرخانە کە کورد سالیانێکی دوور و درێژە هاواری بۆ دەکات و نەتەوەکانی دیکە پەیامی کوردیان وەرنەدەگرت، بەڵام ئێستا دەبینین کە باوەڕ بە کوردستان دێنن و وەدوای دەکەون، چونکە ڕێی ڕزگاری خۆیان لە ئەندیشەی کوردی دەبینن.

ئەندیشەی کوردی بەو واتایە کە، دژ بە هەموو هەڵاواردنێکە، لە هەڵاواردنی نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئابووری و سیاسی و ... و دێموکراسی سەردێری مەکتەبی کوردستانییە، کە واتە لەم بزووتنەوەیەدا چاوەکان لە ناوەندەوە لەسەر کوردستان کۆ دەبێتەوە.

هەتا بەر لە ئەم ڕووداوە، بە بەردەوامی باس دەکرا کە کێشەکانی ئێران لە ناوەند چارەسەر دەکرێت و بزوتنەوەیەک کە لە تاران سەرهەڵبدات توانای ڕووخانی هەیە و تارانە کە یەکلایی کەرەوەیە. بەڵام کوردستان بە هاودەنگی و عەقڵییەتێکی مرۆڤتەوەرانە بە پێی پێوەرە مودێرنەکانی مافی مرۆڤ و ژیانی ئازاد و پاراستنی کەرامەتی ئینسانی، سەلماندی کە ڕێی حەق و ئەو شێوازانەی کە لە خەبات و سیاسەت گرتوویەتە بەر، تەنیا بۆ ڕزگاریی کورد نییە بەڵکوو، هەموو نەتەوەکانی دەتوانن بەو وێژمانە و پەیڕەوی لە کوردستان بە ئازادی بگەن.

لە لایەکی دیکەشەو ئەم بزوتنەوەیە، شێوازی سەرهەڵدانی بە چەشنێک بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناتوانێت بە لاڕێیدا ببات و ئەنگی ئەوەی لێ بدات کە، دەستی دەرەکیی تێدایە و ئامریکا و ئیسرائیلن کە ئەم ڕەوتەیان ڕێک خستوە، ئەم پرسە ئیستا بووەتە پرسی نێونەتەوەیی و کۆمەڵگەی جیهانی هەڵوێستێکی بێ وێنەیان بووە بە نیسبەت ئەم ڕووداوە، و تەنانەت ڕێگەی پاساو هێنان و شاردنەوەی بۆ ڕێژیم نەیهێشتووە و تەنیا ئەوە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ماوەتەوە کە هەموو کۆمەلگای جیهانی بە دوژمن بزانێت.

ڕووداوی ژینا و ئەم سەرهەڵدانە نوێە، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە خەباتی مەدەنی و سیاسی لە ئێران پێک هێنا و پرسەکان لە مەعیشەتی و مەزهەبی و ورد، بەرەو سیاسەتێکی کەلان و گشتگیر و هەمەلایەنە چوو، تا ڕادەیەک کە ئەگەر ڕێژیم بتوانێت ئەم بزوتنەوە سەرکوت بکات، تازە بووەتە جەریان و شەپۆلەکانی هەموو ئێرانی داگرتوە و لە داهاتوویەکی نیزیکدا سونامیی گەلانی ئێران، قەڵای داگیرکاری دەڕوخێنێت.

# شەبەحی تێرۆر و کۆمەڵکوژی دژی نەتەوەی کورد

## (بەبۆنەی سیهەمین ساڵڤەگەڕی تێرۆری میکۆنووس)



مەجید حەقی

سەدەی بیستەم تەنیا وەک سەدەی دەسکەوتە زانستی و تەکنۆلۆژییەکان، کۆتایی شەڕی سارد و ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە بیر نامێنێتەوە؛ لەو سەدەیەدا کوشتاری بەکۆمەڵی گەلان، ژینۆسایدی نەتەوەی کورد و تێرۆری ڕێبەرانی ئەو نەتەوەیەش لە یاد ناچێت.

لە ماوەی ساڵی ١٩٧٩ بۆ ٢٠٠٠، سەدان جینایەت لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە دژی نەتەوەی کورد کران و ژینۆسایدی ڕێژیمی ئێران دژی نەتەوەی کورد دەتوانێت لە ڕووی چۆنیەتی و شوێندانەریی قووڵی لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان، بە کۆمەڵکوژیی هۆلۆکۆستی نازییەکان، کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی، ڕواندا و تیمووری ڕۆژهەڵات و یۆگۆسلاڤی بەراورد بکرێت. ڕەنگە وەک ئەو کۆمەڵکوژییانەی باسیان کرا، ئەوەی لە کوردستان ڕووی داوە هەموویان لە ماوەیەکی کورتدا ئەنجام نەدرابن، بەڵام شێواز و ئاکاری ئەو جەهادەی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٩٧٩دا دژی نەتەوەی کورد ڕاگەیاند هەموو نیشانەکانی کۆمەڵکوژی پڕ دەکەنەوە.




جاڕنامەی کۆمەڵکوژی کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کراوە بەو شێوەیە تاوانی کۆمەڵکوژی پێناسە دەکات: "کردەوگەلێک کە ببێتە هۆی لەنێوچوونی تەواو یان بەشێک لە گرووپێکی نەتەوەیی، قەومی، ڕەگەزی و ئایینی" لە ڕێگەی کوشتنی ئەندامانی ئەو گرووپە، کە ببێتە هۆی زیانی جەستەیی و دەروونیی کۆمەڵگە، ڕێگە لە منداڵبوونیان بگرێت یاخود ببێتە هۆی جێبەجێکردنی بەزۆریی مناڵەکانیان بۆ گرووپێکی دیکە". ڕێژیمی داگیرکەری ئێران زۆربەی هەرەزۆری ئەو تاوانانەی دژی نەتەوەی کورد جێبەجێ کردوە.

ئەم کۆمەڵکوژییە ئایدیۆلۆژییە بەشێکی جیانەبووە لە ستراتێژی و سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران بووە و تەشەنەی سەندوە لە ناسیۆنالیزمی فارسیشدا.

پەراوێزخستنی خەڵکی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە دەرئەنجامی هەوڵە مێژووییەکانی ناسیۆنالیزمی فارس بۆ گۆشەگیرکردن و تواندنەوەی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانە. لە ماوەی مێژووی "ئێرانی مۆدێڕن"دا هەموو هەوڵی ناسیۆنالیزمی فارس ئەوە بووە نەتەوەکانی بندەست لەوانە خەڵکی کوردستان لەنێو فەرهەنگ و ناسنامەی فارسی و شیعەی "اثنی عشری" بتوێنێتەوە. بەرهەڵستبوونەوە و بەرخودانی نەتەوەی کوردیش لە بەرامبەردا بووەتە هۆی ئەوەی ئەوان ژێنۆسایدی نەتەوەیی بە هەموو شێوەکانی مومکین جێبەجێ بکەن.

داگیرکەران بۆ جێبەجێکردنی پلانی خۆیان، پێنج ستراتێژیی سەرەکییان ڕەچاو کردوە: تێرۆر و لەنێوبردنی ڕێبەران، زەختی ئابووری لەسەر خەڵکی کوردستان، پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پاکتاوکردنی کولتووری، لەنێوبردنی ژینگەی کوردستان.

تێرۆری سمکۆی شکاک، لەسێدارەدانی قازی محەممەد، تێرۆری دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی درێژەی هەمان ستراتێژییە کە لە سەردەمی دیکتاتۆریی پەهلەوییەوە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بە میرات ماوەتەوە. جیا لەو ڕێبەرانە بە دەیان چالاک و ڕێبەری دیکەی خەڵکی کورد لە دەرەوە و نێوخۆی وڵاتدا تیرۆر کراون کە دوایین نموونەی تیرۆری بەکۆمەڵی ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە ١٧ی خەرمانانی ساڵی ٢٠١٨ بوو.

ئێروین ستاب (Ervin Staub) لە پەرتووکی "ڕیشەی شەیتان"(١)، کۆمەڵکوژی و توندوتیژییەکانی دیکەی بە کۆمەڵدا دەڵێت: "بۆ دروستکردنی کەشی لەبار بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژیی گرووپی و کۆمەڵکوژی چەندین هۆکاری جۆراوجۆر پێویستن. ئەنگیزە و هاندەری چالاک بۆ زیان گەیاندن بە کۆمەڵگەیەک لە ڕێگەی بەردەوامی لاوازکردنی هێزی بەرهەڵەستیان لە ڕێگای کوشتن، زیانگەیاندنی بە کۆمەڵ، خوڵقاندنی کەشێک کە کۆمەڵگا لە کاتی بەرەوڕووبوون لەگەڵ سەختییەکاندا بەرهەڵستی "جیهانی ئەخلاقی" خۆی ببێتەوە (وەک دیاردەی جاشایەتی لە کوردستان)، بەرنامەڕێژی بکرێت و بەشێوەیەکی سازماندراو دژی ئەو کۆمەڵگەیە توندوتیژی بەڕێوە بچێت و بەوە کۆمەڵکوژی و ژێنۆسایدی نەتەوەکە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

باربارا هارف (Barbara Harff) و تێد ڕۆبێرت کۆر لە (Ted Robert Gurr) لە کتێبی "پێشمەرجەکانی ژینۆساید" و "سیاسەت کوژی"(٢)دا بەو ئاکامە گەیشتوون کە ژینۆساید و کۆمەڵکوژی زۆرتر دوای ئەوە ڕوو دەدات کە بەهۆی شکستی دەوڵەتی پێشوو یان شۆڕشەوە جاری وایە گۆڕانێکی لەناکاو ڕوو دەدات. بە بڕوای ئەوان ئەو بوویەرە کاتێک ڕوو دەدات کە ڕێبەرانی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو یان پاوانخوازن یان بەهۆی ئەوەی کە بەهۆی ئایدیۆلۆژییانەوە ناتوانن خەڵکانێکی زۆر بۆ ماوەی درێژخایەن بکەنە پێڕەوی خۆیان، یان بە هۆیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە یا خود هەلومەرجی تایبەتی نێونەتەوەییەوە و تا ڕادەیەکی زۆریش نەبوونی توانا لە چارەسەری پێوەندییە ئابوورییەکانەوە. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە لایەنگری خوێندنەوەیەکی بەرتەسکی ئایینی و لە ڕووی نەتەوەییەشەوە لەنێو ناسیۆنالیزمی فارسدا تواوبوونەوە و کورد و جووڵانەوەی کوردیان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ڕێگەی جێبەجێبوونی پرۆژەی ئێرانی شیعە – فارسدا دەبینی. بۆیە فەرمانی جەهادیان لەدژی ڕاگەیاند و تێرۆری ڕێبەرانی کوردیش درێژەی ئەو ستراتێژییە بوو.

کوردەکان لە ئێران تووشی چارەنووسێکی وەک جوولەکانی ئورووپای سەردەمی نازییەکان هاتوون، کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بە دوژمنی خوا ناو دەبردرێن. وەک کۆمۆنیستەکانی ئارژانتینی کە لەلایەن ئەرتەشی ئەو وڵاتەوە لە کۆمەڵگە بێبایەخ کرابوون و وەک ڕۆشنبیرانی کامبۆجی سەردەمی پۆلپۆتەکانن کە بە دوژمنایەتی لەگەڵ پرۆلتاریا تاوانبار دەکران. هەرچەند زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان موسوڵمانن و ڕێز لە بنەماکانی ئایینی ئیسلام دەگرن، بەڵام لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە خەباتی خەڵکی کورد وەک دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسلام پێناسە کراوە و ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە خەباتی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بە لێگەڕێک لە بەرانبەر ئایدئۆلۆژیی ناوەندگەرای شیعەی خۆیان دەزانن.

ئەمرۆ ئەو لاوەی کورد کە لە ساڵی ١٩٩٨دا لەدایک بووە بەبێ ئەوەی کە ڕۆژێک ئەزموونی شەڕی بەرگریی چەکداری بینیبێت، بەبێ ئەوەی کە ئاگای لە ئاکامی دادگای میکۆنووس بووبێت، تەنیا بە تاوانی کوردبوون و داوای مافە مرۆییەکانی خۆی تووشی زیندان، ئەشکەنجە و ئێعدام و شێوەکانی دیکەی توندوتیژی دەبێت و شەبەحی تێرۆر و کۆمەڵکوژی هەروا هەڕەشە لە ژیانی دەکات و هەر کەسێک کە پۆتانسیەلی ڕێبەریی لە ناو کۆمەڵگەدا هەبێت هەوڵ دەدرێت بەزوویی بەتەواوی لە پەراوێز بخرێت یان لەنێو ببرێت.

بۆ گەلی کورد سی ساڵ دوای تێرۆری میکۆنووس ژینۆسایدی ئایدیۆلۆژی هەروا درێژەی هەیە و ئەمرۆ زیاتر لە هەموو کات پێویستە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هەوڵێکی جیددی بدات بۆ کۆتاییهێنان بە تاوان دژی مرۆڤایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

***

١- Ervin Staub, The Roots of Evil: The Origins of Genocide and Other Group Violence 1989

٢- Barbara Harff, Ted Robert Gurr, Preconditions of genocide and politicide, 1995

# بەڕێوەچوونی وێبینارێکی تایبەت بە ساڵڕۆژی شەهیدانی میکۆنۆس لە کانادا و ئامریکا

کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکرات لە وڵاتانی کانادا و ئامریکا ڕۆژی یەکشەممە ٢٧ی خەرمانان بەبۆنەی ساڵڕۆژی تێرۆرکردنی دوکتور سادق شەرەفکەندی و ڕێزگرتن لە شەهیدانی میکۆنوس وێبینارێکی بەڕیوە برد.

لەو وێبینارەدا ڕەحیم ڕەشیدی، بەرپرسی گشتیی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی ئامریکا، لەسەر ڕۆڵی کاریگەر و پڕبایەخی شەهید دوکتور شەرەفکەندی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا باسێکی پێشکەش کرد و پشتیوانیی هەمەلایەنی ئامادەبووانی بۆ مانگرتنی جەماوەری خەڵکی کوردستان بەهۆی کوژرانی بێبەزەیانەی ژینا ئەمینی بە دەستی مرۆڤکوژەکانی کۆماری پەت و سێدارە دەربڕی و لەو بارەویەوە باسی لە خۆپێشاندانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی بەشێک لە شارەکانی کوردستان بە گشتیی و شاری سەقز بە تایبەتی کرد کە کۆی سیستمی کۆماری ئیسلامییان ڕەت کردۆتەوە و ئەوەشی وەکوو بەڵگەی زیندووی کۆمەڵی کوردستان لێکدایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی وێبینارەکەدا کاک سدیق بابایی، ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لە وتارێکدا باسی لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و کەسایەتیی بەرزی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێکانی کرد. بەڕێزیان لە باسەکەیدا بە پوختی و بە فاکتەوە لەسەر تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی بۆ بەشداربووان دوا. هەروەها بە ئاماژە بە ئامادەبوونی هەزاران کەس لە ئەویندارانی ئازادیی ڕێبازی شەهیدانی میکۆنوس لە ڕێوڕەسمی ٣٠ ساڵەی تێرۆری مێکونۆس لە بێرلینی ئاڵمان، یەکریزیی حیزبی دێموکراتی بە قازانجی خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێکدایەوە و داوای کرد بۆ جۆشدانی خەبات و درێژەدان بە ڕێبازی شەهیدان یەکریزیی کوردستانی پتەوتر بکرێ.

***

کوردستان
• ژمارە: ٨٣١
٣١ی خەرمانانی ١٤٠١ _ ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٢٢

# ڕێوڕەسمی سێیەمین ساڵیادی شەهیدانی میکۆنۆس لە بنکەی بەڕێوەبەریی حیزب



حیزبی دێموکرات ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٤ی خەرمانان بەبۆنەی ٢٦ی خەرمانان، ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی لە بێرلین بەدەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی، ڕێوڕەسمێکی بەڕێوە برد. ئەو ڕێوڕەسمە بە بەشداریی مستەفا هیجری، بەرپرسی گشتیی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامانی ڕێبەری و سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کاک مستەفا هیجری وتارێکی پێشکێش کرد و تیشکی خستە سەر ئەوە کە ڕاستە شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی خەسارێکی گەورە بوو بۆ گەلی کورد بەگشتی و بۆ حیزبی دێموکرات بە تایبەتی، بەڵام دوای سی ساڵ بە سەر تێرۆرکردنیدا هێشتا ئامانج و ڕێبازەکەی پڕ لە ڕێبوارە و تا گەیشتن بە ئازادی بەردەوام دەبێ.

بەرپرسی گشتیی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات بە ئاماژەدان بە یەکگرتنەوەی دێموکرات باسی لە خەباتی بێوچانی ئەو حیزبە کرد کە دوای تێرۆرکردنی ڕێبەرانی سوورە لەسەر دەستەبەرکردنی مافی ڕەوای گەلی کورد و لە سەنگەری یەکگرتنەوەدا و بە یەکگرتوویی بەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، خەباتی نوێی دەست پێ کردوە و ئەم یەکگرتووییە دەتوانێ بناغەدانەری ئازادی و سەربەستی بێ بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڕێزیان باسی لەوە کرد کە لەو کاتەوە کە دوکتور شەرەفکەندی شەهید بووە دەیان کتێب لەسەر گەورەیی ئەو ڕێبەرە نووسراوە و ئەوەش پێویستە، لەبەر ئەوەی دەبێ نەسڵی داهاتوو بزانێ کە لە مێژووی نەتەوەکەیاندا ڕێبەرێکی وایان هەبووە و نەتەوەکانی دیکەش پێویستە بزانن کە د. سادق شەرەفکەندی بۆ نەتەوەی کورد، کاریزمایەکی گەورە بووە و دوژمنیش بزانی کە ڕاستە توانی د. شەرەفکەندی لە کورد و جووڵانەوەکەی و حیزبی دێموکرات بستێنێ، بەڵام لەوەدا کە بە شەهیدکردنی بتوانێ ئەو جووڵانەوەیە بەچۆک دابێنێ سەرکەوتوو نەبووە؛ چونکی دوای شەهیدبوونی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بە هەزاران ڕێبواری ئەو ڕێبازە پیرۆزە درێژەدەری ڕێبازی شەهیدان بوون. هەروەها دوای سی ساڵ لەو ڕووداوە ئەوە ڕێژیمی ئێرانە کە هیچ جێگەوپێگەیەکی لە نێوخۆی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانیدا نییە، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەگوڕتر لە جاران بە یەکگرتویی بەدژی ئەو ڕێژیمە تا گەیشتن بە ئامانجی شەهیدان خەبات دەکات.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا دێکۆمێنتارێک لەسەر ژیان و خەباتی شەهید دوکتور شەرەفکەندی پیشان درا و لە بڕگەی کۆتاییشدا سروودێک بە ناوی "سادق شەرەفکەندی" لەلایەن کۆڕی سروودی حیزبی دێموکرات پێشکێش کرا. هەروەها وشێعرێکی تایبەت بە یادی سی ساڵەی تێرۆرکردنی دوکتور سادق و هاوڕێیانی کە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتەوە ناردبوویان و پەخشانە شێعرێکیش بەو بۆنەیەوە خوێندرانەوە.

# سیمینارێک لە شاری سلێمانی بەبۆنەی ٣٠ ساڵەی شەهیدبوونی د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی




حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٣٠ ساڵەی تێرۆری مێکونووسدا سمینارێکی لە شاری سلێمانی بە بەشداریی د. کەیوان ئازاد، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی سلێمانی و عەلی بداغی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنا.

لەم سمینارەدا کە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی، ٢٥ی خەرمانان بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە دەڤەری سلێمانی بەڕێوە چوو، یاد و بیرەوەریی شەهیدانی مێکونووس، شەهید د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بەرز ڕاگیرا.

لە پانێلی یەکەمی سمینارەکەدا د. کەیوان ئازاد باسێکی پێشکێش کرد لەژێر ناوی "دۆخی سیاسی کوردستان و ناوچەکە لە دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید و هۆکاری تیرۆری ئەو ڕێبەرانە لەو کاتەدا." بەڕێزیان بە ئاماژە بە دوو فاکتەری شوێن و کات وەک دروستکردنی مێژوو، هۆکارەکانی کارتێکەر لەسەر بڕیاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بۆ تێرۆری د. قاسملوو لە ڤییەن و پاشان تێرۆری د. شەرەفکەندی شی کردەوە.

مامۆستای مێژوو لە زانکۆی سلێمانی تیشکی خستەسەر ئەوە کە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق، دوو دوژمنی قەستەسەر و دوو دراوسێی ناتەبا لەڕووی ناچارییش بووبێ پاڵیان وێکدابوو، عێراق ئەنفال و کیمابارانی لە کورد کردبوو و خەباتی پێشمەرگانەی کورد لەو بەشەی کوردستان بەتەواوی لێی درابوو. ئابووریی ئێران و عێڕاق تێکڕمابوو، و لەو دۆخەدا د. قاسملوو بە خسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خۆی دەیتوانی دۆخی کورد لە هاوکێشە سیاسییە ناوچەییەکاندا بە ئاقارێکی دیکەدا ببات. ئەوەش وایکرد کە کۆماری ئیسلامی و هاوبەرژەوەندەکانی کە لەمێژ بوو پیلانی کوشتنی ئەویان داڕشتبوو، پیلانی تێرۆرەکەیان جێبەجێ بکەن. وەک چۆن دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت و داگیرکردنی کووەیت لەلایەن عێراقەوە و ڕاپەڕینی کورد لە باشووری کوردستان کە دواتر دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستانی لێ کەوتەوە؛ کۆمەڵە فاکتەرێک دەستیان دایە دەستی یەکتر بۆوەی بە تێرۆری د. سادق شەرەفکەندی پێش بە زۆر دەسکەوت و پێشڤەچوون لە دۆخی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بگرن. د. کەیوان لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەگەر د. شەرەفکەندی شەهید نەکرابا، نە دۆخی هەرێمی کوردستان بەو ئاقارەدا دەچوو، نە کۆماری ئیسلامی دەیتوانی زۆر پیلانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێبەجێ بکات.

لە پانێلی دووهەمی سمینارەکەدا عەلی بداغی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسی لە "لێکەوتە سیاسییەکانی بڕیاری دادگای مێکونووس لەسەر سیاسەتی دەرەکی و نێوخۆیی کۆماری ئیسلامیی ئێران"ی کرد.

ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لە سەرەتای باسەکەیدا پێشینەیەکی لە کارنامەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران خستە بەرباس و بە پشتبەستن بە ئامارە ڕەسمییە بڵاوکراوەکان باسی لەوە کرد کە کورد لە ئێران قوربانیی سەرەکیی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بووە. هەموو ئامانجەکەش ئەوە بووە کورد لەبەردەم ئیرادەی حکوومەتی ناوەندی و سیاسەتەکانیدا چۆک دابدا و بۆ ئەوە تەنانەت قورسترین چەکی خۆیان، واتە مووشەکی بالستیکیان بەکارهێناوە؛ بەڵام خەباتی کورد و پرسی شوناسخوازیی کورد هەردەم ڕوو لە گەشە بووە.

بەڕێزیان لە درێژەی باسەکەیدا بە ئاماژە بە ڕەوتی دادگای مێکونووس و دواجار بڕیاری مێژوویی ئەو دادگایە، تیشکی خستەر سەر کۆمەڵێک گۆڕانکاری سیاسی گرینگ کە بەشێکیان بریتی بوون لەوەی کە بڕیاری دادگای مێکونووس ڕیسوایییەکی گەورەی بۆ کۆماری ئیسلامی بەدیاری هێنا و ئەو ڕێژیمەی بە ڕێژیمێکی تێرۆریستی ناساند. هەروەها بووە هۆی ئەوەی بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە خاکی ئورووپادا بوەستێ. هاوکات کۆتایی بە سیاسەتی دیالۆگی ڕەخنەگرانەی ئورووپا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هێنا و لە نێوخۆی وڵات کایەی دەسەڵاتی سیاسیی گۆڕی و بووە هۆی هاتنەسەرکاری ڕێفۆرمخوازەکان لە وڵاتدا کە ئەو ڕەوتە بووە پووششێک بۆوەی ڕێژیم بتوانێ قەیرانی دیپلۆماتیکی مێکونووس تێپەڕێنێ.

***

## وێستگە

# ژینا ئێستا نیشتمانە!

ئاسۆ مینبەری

لە دوای کوژرانی ژینا بەدەستی هیزەکانی ڕێژیم لە تاران، شەپۆلێکی بەرین لە ناڕەزایەتیی جەماوەری کوردستانی گرتەوە و دواتر پەلی بۆ زۆر شوێن و ناوچەی دیکە لە ئێران هاویشت.

ئەگەرچی ئەم شەپۆلە لە ناڕەزایەتییەکان لە کوردستان، وەکوو زێد و نیشتمانی ژینای دڵ پڕ لە خۆزگە زۆر بەرینتر و ڕادیکاڵتر بوو، بەڵام پاڵپشتی و هاتنە سەر شەقامی خەڵک و بەتایبەتیش ژنان لە شارەکانی دیکەی ئێرانیش بابەتێکی گرینگە.

ژینا ئەمینی ئەو کچە کوردەی کە لەلایەن ڕێژیمەوە و بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرەملێی جێگای پەسەندی ئەم ڕێژیمە گیانی لێ ئەستێندرا و بوو بە قوربانیی ئیدئۆلۆژیی دژەژنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە کوژرانی توانیی ڕاپەڕینێکی جەماوەری نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکوو لە ئێرانیش وەڕێ بخات، هەروەها کاربەدەستانی زۆر لە وڵاتانی گرینگی دنیا بێنێتە سەر خەت و لە ئاستی ناوچە و جیهاندا بیروڕای گشتی بە خۆیەوە سەرقاڵ بکات. هەر ئەوەی کە ناوی ژینا و شێوەی کوژرانی لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بووەتە ڕۆژەڤی میدیا جیهانییەکان و کەسایەتییە بەناوبانگەکان باسی دەکەن و کردەوەکەی کۆماری دژەژنی ئاخوندی ئەبەنە ژێر پرسیارەوە، دەتوانین بڵێین ژینا بە مەرگی خۆی جیهانی بزواند.

ڕەنگە ئەو ڕۆژەی کە ڕووداوەکە ڕووی دا، خودی ڕێژیمیش بیری لێ نەکردبێتەوە کە مەرگی کچێک بتوانێ ئەوەندە بزوێنەر بێت، بەڵام هەر ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەی ژینا لە گۆڕستانی "ئایچی"ی سەقز و بەشداریی بەربڵاوی خەڵک لەم ڕێوڕەسمە، فڕێدانی سەرپۆشەکان لە لایەن ژنانەوە و دواتریش هاتنە سەر شەقامی خەڵک لە شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ مەحکوومکردنی قەتڵی حکوومەتیی ژینا، هەموویان تێچوویەکی قورس بۆ ڕێژیم بوون، تاکوو تێ بگات چیدیکە خەڵک –بەتایبەت لە کوردستان– لە بەرانبەر کوشتنی ڕۆڵەکانیان بێدەنگ نابن. هەروەها ئەگەرچی ژینا کچی بنەماڵەیەکی خەڵکی سەقز بوو بەڵام هەموو خەڵکی کوردستان خاوەندارەتییان لێ کرد و بە هاتنە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتیدەربڕین بە کوژرانی، ژینایان کردە سیمبۆلێک، سیمبۆلێک کە بێگومان بۆ هەتاهەتایە لە یادگەی ئێمە و جیهانیاندا دەمێنێتەوە.

کوژرانی ژینا، بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم کە بەڕواڵەت ئەرکیان پاراستنی ئاسایش و ئەمنییەتی کۆمەڵگەیە و هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە دەسبەسەرکرانیەوە تاکوو کاتی گیانلەدەستدانی ڕوویان دا، سەلمێنەری ئاشکرای پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، هەروەها بێبایەخی مافەکانی ژن لای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامین و خودی کردەوەکەش کە لە لایەن مەئموورانی ڕێژیمەوە ئەنجام دراوە و مەرگی ژینای لێ کەوتووەتەوە، ڕاستیی کوژران یان قەتڵی حکوومەتیی ژینا پشتڕاست دەکەنەوە، کە بێگومان ئاکاری لەم چەشنە بە بەردەوامی لە ڕێژیمی تۆتالیتری کۆماری ئیسلامی بینراوە و هەتا ئەو ڕێژیمەش بمێنی، ئەو کردەوانەی بەردەوام دەبێت.

ئەوەی کە بەنیسبەت کوژرانی ژینا دەبێ لێی وردبینەوە، بەشداریی بەرچاوی ژنان بوو کە هەر لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنەکەیەوە تاکوو بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان، لە ڕیزی پێشەوەی جەماوەر بوون و هاواری پەنگخواردووی خۆیان بۆ جارێکی دیکە بە گوێی جیهان گەیاند.

وێنە و گرتە ڤیدیۆییە بڵاوکراوەکان لە ناڕەزایەتییەکانی ئەمجارە، نیشان دەدات کە ژنان چۆن ئەرکی پێشەنگایەتییان لەئەستۆ گرتوە و، بە پێچەوانەی هەموو پڕوپاگەندەکانی ڕێژیم و هەموو هەوڵە ئیدئۆلۆژیکەکانی لەم ساڵانەدا کە ویستی ژن وەکوو بەشێکی پاسیڤی کۆمەڵگە پێناسە بکات و وا بنوێنێ کە ژن تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی ماڵەوە پێناسەی ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێت و لەم پێناوەشدا لە هەموو ئیمکانات و پێداویستییەک کەڵکی وەرگرت، ژنان هەموو جارێک و لە هەموو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، لە مەیدانی کردەوەدا ڕۆڵی گرینگ دەگێڕن.


ڕەنگە زۆرجار ژنان هەوڵیان دابێت دژ بە حیجابی زۆرەملێ بێنە مەیدان و وەک لە ڕابردووشدا بینیومانە بۆ ئەم مەبەستەش نرخیان دابێ، بەڵام ئەمجارە پرسەکە زۆر جیاواز بوو. ئەمجارە زێدەڕۆیی ڕێژیم بووە هۆی گیانلەدەستدانی مرۆڤێک، کە بێگومان بیستنی ئەم هەواڵە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و لای وڵاتانی دیکەش زۆر سەیروسەمەرە بووە، ئاخۆ چۆن ئەبێ مرۆڤێک بەو شێوە دڕندانەیە بکوژرێت تەنیا لە بەر ئەوەی کە ڕەنگە تاڵە قژێکی بەدەرەوە بووبێت یان ڕەنگ و شێوەی جلوبەرگەکەی بە دڵی دەسەڵاتداران نەبووبێت؟!


نابێ ئەو ڕاستییەمان لەبیر بچێت کە مەرگی تراژیکی ژینای نیشتمان چەند شتی گرینگی بەدواوە بوو. ئەو ڕووداوە بوو بە دەرفەتێک کە یەکگرتوویی خەڵک چ بە مانگرتنەکەی ٢٨ی خەرمانان و چ بە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان، زیاتر لە پێش خۆی بنوێنێ و، ڕێژیمی تێگەیاند کە چیدیکە ئاکاری سەرەڕۆیانە ناتوانێ بەردەوام بێت و ئەوە خەڵکن کە بەگژ داگیرکاری و ستەمی ڕێژیمدا دەچنەوە. نیشانی دا کە هێز لە یەکگرتوویی‌دایە و ئەم یەکگرتووییە دەتوانێ بونیاتی ئەم ڕێژیمە تێک بشکێنێ.

ژینا ئێستا تەنیا کچێکی ٢٢ساڵی سەقزی نییە، ژینا ئێستا خودی نیشتمانە، هەر وەک چۆن کورد بە درێژایی مێژوو پارێزگاریی لە نیشتمانەکەی کردوە و لەپێناویشیدا گیانی بەخت کردوە، ئەمڕۆ ژینا بووەتە ئەو نیشتمانە کە لاوانی کوردستان بۆ پارێزگاری کردن و خاوەندارەتی‌کردن لە بوون و کەرامەتی، هاتنە سەر شەقام و سینگیان کردە قەڵغانی گوللەی داگیرکەران و چوونە ڕیزی نەمرانەوە.

ژینا بزوێنەر بوو بۆ تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان و بە مەرگی خۆی بووە چاوگی شۆڕشێک کە دامرکانەوەی بۆ نییە و بێگومان لە بەرەبەیانی ئازادیدا ناوی ژینا لەگەڵ یەکەم گزینگی خۆر بە سەر کوردستانەوە دەدرەوشێتەوە.





برایم چووکەڵی

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لە ماوەی پتر لە حەوت دەیە خەباتی حیزبی دێموکرات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کە ڕزگاریی خەڵکی کوردستان لەژێر ستەم بووە، شەهیدی زۆر داوە و زۆر ڕۆڵەی بە بیروباوەڕی کردۆتە قۆچی قوربانی؛ لە سەرقافڵەی شەهیدان قازی محەممەد ڕا بگرە تا ڕێبەرانی وەک شەهید دوکتور قاسملوو و شەرەفکەندی و تا شەهیدانی ئەم ساڵانەی دوایی. بێشک لەو ڕێگایەدا قوربانیی زۆر دراوە و تا گەیشتن بە لوتکەی سەربەستی، ئەو خەباتە دیسان فیداکاری و خۆبەختکردن و گیانبازی پتری دەوێ و، دیسان لاوانی خوێنگەرم و شۆڕشگێڕی وڵاتەکەمان لە سەنگەری شەهیدان، سەنگەری دیفاع لە مەوجوودییەت و شەرەفی نەتەوەکەماندا تا سەرکەوتن بەسەر دوژمنانیدا و تا وەدیهێنانی ئامانجەکانیان درێژە بە خەباتی ڕەوایان دەدەن. یەکێک لەو ڕۆڵە تێکۆشەر و ماندوویینەناسانە شەهید "ئەبووبوکر یوسفی" لە هێزی شاهۆیە کە "لە هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەدا یادی دەکەینەوە.

ئەبووبەکر یوسفی لە سەردەمێکدا کە تیشکی ئازادی پرشنگی هاویشتبووە کوردستان و لە کاتێکدا کۆماری کوردستان قیبلەگای ئازادیخوازی کورد، پسانی زنجیری دیلی و یەخسیریی لە دەستوپێی گەلە هەژار و بەشخوراوەکەمانی بە گوێی گەلانی بندەست ڕادەگەیاند، لە یەکێک لە بنەماڵە هەژارەکانی کوردستان لە شاری نودشەی ناوچەی هەورامان لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش و بێبەش لە هەموو خۆشییەکانی ژیان لەدایک بوو.

ئەبووبەکر لە دۆخی نەبووونیدا گەورە بوو، هەربۆیەش نەکرا دەرگای قوتابخانەی بە ڕوودا بکرێتەوە و دنیایەکی ڕووناکتر ببینێ. ژیانی ئەو هەر لەسەردەمی منداڵییەوە لەگەڵ نەداری و بێبەشی و بەشخوراوی تێکەڵاو بوو. تەمەنی ١٢ ساڵ بوو و بەم تەمەنە کەمەوە لەشی کز و باریکی دایە بەر کار و، بوو بە گۆچانی دەستی پیرەبابی.

ئەبووبەکر بەرە بەرە گەورە بوو، و بەناچاری بوو بۆ وەدەستهێنانی داهاتێکی زیاتر کە بتوانێ یارمەتی بە هەڵسووڕانی هەرچی باشتری ژیانی بنەماڵەکەی بکا پەڕیوەی شارەکانی دیکەی ئێران بوو. ئەو بە کاری کرێکاری بوو بە کۆڵەکەی هەرە قایمی بنەماڵە زەحمەتکێشەکەی و ژیانە پڕ لە چەرمەسەرییەی ئەبووبەکر تا دەستپێکردنی خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بەمجۆرە تێپەڕی. ئەو کە لە کوورەی چارەڕەشی و ڕەنج و نەهامەتی و بێبەشیدا قاڵ ببوو، لە ڕاستیدا دەیزانی نەداری بەری چ دارێکە و دەیزانی زوڵم و ستەم و زۆرداری مانای چیە؟! بە هەموو دەمار و پێست و خوێنی لەشیەوە چەوسانەوەی هەست پێ دەکرد، بۆیە لەگەڵ دەستپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، بۆ ئەبووبکر دەرفەت بوو کە لە پێناو ئازادی و بەختەوەریدا خەبات بکا و هەوری ڕەشی نەگبەتی سێبەری شومی لەسەر نەتەوەکەی لابدا و تا بتوانێ بە ئازادی بڵێ کوردم و خاوەنی کەسایەتیی خۆمم. بۆیە لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا چەکی پێشمەرگایەتیی لەشان کرد و لە هێزی شاهۆدا دەستی بە تێکۆشان و چالاکی کرد.

پاش ئەوەی خومەینیی خوێنمژ لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ لەدژی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیهادی ڕاگەیاند، ئەبووبەکر یوسفی یەکێک لەو کورە بەتوانایانە بوو کە شێلگیرانە و شۆڕشگێڕانە بۆ دیفاع لە گەلەکەی بۆ بەرپەرچدانەوەی پیلانە ڕەنگاوڕەنگەکانی دوژمنانی کوردستان چووە نێو سەنگەری شەڕەفەوە. ئەو بە هەموو هێز و توانا‌وە بەرانبەر بە لەشکەری پەلاماردەری کۆماری ئیسلامی ڕاوەستا.

ئەبووبەکر یوسفی لە شەڕەکاندا نیشانی دا بە بیروباوەڕە شێلگیرانە و لێبڕاوانە بەرگری لە لە گەلەکەی و ئامانجە ڕەواکانی دەکا و پێشمەرگەیەکی کارامە و لێوەشاوەیە؛ بۆیە بە فەرماندەری دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لکی ٢٥ی گەلاوێژی پێشووی هێزی شاهۆ دیاری کرا. ئەو لە ماوەیەکی کورتدا سەلماندبووی کە ئازا و بەدەستوبردە، ئەویندار ی حیزبەکەیەتی و شانازی بەوە دەکا کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتە. شەڕە حەماسییەکانی دەوروبەری پاوە، دووئاو و سەرکۆیە شاهیدی بۆ لەخۆبوردوویی و ئازایەتی و نەترسی یئەم شێرە کوڕەی دێموکرات دەدەن. قارەمانەتیی ئەبووبەکری بەئیمان و بیروباوەڕ ئێستاش وێردی زمانی خەڵکی ناوچەی پاوە، نەوسوود، نودشە، ژاوەرۆ و کامیارانە. لێوەشاوەیی و توانا و تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەبووبەکر بوونە هۆی ئەوەی بە فەرماندەری لکی ٢٥ی گەلاوێژ هێزی شاهۆ دیاری بکرێ. ئەبووبەکر بەکردەوە نیشانی دا شیاوی پلەی لەوە بەرزتریشە، نیشانی دا چەندە خەڵک و گەلەکەی خۆش دەوێ و چەندە ئەویندار ی ئازادییە و لە میدانی خەبات و بەربەرەکانیی شۆڕشگێڕانەدا چەندە بارهاتوو و لێهاتوویە.

شەهید ئەبووبەکر مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لەگەڵ پێشمەرگەکانی ژێر فەرماندەریی خۆی، بۆ ڕاپەڕاندنی مەئموورییەتێک بەڕێی ناوچەی سەلاسی باوەجانی کران. ئەبووبەکری فەرماندە لەو ناوچەیە گەڵاڵەی عەمەلیاتی هێرش بۆ سەر مۆڵگەی دوژمن لە بانەداری دارڕشت و شەوی ٥ی بانەمەڕ ڕۆڵە قارەمانەکانی ئەو لکە بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیاتەکە دەستبەکار بوون. لە هێرشێکی کوتوپڕ و شۆڕشگێڕانە بۆ سەر پایەگای ڕێژیم پاش شەڕێکی سەنگەر بە سەنگەر و دەستەویەخەدا توانییان دەست بەسەر پایەگاکەدا بگرن و ژمارەیەکیش لە هێزەکانی دوژمن بە دیل بگرن. بەڵام مخابن لەو شەڕەدا ئەبووبەکری فەرماندە کە زۆر ئازایانە لە سەنگەری پێشەوەدا فەرماندەیی هاوڕێیانی دەکرد، لەپڕ گوللەی جینایەتکارێک سینگی پێکا و بەتوندی برینداری کرد و پاشان بەهۆی قورسی برینەکەی شەهید بوو.

ڕوحی شاد و سەنگەری خەباتی ئاوەدان.

## برلینی ئاڵمان

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٣٠ ساڵەی تێرۆری میکۆنۆس





حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی ڕیسواکردنەوەی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەروەها نوێکردنەوەی پەیمانی وەفا لەگەڵ ڕێبەرانی شەهید، بە تایبەت شەهیدانی میکۆنۆس ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی لە شاری برلین، پێتەختی ئاڵمان بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ٢٦ی خەرمانان (١٧ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی) بەڕێوەچوو، هەزاران کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەشدار بوون.

بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە سەرەتا لە گۆڕەپانی (Adenauerplatz) لە بێرلین کۆ بوونەوە و بە ڕێپێوان بەرەو مینۆمێنتی شەهیدانی میکۆنۆس وەڕێ کەوتن.

ئەم ڕێوڕەسمە لە شوێنی کۆبوونەوەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی میکونۆس دەستی پێ کرد. پاشان پەیامی کۆمیتەی ئامادەکاری بۆ سیهەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری شەهیدانی میکۆنۆس خوێندرایەوە.

لە برگەی سەرەکیی ڕێوڕەسمەکەدا کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی پێشکێش کرد و دواتر پەیامی "ڤۆڵفگانگ ویلاند" یەکێک لە پارێزەرەکانی قوربانییانی تێرۆری میکۆنۆس خوێندرایەوە.

خوێندنەوەی پەیامی خاتوو دوکتۆر "ئولریکە بێکەر" بەرپرس لە ناوەندی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پەیامی خاتوو "مۆنیکا تیمن" شارەوانی پێشووی ناوچەی "شارلۆتن بێرگی بێرلین" کە لەسۆنگەی هەوڵ و تێکۆشانی ئەو خاتوونە مۆنۆمێنتی میکۆنۆس داندرا؛ خوێندنەوەی پەیامی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست لەلایەن کاک مەولوود سوارە، نوێنەری حیزب لە ڕێکخراوی ئینترناسیۆنال سوسیالیست برگەکانی دواتری ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

ڕێوڕەسمی یادی ٣٠ ساڵەی شەهیدانی مێکونۆس بە سروودی "شەرەفکەندی" لەلایەن کۆڕی سروودی حیزبی دێموکرات لە ئاڵمان درێژەی پێ درا و دواتر بە ڕێز ئەو پەیامانە خوێندرانەوە: پەیامی کۆمیتەی ئامادەکاریی ڕێوڕەسمە بە زمانی فارسی لەلایەن کاک سیاوەش محەممەدی، پەیامی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدڕاڵ، پەیامی حەمید نەوزەری، کەسایەتیی ئێرانی و بەرپرسی ناوەندی پەنابەرانی سیاسیی ئێرانی لە بێرلین، پەیامی شوورای دێموکڕاسیخوازان.

خوێندنەوەی دوو پەخشان لەلایەن کاک ئەحمەد شێربەگی و هاوژین حوسێنی، کچی شەهید بەرزان حوسێنی دوو برگەی ئەدەبیی ئەو ڕێوڕەسمە بەشکۆیە بوون و لەدوا برگەی بەرنامەکانی سیهەمین ساڵوەگەڕی شەهیدانی میکۆنۆسدا ناوی ئەم هێز و لایەنە سیاسییانە خوێندرایەوە کە بەو بۆنەیەوە نێردرابوو.

ئەو ڕێکخراوانە بریتی بوون لە: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، پارتی سۆسیالیستی کوردستان لە تورکیە، بزووتنەوەی کۆماریخوازانی دێموکرات و لائیکی ئێرانی فیدڕاڵ، حیزبی تەزامینی دێموکراتی ئەهواز، کۆمیتەی ناوەندیی یەکیەتیی فیداییانی گەلی ئێران، شوڕای کاتی سۆسیالیستە چەپەکانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، پارتی ئازادیی کوردستان و بەڕێز حەسەن شەریعەتمەداری، سکرتێری گشتیی شوڕای مودیرییەتی گوزار.

لە کۆتایی ئەو ڕێوڕەسمە پڕشکۆیەدا سپاسنامەیەک بە زمانی ئاڵمانی خوێندرایەوە کە لەودا ئاماژە بە ناوی هەموو دادستان، دادوەر، پارێزەر و هەموو ئەو کەسانە کرابوو کە ڕۆڵیان لە دادگاییکردن و دەرکردنی بڕیاری بوێرانەی دادگای میکۆنۆسدا هەبوو.

ڕێوڕەسمی ٣٠ ساڵەی تێرۆری مێکونووس بە سرووودی "ئەی شەهیدان" کە لەلایەن سەرجەم بەشدارانەوە دەگوترایەوە، کۆتایی پێ هات.

## مەڵبەندی ٣ی کوردستان

# بەڕێوەچوونی سمیناری تایبەت بە ٢٦ی خەرمانان



ڕۆژی هەینی ٢٥ی خەرمانان لە "جێژنیکان"، مەڵبەندی ٣ی کوردستان، سمینارێکی تایبەت بە ٢٦ی خەرمانان ساڵڕۆژی تێرۆرکرانی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب لە هەولێر و دەڤەرەکە بەڕێوە چوو.

لەو سمینارەدا دوکتور میرۆ عەلیار، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خوێندنەوەیەکی بۆ تێرۆر و دادگای مێکونووس کرد و وردەکاریی ڕێگرییەکانی دەوڵەتی ئاڵمان و کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ پەکخستنی کاری دادگا و هەروەها سەربەخۆیی دەزگای دادی ئاڵمان و بوێریی دادئەستێن و دادوەرەکان بۆ بەئاکام گەیاندنی دادگای مێکونووس شی کردەوە.

دوکتور میرۆ عەلیار تیشکی خستە سەر گرینگیی بڕیاری دادگای میکۆنووس و گوتی ئەمە یەکەمجار بوو کە دادگایەکی سەربەخۆی وڵاتێکی دێموکراتیک بەڕاشکاوی و بەبێ پێچ و پەنا تێرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی لەقاو دا و کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەک ڕێژیمێکی تێرۆریست بە دنیا ناساند. هەروەها ناڕاستەوخۆ سەلماندی کە تێرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانیشی لە ڤییەن بەدەست و پیلانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چووە.

ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات باسی لەوە کرد کە دەوڵەتی ئاڵمان نەیدەویست لە حوکمەکەدا ناوی کۆماری ئیسلامی بهێندرێ، بەڵام چوار هۆکار نەیانهێشت تێروری میکۆنووس بە دەردی تێرورەکانی پێشتر بچێ: یەکەم، ئۆپوزسیونی بەهێز لە پارلماندا. دووهەم، ئازاد و وشیاربوونی ڕاگەیەنەرە گشتییەکان. سێهەم، سەربەخۆبوونی دەزگای قەزایی ئاڵمان و چوارەم فاکتەر ئەوە کە تێرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ببوو بە هەڕەشە بۆ سەر خودی ئورووپا و بەرژەوەندییەکانی. ئێران بە پانەوە حاکمییەتی وڵاتانی ئورووپایی پێشێل دەکرد و تەنانەت هەڕەشەی کوشتنی لە هاووڵاتییانی ئورووپایی دەکرد، لە دادستانی ئاڵمانیش!

بەڕێزیان ئەو ئاکامگیرییەی لە باسەکەی کرد کە ڕێژیمی ئێران ویستی بە شەهیدکردنی د. قاسملوو، حیزبی دێموکرات بەچۆک دابێنێ. بەڵام حیزبی دێموکرات بە ڕێبەرایەتیی د. شەرەفکەندیی خاوەن ورە و بڕوابەخۆ پێشی بە وەدیهاتنی ئامانج و هیوای کۆماری ئیسلامی گرت و خەباتی حیزبی دێموکڕات بەردەوام بوو. کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆماری ئیسلامی باش دەناسێ و دەزانێ کە ئەو ڕێژیمە دەست لە سەرکوت و تێرۆر و ستەمکاری دژ بە کورد هەڵناگرێ، بەڵام لە بەرانبەردا ئەوەش ڕوونە لە خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری هەر درێژەی دەبێت.

لە برگەی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا بەشداربووان ڕا و تێبینیی خۆیان لەسەر مژاری باسەکە دەربڕی.

# ئەو وانە گەورانە چین کە شەڕەفکەندی فێرمان دەکات؟



کەیهان یووسفی

مێژوو گۆڕەپانی ڕۆڵگێڕیی پیاو و ژنە مەزنەکان بووە. ژیان و هەڵسوکەوتی ئەوان پڕن لە وانە بۆ فێرکردنی نەوەی داهاتوو بەمەبەستی بونیاتنانی ژیان و کۆمەڵگەیەکی باشتر.

ڕێبەر و قارەمانەکان چییان هەیە فێری ئێمەی بکەن و بەتایبەتی خوێندنەوەی ژیانی شەهیدی نەمر سادقی شەڕەفکەندی، ڕێبەری ڕۆژە سەخت و دژوارەکانی بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دێموکرات، چیمان فێر دەکات؟

سەرەتاییترین شت کە ڕێبەر و کەسایەتییە سیاسییەکان سەرنجی ئێمە بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن ڕەنگە چۆنیەتیی جلپۆشینیان بێت. جۆرج واشنگتۆن تەنیا کاتێ یونیفۆرمی فەرمیی لەبەر دەکرد کە کۆمار لە مەترسیدا بوایە و بەم چەشنە بە شوێنکەوتووان و خەڵکەکەی دەفاماند کە ئەو توانایی و ئیرادەی بەرگریکردن لەوانی هەیە. کەواوپانتۆڵە خاکی و سادەکەی شەرەفکەندی کە میراتی ڕێبەری مەزن قاسملوو بۆ ئەو بوو و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمە فەرمییەکاندا بەو ڕۆخسارەوە دەردەکەوت، لە زانستی ڕێبەری و کارگێڕیدا خاوەنی بەهایەکی بەنرخە!

سیمای پێشمەرگە، واتە لەخۆبوردوویی و گیانبەخشین لە پێناو خەڵک و خاک و ئازادیدا، پێشمەرگە قارەمانی چیرۆکی ئازادیخوازیی کوردستانە، پێشمەرگە، واتە ئیرادەیەکی نەبەزیو و نەگیراو. شەرەفکەندی و جلە خاکییەکەی لەنێو کۆڕی پێشمەرگەدا، ئەوی دەکرد بە یەک لە ئەوان و هێمایەک کە دەتوانێت ڕێبەرێکی بەتوانا بێت کە پێشمەرگانە توانایی بەرگریکردن و دەستنیشانکردنی ڕێگای بۆیان هەیە.

شەرەفکەندی جەنگاوەرێکی سەربازی یان فەرماندەیەکی سەربازی نەبوو. خۆی و جێگاکەی باش دەناسی. ڕێبەرە گەورەکان ئەو کەسانەن کە جێگە و پێگەی خۆیان دەزانن، کە ئەسڵ و فەرع لە یەکتر جیا دەکەنەوە و ئەو شتەی کە پسپۆڕییان لێی نییە، جێی دەهێڵن بۆ خاوەنی خۆی. لە ڕۆژاوای دێموکراتیکدا، ڕێبەر و کەسایەتییە سیاسییەکان لە ڕێگەی دەنگدان و لە نێوان خەڵکی سڤیلدا هەڵدەبژێردرێن کە یاسا ئەو مافەیان پێ دەدا تا فەرمانی شەڕ یان ئاشتی ڕابگەیەنن بەڵام ئەوان خۆیان لە کاروبار و وردەکاریی سەربازی نادەن. شەرەفکەندی و قاسملوو لە ڕەگەزی ڕێبەرە دێموکراتیکە ڕۆژاواییەکان بوون. نموونەیەکی بچووک لە ئەزموونێکی وەها، شەڕی ساڵی ١٩٥٦ی کەناڵی سوئێزی بریتانیا و فەرانسە دژی وڵاتی میسر بوو. سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتی بریتانیا سێر ئانتۆنی ئیدێن، کە کەسایەتییەکی لایەنگری ئاشتی بوو تاکوو شەڕ، خۆی لە کاروباری فەرماندە سەربازییەکانی هێزی ئاسمانیی پاشایەتی بریتانیا وەر دەدا و تەنانەت پێیان دەڵێت لە چ بۆمبێک کەڵک وەردەگرن. ئەمەش دەرکەوتەی خراپی بۆ بریتانیا لە گۆڕەپانی شەڕدا لێ کەوتەوە.

شەرەفکەندی پیاوی ڕێکخستن و سیاسەت بوو. ئەو کاروباری سەربازیی بە فەرماندە سەربازییەکان سپاردبوو، ئەوەی دەکرد کە دەیزانی ئەنجامدانی لە توانایدایە. وانەی ئەو ڕۆژانە پێمان دەڵێت کە دوای کۆسپی گەورەی شەهیدبوونی د. قاسملوو و پێش لەوەش دابڕانی بەشێکی زۆر لە کادر و فەرماندەی شەڕ لە حیزب، هێزی شەڕکەری حیزب هێشتا هەر کاریگەر و گەورەترین ترسیان لە دڵی پاسدار و ڕێژیمی ئاخوندی خستبوو. ئەو ئازادیی لە کاروباری سەربازیدا بە فەرماندە سەربازییەکان دابوو و ئەو دەسەڵات و هەیبەتەی لێیان نەستاندبوو.

پائۆل جانسۆن گەورە نووسەری ئەمریکی لە وتارێکدا لە ژێرناوی "هیرۆکان: پیاوە گەورە سیاسییەکان چ شتێک دەبێت فێری ئێمە بکەن؟" چەندین فاکتەر و پارامیتر بۆ ڕێبەر و کەسایەتییەکی گەورەی سیاسی دەستنیشان دەکات کە لێرەدا ئێمەش لە ڕێگەی تێڕوانینی ئەوەوە کەسایەتی ڕێبەریی د. شەرەفکەندی پێ هەڵدەسەنگێنین.

ئایدیا و باوەڕەکان، یەکێک لەو پێوەرانەن. باشترین ڕێبەرە دێموکراتیکەکان ڕەنگە سێ یان چوار تایبەتمەندییان هەبێت کە ئەوان هان بدات کە لە هەر هەلومەرجێکدا نەبنە قوربانی. ئەو ڕێبەرانەی بۆچوونیان لەسەر هەموو شتێک هەیە وەک وانەیەکی مێژوویی جێی تێڕامان نین. جیاکردنەوەی ئەسڵ و فەرع لە نێوان ئەو شتەی کە ڕوو دەدات و ئەو شتەی باشە و دەبێت ڕوو بدات وەکوو فەزیلەتێکی ڕێبەری ئاماژەی پێ کراوە. شەرەفکەندی باوەڕی تەواوی بە چەند شت هەبوو: خەبات، گشتگیرکردن و بەشداریی هەمووان، پەروەردەی کوردی لە بنەماڵەوە تا نێو شۆڕش، ڕێزگرتن لە دیسیپلین و ڕێسای ڕێکخراوەیی و مافی خەڵکی کورد و کۆڵنەدان و تەسلیم نەبوون. باوەڕەکانی و ئیدەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان ئەوی کردبووە ئەو کەسەی کە ئەمڕۆ نەسڵی ئێمە دەبێت لێی بکۆڵێتەوە و لێی فێر بێت.

ئیرادە، فاکتەر و پێوەرێکی بەهێز و گرینگی کەسایەتی و ڕێبەرێکی سیاسییە بۆ چۆنیەتیی ژیان کردن لە نێو کۆمەڵدا. کەسێکی سیاسی ئەگەر خاوەنی هەموو تایبەتمەندییەکانی دیکە و خەرمانێکی گەورەی زانیاریش بێت، کە ئیرادەی نەبوو یانی هیچ.

هەموو ڕێبەرێک خاوەنی ئیرادەیە و بۆ ئەوەی زاڵ بن بە سەر ڕووداوەکاندا بە لۆژیک و هۆکار ئیرادەیان بە کار دێنن. ڕێژەی ئیرادەی ڕێبەرەکان بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی تر جیاوازیی زۆرە. ئەو شتەی ئەوان بەدی دەکەن، خەڵکی تر نایبینن و هەر بۆیە پاشەکشەی ئەوان لە خواستەکانیان زۆر ئەستەمە. بۆ ڕێبەرێک تەنیا بوونی ئیرادە کافی نییە. ئیرادە بە شێوەیەکی ئۆرگانیک پەیوەستە بە دەرکەوتە یان وەدیهاتنی ئامانجەوە. ئەوەی ئیرادە دەکاتە فاکتەرێکی کاریگەر و بەهێز بۆ ڕێبەرێک، پێداگرییە. ئیرادەیەکی بەهێز و پێداگربوون بۆ گەیشتن بە ئامانج ڕێبەر دەکاتە کەسایەتییەکی جیاواز. شەرەفکەندی کۆڵەکەی ئیرادە و پێداگرێکی بێوێنە بوو. کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق، بێقاسملوویی و ڕزگاریی باشوور و گوشاری ئێران لە ڕێگەی پارتەکانی باشوورەوە بۆ سەر حیزب و شەرەفکەندی بەمەبەستی ڕاگرتنی شەڕ باس لە ئیرادە و شکۆی شەرەفکەندیمان بۆ دەکەن. ئەو لە وەڵامدا گوتی ئێمە ئەوەی کە نایناسین دانانی چەکەکانمان لە بەرانبەر هێزی پاسدار و ڕێژیمی ئاخوندییە.

ئیرادەیەکی پێداگر دەتوانێت هۆکار بێت بۆ هەر تێچوویەک و ڕیسکێکی گەورەی بە دوای خۆیدا بێت. ئەمە تایبەتمەندیی ڕۆژگارێکی ڕەش و پڕمەترسییە کە دەبێتە تاقیگەی دەرکەوتنی ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو. شەرەفکەندی دەیتوانی ئەوەی کردی نەیکات تا دەزگای تیرۆری ڕێژیم لە دڵی ئۆرووپای هێمای دێموکراتیک بووندا تیرۆری نەکەن، بەڵام ئەو پێداگرانە ئەنجامی دا و تەنانەت مەرگیشی بوو بە پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچاوانی ڕێژیمی تاران و سەرشۆڕییەکی گەورەی نێونەتەوەیی بۆیان.

توانایی بۆ چێکردنی پێوەندی، فاکتەرێکی سەرەکی بۆ ڕێبەر یان سیاسییەکی گەورەیە. وتاردان ڕەنگە پێوەرێکی بەهێز بێت بۆ ڕێبەر تاکوو پێوەندی لەگەڵ بەردەنگ دروست بکات. بەڵام هەمیشە وتاردان تەنیا فاکت نییە. پائۆل جانسۆن لەبارەی جۆرج واشینگتۆنەوە دەڵێت کە ئەو لە ڕێگەی کەسایەتی و کردەوەی خۆیەوەی پردی پێوەندیی دروست دەکرد. کەسێک بوو لێهاتوو، دەستپاک و دوور لە گەندەڵیی و هەر ئەمەش وایکردبوو کە پێوەندییەکی بەهێز لەگەڵ خەڵک دروست بکات.

شەرەفکەندی ئاکادێمییەکی ئاستبەرز و مامۆستایەکی پلەبەرزی زانکۆ بوو. وتاربێژێکی باش بوو و لە هەمان حاڵیشدا خاوەنی کەسایەتییەکی بەرز و پاک و بێگەرد. کۆرسی زانکۆ و بنەماڵە و منداڵی وەلا نابوو و شاخ و خەباتی هەڵبژاردبوو. لایەنگرێکی قورسی پرەنسیپی حیزبی و ڕێکخراوەیی بوو. قوتابییەکی بەئەمەگی قاسملوو و لە هەمان حاڵدا ڕەخنەگرێکی بەلۆژیکی قاسملوو لە کۆڕوکۆبوونەوە حیزبییەکان و لەمەڕ پرسە حیزبییەکان بوو. تاقە بژاردەی قاسملوو بۆ جێگیرەوەی خۆی بوو و شەرعیەتێکی تەواوی لەنێو کادر و ئەندامان هەبوو، ئەمەش نە لە ڕێگەی وتاردان بەڵکوو کەسایەتی و پاکی و سادقبوونی پێی بەخشی بوو.

یەکێکی دیکە لەو فاکتەرانە کە پێناسەکردنی زۆر دژوارە و ناکرێت پێناسەی بکەیت بەڵام دەتوانی دەرک و هەستی پێ بکەیت، گەورەیی ڕۆح(greatness of soul)ە. ئێمە نەک هەر ڕێز لە پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندی دەگرین، بەڵکوو ناخودئاگا، لەڕادەبەدەر خۆشیانمان دەوێت. ئەم خۆشهاتنە گرێدراوی گەورەیی ڕۆحی ئەوانە کە وەک پێوەرێک بۆ پێناسەی ڕێبەر و کەسایەتییە گەورەکان پائۆل جانسۆن باسی لێوە دەکات.

# زیندان بەزێنەکانی ئێمە



موزەفەر سەکانوەند لەکرانی

موزەفەر سەکانوەند زیندانییەکی سیاسیی کوردی خەڵکی شارۆچکەی شووت سەر بە شاری ماکۆیە کە لە گۆشەی زیندانبەزێنەکانی ئێمە"ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان"دا باسی دەکەین.

موزەفەر ڕۆژی ٣ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩١ لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنییەتی لەدژی ڕێژیم دەستبەسەر کرا. ئەو پاش مانگێک مانەوە لە یەکێک لە گرتنگەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری ماکۆ و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر بۆ دانپێدانانی زۆرەملێ بەو تۆمەتانەی درابوونە پاڵی، بۆ زیندانی ناوەندی ئەو شارە گوازرایەوە. پەروەندەی موزەفەر پاشان لەلایەن دادئەستێنی گشتی و دادگای شۆڕشی شووتەوە بۆ دادگای شۆڕشی شاری خۆی نێردرا.

لقی یەکی دادگای شۆڕشی شاری خۆی ڕۆژی ٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٢ "موزەفەر سەکانوەند لەکرانی"ی لەگەڵ دوو کەسی دیکە بە ناوەکانی جەماڵ ئەخترشەمس و ڕەزا نەسروڵڵازادەی بە تۆمەتی "موحاربە" و "ئەنجامدانی فەساد لە سەر عەرز" بەهۆی هاوکاریکردنیان لەگەڵ هێزێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم دادگایی کرد. دادگای شۆڕشی شاری خۆی کە بە پشتبەستن بە ماددەکانی ١٨٦ و ٦١٠ یاسای سزادانی ئیسلامی ئەو تۆمەتانەی بەسەر ئەو بەندکراوە کوردەدا ساغ کردبۆوە، دواجار هەرکام لە موزەفەر سەکانوەند و جەماڵ ئەخترشەمسی بە ٢٠ ساڵ زیندان و دوورخستنەوە بۆ شاری بوورزجان لە پارێزگای بووشێهر مەحکووم کرد.

حوکمە سەرەتایی دادگای شۆڕشی شاری خۆی لەدژی موزەفەر لە دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای ورمێشدا پێداگریی لەسەر کراوەیە و لەسەر داوا و تانەلێدانی ناوبراو بۆ دیوانی بەرزی وڵات بەرز کرایەوە. بەڵام ڕۆژی ١٠ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٩٣ ئەو حوکمە دەقاودەق لەلایەن لقی ١٤ی دیوانی بەرزی وڵاتەوە پەسەند کرایەوە و موزەفەر بە مەبەستی جێبەجێکرانی حوکمەکەی بۆ زیندانی ناوەندی شاری بورازجان دوور خرایەوە.

موزەفەر سکانوەند وەک هەر زیندانییەکی سیاسیی دیکەی کورد لە زۆربەی مافە بنەڕەتییەکانی بێبەشە. بنەماڵەکەی دەڵێن تەنانەت پێچەوانەی حوکمی دادگا بەڵام بەهۆی گوشاری ناوەندە ئەمنییەتییەکان هەتا ئێستا لە مافی چاوپێکەوتن و ناردنی بۆ مەرەخسی بێبەش کراوە. بەپێی زانیارییەکانی "ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان" خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج لە پەروەندەی موزەفەردا ئەوەیە کە سەرەتا دادگا ئەوی بە تاوانبار نەزانیوە و پارێزەری پێشووی سەری سووڕ دەمێنێ کاتێک دواجار دادگا ئەو بڕیارەی لەسەر دەدا. پارێزەری پێشووی موزەفەر ڕای وایە حوکمدانی موزەفەر و دوورخستنەوەی و پاشان بێبەشکردنی لە مافی چاوپێکەوتن و مەرەخەسی لەسەر داوا و گوشاری ناوەندە ئەمنییەتییەکان بووە.

خاڵێکی دیکە لە پەروەندەی موزەفەردا ئەوەیە کە بەپێی ماددەی ١٨٩ی یاسای سزادانی ئیسلامی دانەپاڵی تۆمەتی موحاربە نابێ لەژێر ئەشکەنجەدانی تۆمەتبار و ناچارکردنی بە دانپێدانانی زۆرەملی بێ. لە کاتێکدا موزەفەر لە دادگا و لە بەردەم دادوەردا ڕایگەیاندوە کە لەژێر ئەشکەنجەی قورسدا ناچار بە دانانی زۆرەملێ بە تاوانی نەکردوو کراوە.

دوو ساڵ لەوەپێش دوای تەشەنەسەندنی پەتای کۆڕۆنا لەنێو زیندانەکاندا لە موزەفەر سەکانوەند لەگەڵ ڕێبوار مەلازادە، زیندانییەکی سیاسیی دیکەی کورد لە پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٩دا کۆڕۆنا گرت، بەڵام بەرپرسانی زیندان سەرەڕای دۆخی نالەباری تەندروستیی ئەو دوو بەندکراوە سیاسییە بە بیانووی ئەمنییەتیبوونی پەروەندەکانیان ڕێگری لە ناردنیان بۆ نەخۆشخانە کرا.

کارناسانی ماف و پارێزەران بە پشتبەستن بە یاسا نێونەتەوەیی و جیهانداگرەکان دەڵێن کە مافی زیندانی لە دوو ڕووی مادی و مەعنەوییەوە دەبێ سەرنجی بدرێتێ. لایەنی مادی پێوەندیی بە ژیانی کەسی زیندانییەوە هەیە وەک دەستڕاگەیشتن بە خواردن و خواردنەوەی سلامەت، هەبوونی جێوڕێی گونجاو بە ڕەچاوکردنی پاکوخاوێنی، دەستڕاگەیشتنی بە خزمەتە پزشکی و دەرمانییەکان؛ بەم جۆرەی کە زیندانی لە ماوەی کێشانی سزاکەیدا سلامەتی و لەشساغیی لە زیندان پارێزراو بێ. لایەنی مەعنەویی زیندانییش کە پێویستە لەگەڵ پێوانە نێودەوڵەتییەکان بگونجێ، بریتییە لە دەستڕاگەیشتنی زیندانی بە بنەماڵەکەی و ڕاگرتنی پێوەندییەکانی لە ڕێگەی تەلەفوون، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، ناردنی نامە و نووسراوە و هتد. بەڵام وەک دەبینین ئەو مافانە نەک هەر لە موزەفەر، سەکانوەند، بەڵکوو لە زۆربەی نیزیک بە تەواوی بەندکراوانی سیاسیی کورد زەوت کراوە.

لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامییدا بە گشتی ئەگەر زیندانی وەک مرۆڤێکی خاوەن ماف سەیر ناکرێ، بەڵام زیندانیی سیاسی وەک مەترسییەک بۆ سەر ڕێژیم و دەسەڵاتەکەی دەبیندرێ و لەنێو زیندانییانی سیاسییشدا ئەوە زیندانیی سیاسیی کوردە کە بەهۆی کوردبوون و سیاسەتی دوژمنکارانەی ڕێژیمەوە تێچوویەکی قورس دەدا و قوربانیی زۆرترین هەڵاواردن و تێچووەکانی چالاکیی سیاسییە. لەگەڵ ئەوەشدا کە شتێک بە ناوی دادپەروەری لە نێوەرۆکی ئەو نیزامەدا نییە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو نیزامە باوەڕی بە مافەکانی مرۆڤ نییە و لە ڕوانگەی ئەو نیزامەوە مرۆڤی باش ئەو کەسەیە کە ملکەچی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بێ.

گوشاری زیندان و بێبەشییەکانی موزەفەر سەکانوەند لە مافەکانی لە حاڵێکدایە کە لە ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٧دا زێنەب سکانوەند، خوشکی موزەفەر بە تاوانی کوشتنی مێردەکەی لە زیندانی ناوەندیی ورمێ لەدار درا. ئەم ڕووداوە کاریگەریی ڕوحیی زۆر خراپی لەسەر موزەفەر داناوە. زێنەب لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا بەزۆر دراوە بە شوو و لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بەهۆی توندوتیژیی جەستەیی و دەروونیی لە ڕادەبەدەری مێردەکەی دەیکوژێ. لەداردانی زێنەب سکانوەند کە قوربانیی توندوتیژیی خێزان و سیاسەتە ئیدئۆژیکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەشوودانی کچان لە تەمەنی منداڵییە بەبێ هیچ پشتیوانییەکی، خۆی تاوانێکی دیکەی کۆماری ئیسلامییە کە منداڵێکی خوار تەمەن ١٨ ساڵ پێچەوانەی هەموو ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکان لەدار دەدات.

ئا: دیاکۆ دانا

# کوردستان لوتکەی هەڵوێست و خۆڕاگری



ئەلبورز ڕۆئینتەن

دوای جینایەتی ناخهەژێنی ژینا ئەمینی شەپۆلێکی بەرفراوانی دڵگرانی و قینی خەڵک بەرانبەر ڕێژیم دروست بوو. سەرەتا ئەو قینە بابەتێک نەبوو تەنیا بەرانبەر بە ئۆرگانێکی وەک "ستادی ئەمر بە معروف" بەڵکوو کۆی سیستمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو باکگراوەندە ئیدۆلۆژیکی و بەڕێوەبەری و بروکراسیەکەی لە خۆ دەگرت، ئەوە خاڵێکی گرینگە کە ئیتر لە هەر ڕووداوێکدا کۆی سیستم بەرپرسیارە و ئەو ڕاستییەش لەنێو خەڵک وەک فاکتێکی سەلمێنراو دەبیندرێ.

وێڕای هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم و کاربەدەستانی ئاشکراو و نهێنی هەروەها هەڕەشە و سەرکوت بۆ چەواشەکردن و شاردنەوەی ئەو کەیسە نەک سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکوو بە پێداگری کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی و هاتنە سەر خەتی بزووتنەوەی ڕەوای کورد ئەو کەیسە لە کەیسێکی تاکە کەسی و بنەماڵەی ژینا بووە بە کەیسی ئازادیخوازی کورد و کوردستان بەرانبەر ڕێژیمێکی دواکەوتوو کە بە هەموو شێوەیەک دژی ئازادی و ماف و نرخ و نۆڕمە پێشکەوتووی مرۆڤایەتیە.

لە هەمووشی گرینگتر ڕێکخستنی ئەو قینە و ئاراستەکردنی لەلایەن دینامیکە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بە گشتی و ناوەندی شۆڕش بە تایبەتی، بەرەو ڕێڕەوی دژایەتیی جنایەتکاران و بەرخودانی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە ئازادی یەکجاری بوو، کە هەنگاوێکی بایەخدارە و دەتوانێ ببێ بە وێستگەیەکی دیکەی گرینگی شۆڕش و تێکۆشانی نەتەوەکەمان بۆ گەیشتن بە ئازادی.

لە وەڵامی ئەو ڕێکخستنە و داواکارییەدا مانگرتنی ٢٨ی خەرمانانی لێ کەوتەوە کە وێڕای ئەوەی وەبیرهێنەرەوەی هەموو حەماسەکانی خەرمانانی ڕابردوو لە کات و ساتی جیاوازە، چرای بەردەوامی نارەزایەتیی شۆڕشە بەرانبەر بە دوژمنان.

لە دیتنی ئەو مانگرتنە و خۆپیشاندنانەی کە لەو چەند ڕۆژە کراوە و بەردەوامە و دەکرێت جارێکی دیکە بە ڕوونی سەلمێنرا کە کوردستان و کورد سەنگەری ئازادیخوازی و هەڵگری مەشخەڵی شۆڕشێکی پێشکەوتنخواز و پێشڕەوی کاروانی گەیشتن بە ئازادییە.

لە خەرماناندا دوژمنی دڵ پڕ لە قینی داگیرکەر بە تۆپ و تانگ و سەرکووت، بە تیرۆر و بە جنایەت و مووشەکباران، بە چەواشە و شاردنەوە و شەڕی نەرم، بە هەر شێوەیەک کە توانیویەتی هەوڵی داوە کورد و خەبات و لاو و بیرە ئازادیخوازەکەی لە نێوبەریدا. لە بەرانبەر دا دوێنی کۆبوونەوەی هەزاران کەسی لە برلین و، ئەمڕۆ پاڵپشتی و پشتیوانی میلیۆنان کەس لە ڕۆژهەڵات یەک دەنگ و هەماهەنگ هاواریان کرد دوژمن خەیاڵت خاوە و هەتا کوردێک مابێ خەبات و شۆڕش بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی هەر دەمێنێ.

بەو مانگرتنە جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەمان بۆ سەلمێنرا کە کوردستان سەر دانانوێنێ، کوردستان ئامادەیە و ئامادەتریش دەبێ بۆ بەهێزترکردنی شۆڕش، لە هەمووشی گرینگتر ئیرادەی گەل بەهێزترە لە هێزی داگیرکەری دواکەوتوو و دڕەندە. جارێکی دیکە بۆ هەموومان بۆ دۆست بۆ دوژمن دەرکەوت کوردستان لوتکەی هەڵوێستە، هەڵوێستێکی پێشکەوتوو بۆ هەبوونی ژیانێکی ئازاد و شایانی مرۆڤ و نەتەوەیەکی ئازاو مافخواز و ڕاپەریو. جارێکی دیکە نیشانی دایە کە هێز لە یەکگرتن و یەکگرتوویی دایە و ئەمە وەڵامێکیش بوو بۆ یەکگرتنەوەی دێموکرات و ناردنی ئەو پەیامە کە گەورەترین دەسکەوتەکان بە یەکیەتی و یەکگرتوویی وەدی دێن.

کوردستان لوتکەی هەڵوێستە بەرانبەر داگیرکەرانی خاک و ئازادی، لوتکەی بەرخودانێکە کە ئاسۆی ڕوونی سەرکەوتن ڕوونتر و ڕوونتر دەنوێنێ.

# پیرۆزبایی لە چوارپارچەی کوردستانەوە بەبۆنەی یەکبوونەوەی حیزبی دێموکرات



لە هەر چوارپارچەی کوردستانەوە حیزبە سیاسییەکان بە مەبەستی پیرۆزبایی بەبۆنەی یەکبوونەوەی حیزبی دیموکرات سەردانی نوێنەرایەتیی حیزب لە شاری هەولێریان کرد.

لە ڕۆژانــی دووشـەممـە و سێشەممە ٢١ و ٢٢ی خـەرمـانـان (١٢-٢٠٢٢/٩/١٣)دا دەیان حیزب و لایەنی سیاسی لە چوار بەشی کوردستانەوە بەبۆنەی یەکبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، سەردانی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە شاری هەولێریان کرد و لە لایەن شاندی پێشوازیکەری ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرستی محەمەد نەزیف قادری پێشوازیان لێکرا.

لەو کۆمەڵە سەردان و دیدارە بەجیایەدا شاندی نوێنەرایەتیی ئەو حیزب و لایەنە سیاسییانە وێرای دەربڕینی دڵخۆشیی و پیرۆزبایی خۆیان بەبۆنەی ئەو بڕیارە مێژووییەوە کە یەکبوونەوەی حیزبی دێموکراتی مسۆگەر کـردووە، هیوایان خواست ئەو ئەزموونە سەرکەوتووانەیە بکەوێتە خزمەت تەبایی و یەکریزی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان لە هەرچوار بەشی کوردستان.

ناوی بەشێک لەو حیزب و لایەنە سیاسییانە کە سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبیان کردوە بریتین لە:

**لە باشووری کوردستان:**
- مەڵبەندی ٣ی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان
- حیزبی شیوعیی کوردستان
- حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
- یەکێتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان
- بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان
-حیزبی ڕزگاریی کوردستان
- پارتی پارێزگارانی کوردستان

**لە باکووری کوردستان**
- پارتی دێموکراتیکی گەلان HDP
- پارتی ماف و ئازادی HAKPAR
- پارتی سۆسیالیستی کوردستان PSK
- کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK

**لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان:**
- کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- حیزبی کومۆنیستی ئێران- کۆمەڵە
- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
- پارتی سەربەستیی کوردستان
- بزووتنەوەی کۆماریخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پارتی وڵاتپارێزانی کوردستان

**لە ڕۆژئاوای کوردستان:**
- ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی لە سووریە ENKS کە لە شازدە حیزب و لایەنی سیاسی پێکهاتووە
- پارتی یەکێتی دێموکراتی کورد لە سووریە
- پارتی دێموکراتی کوردستان- سووریە
- پارتی گەلی کوردستان لە سووریە
- پارتی شەپێلا پێشەڕۆژ

# پیرۆزبایی یەکیەتیی پارلمانتارانی هەرێمی کوردستان لە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات

یەکێتیی پارلمانتارانی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا کە ڕوو بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی کردۆتەوە، پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی لە هەموو بنەماڵەی گەورەی پێشەوا قازی محەممەد، واتە ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کردوە و ئەم بڕیارەی بە هەنگاوێکی بەنرخ لەپێناو برەودان بە خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە.

لەو پەیامەدا هاتووە کە بڵاوبوونەوەی موژدە و هەواڵی یەکگرتنەوەی دوولایەنی حیزبی دێموکرات کە لە بنەماشدا هەر یەک بوون و بەداخەوە ماوەیەک دابڕابوون، هەرهەموومانی یەکجار دڵخۆش و شادمان کرد. بۆیە لەگەڵ پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە دڵنیاین کە ئەو هەنگاوە بەنرخە وەرچەرخانێکی مێژوویی بەهێز دەبێت لە ڕەوتـی خەباتی سیاسی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گوڕوتینی زیاتر دەداتە بەر ئەم خەباتە بەردەوام و نەپساوەی حیزبی دێموکرات لەپێناو وەدەستهێنان و چەسپاندنی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو پەیامەدا هاتوە کە نەتەوەکەمان لەسەر خاکی خۆی ناحەز و دوژمنی زۆری بۆ پەیدا بووە و نەیارانی کورد سەرەڕای دژایەتیی توندی بزووتنەوەی کورد بـەردەوام سودیان لە ناکۆکییە نێوخۆییەکانی کورد لەگەڵ یەکتر بینیوە، بۆیە دڵنیاین کە ئەم یەکبوون و یەکسەنگەری و یەکهەڵویستییە بوارێکی فراوانتر بۆ بەرگری لە خۆمان و بردنەپێشی خەباتە ڕەواکەمان دەڕەخسێنێ.

# ڕوانگەی حیزبی دێموکرات بۆ قانوون لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا



زانیار حوسێنی

بۆ تیشک خستنە سەر ئەو بابەتە دەبێ بزانین کە پێویستی کۆمەڵگە بە قانوون، هەروەها پێویستیی قانوون بە بەستێنێکی گونجاو و خـوازراو لەنێو کۆمەڵگە بۆ جێگیربوونی و پێکهاتنی دیسیپلین و پرەنسیبی پێویست و ئوسـوولی و ڕەوا بۆ سـەروەریی قـانـوون، هـەروەهـا دروسـتبـوون یـان دروسـتکـردنـی چـوارچـێوە و پێـناسـە و دارشتنیان، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. هیچ وڵات و کۆمەڵگەیەک بەبێ سەروەریی قانوون و بەبێ ڕێزگرتنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە قانوونە داڕێژراو و ئیجراییەکان، سەرکەوتن و پێشکەوتنیان وەدەست نەهێناوە. کاتێکیش باس لە قانوون دەکرێ، دەبێ ئەو بابەتە بهێنینە بەرچاومان کە مەبەست لە قانوون چیە؟ یان مەبەستی ئێمە لەو باسەدا چ جۆرە یاسا و ڕێسایەکە؟




قانوون بەهۆکاری جیاواز دادەڕێژرێ؛ بۆ نموونە لە دەسەڵاتێکدا بە مەبەستی ڕێکخستنی کۆمەڵگە و چوارچێوەی وڵات لە بواری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و بابەتگەلی نێوخۆیی و دەرەکی بۆ بەرەوپێشچوونی پرسەکان و هەروەها پێشکەوتنی کۆمەڵگە و وڵات لە بوار و ڕەهەندی جیاواز و جۆراوجۆر و پێویست و زەروورردا، بە شێوەیەک کە چەرخی وڵات لە میکانیزمی داینامیکی بـەڕێـوەبـەریـدا بە باشترین شـێوە بچێتە پێش. هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕێزگرتن لە مافەکان -کە خۆی بەسەر چەند لقی جیاواز و لەپێوەندی لەگەڵ یەکتردا دابەش دەبن- و پاراستنی سـەروەری و کەرامەتی وڵات و هاووڵاتیان و هتد دەنـووسـرێ و پەسند دەکـرێ و دەچێتە بـواری جێبەجێکردنـەوە. بـەڵام نـموونـەش هـەیە کە لە دەسەڵاتێکی ئەوتۆدا دەبیندرێ کە قانوون دەبێ بە هۆکار بۆ سەپاندنی بیروباوەڕی ئیدئۆلۆژییە تـازە بەدەسـەڵاتگەیشتووەکان بۆ ڕێکخستن و چوارچێوەدان بە کۆمەڵگە و وڵات بەپێی مێتۆدی خۆیان و لەسەر ڕێچکەی هزریان کە دیارە بەبێ سەرنجدانە ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگە و ویست و داخوازییە سەرەکی و ڕەواکانی خەڵک و هەروەها بەبێ لەبەرچاوگرتنی بنەما و بناغەی ڕۆحی یاسای بنەڕەتی و سـتـانـداردە نێودەوڵەتی و یاسایی و ئینسانی و ئوسوولی مافی مـرۆڤ؛ دایـدەڕێژن و پەسندی دەکەن و دەیبەنە قۆناغی جێبەجێ کردن. هەرچەند کە لـەو حاڵەتەدا دەسـەڵات لە حاڵەتی ڕواڵەتی و ڕووتیندا پرۆسەی عورفیی تێپەڕکردنی یاسادا، زۆربەی هەرە زۆری پۆلێن و قۆناغەکانی ئەو پرۆسەیە لەبەرچاو دەگـرن بـەڵام بە شێوەی ناڕاسـتـەوخۆ ئـەو پـرۆسـەیە تەنیا بە مەبەستی ڕەوایی‌دان بە داڕشتن و سەپاندنی یاسای بنەڕەتی و کۆمەڵە یاسای دوای ئەوە بەشێوەیەک کە لەسەر بنەمای ویست و ڕوانینی خۆیان بێ؛ بەبێ ئەوەی جیاوازییە نەتەوەیی، ڕەگـەزی، ئایینی، کولتووری و کۆمەڵایەتی و هـەروەهـا بنەماکانی پێشکەوتن و سـەردەمـیـانـە ڕەچـاو بکـەن و بـەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە و وڵات لـەبـەرچـاو بگرن. کە وایـە کاتێک دەڵێین قانوون چییە یان چ جۆرە قانوونێک مەبەستی ئێمەیە، لەڕاستیدا بـاس لـەو گەڵاڵە و ئەسڵ و ئوسوولە قانوونییە داڕێژراوانە دەکەین کە لە پێوەری بنیات و بناغەی یاسادا و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵە ئەخلاقی و مرۆڤانەیە کە پێویستی و زەروورەتی بوونیان لەنێو ناخی کۆمەڵگە و دامودەزگای حکوومییەکان حاشا هەڵنەگرە. ئەو یاسایە لەلایەن شوێنە ڕێگەپێدراوەکانی پێناسەکراو و دیـار و لـەژێر نـەزەری کەسانی هەڵبژێردراوی کۆمەڵگە کـە سەڵاحییەتی ئـەوەیـان پـێ دراوە و لـە نـێـوەرۆک و بـوون و نـەبوونـی ڕاستییەکانی کۆمەڵگە تێدەگەن و ئامانجیان داڕشتنی باشترین یاساکانە بەپێی ئەو مەرجانەی کە باسمان کردن تا لە چوارچێوەی ڕێوشوێنێکی ڕەوا و ڕێگەپێدراو و بەشێوەیەکی فەرمی و بۆ پاراستنی کەرامەت و سەروەریی وڵات و کۆمەڵگە و هەروەها ڕێکخستنی پێوەندییە جۆراوجۆرەکانی نێو ئـەو بازنـەیە و دابینکردنی خواسـتە گشتییەکان و دابـەزانـدنـی دادپــەروەری و یەکسانی لـە هـەمـوو ڕەهـەنـد و بوارەکاندا، قەوارە و چۆنییەتیی یاساکان دادەڕێژن.

بەو پێوەرانە و ئاوڕدانەوەیەک لە بیر و هزری حیزبی دێموکرات بە نیسبەت بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە ڕوانگەی قانوونییەوە؛ پێویستە لە دوو قۆناغی جیاواز و سەردەمی جیاوازدا کە حیزبی دێموکرات ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی لەسەرشان بووە هەڵسەنگاندنی بۆ بکردرێ.

لە قۆناغی یەکەم لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، کاتێک حیزبی دێموکرات لە بۆشایی سیاسی و یاسایی لە بازنەیەکی دیاریکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کـەڵک وەردەگــرێ و بـە دەرفـەتـی دەزانــێ و لـەسـەر ویـسـت و خـواسـتـی کـۆمـەڵانـی خەڵک بۆ وەدیهێنانی ئــاوات و ئـامـانـجـە نەتەوەییەکان کۆماری کوردستان ڕادەگەیەنێ و دایـدەمـەزرێـنـێ، یەکێک لـەو ئەرکانەی کە دەکەوێتە سەرشانی کـۆمـاری کـوردسـتـان دامــەزرانــدنــی دامودەزگای دەسەڵاتە. بـەو جـۆرە هـەر سێ پێکهاتەی دەوڵەتێکی دێموکراتیکی کۆماری دادەمـەزرێنی کە سێ بـەشـی یـاسـادانـەری، ئـیـجـرایـی و دەزگـای داد لەخۆ دەگرێ. حیزبی دێموکرات هەر لەسەر ئەو بنەمایەش و لەسەر حوکم و ویستی خەڵک ئەرکی گواستنەوەی دەسـەڵات لە دەسەڵاتی خۆسەپێنی پەهلەوی بۆ دەسەڵاتی نوێی کۆماری کوردستان لەو ناوچەیە وەئەستۆ دەگرێ و لەو سێ بەشەدا بەپێی مەشروعییەت و سەڵاحییەتێک کە لەلایەن خـەڵـکـەوە وەری گرتـوە دەسـت بـە دامـەزرانـدنـی دامـودەزگـاکـان دەکـا. هـەربۆیـە بـە کـۆبـوونـەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و پێشەوا و کەسانی ناسراو و جێی متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چۆنیەتیی گواستنەوەی ئەو دەسەڵاتە و داڕشتنی چۆنیەتیی دامەزراندنی ئەو دامودەزگا حکوومییانە جێبەجی دەکردرێ کە لە عورف و زمانی سیاسی-یاسایی پێی دەگووترێ "ئەنجوومەنی دامەزرێنەران" و لەلایەن ڕاگەیەنە گشتییەکانی حیزب کە لەو کاتدا ڕۆژنامەی "کوردستان" بووە، خەڵک لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ئەو پرۆسەیە و هەروەها ل ەدواتردا لە یاسا پەسندکراوەکان و ئاییننامە دەوڵەتییەکان و بڕیار و بابەت و پرسە گرینگەکان بە وردی ئاگادار دەکرانەوە.

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا و لەو کات و دەرفەتە کەمەی ژیانی سیاسی دەوڵەتداری کورد لە ناوچەیەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرنجدا بۆ ئەو دامودەزگایانە، بەتایبەت پارلەمانی کوردستان کە ئەوکات کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بووە، چۆنیەتیی ڕوانگەی حیزب و کۆماری کوردستانمان بۆ بەڕێوەبەردنی کۆمەڵگە لە ڕێرەوی قانوونەوە بۆ دەردەکەوێ. بۆ ئەوەش پێویستە بەڵگە یاساییەکانی ئـەو سـەردەمـە هـەڵسـەنگاندنیان بـۆ بـکـردرێ، بەچاولێکردن لە یاسا پەسندکراوەکانی پارلەمانی کۆماری کوردستان کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. لەدوای ئەو و لە قۆناغی دووهەمدا، واتە لە ساڵەکانی ٦١-٦٠ ی هەتاوی و بە ئەزموونی سەردەمی کۆماری کوردستان دەبینین کە چۆن حیزبی دێموکرات سەرلەنوێ لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، جیا لە خەبات و تێکۆشان، ئەرکی بـەڕێـوەبـردنـی ئـەو ناوچانە بـەدەسـتـەوە دەگـرێ. لە یاسای سزادانی گشتیی ساڵەکانی ٦١-٦٠ ی هەتاویی پەسندکراوی حیزبی دێموکراتدا دەبینین کە کۆی گشتیی قانوونە پەسندکراوەکان ئوسوولی بنەڕەتی و بنیاتی ستانداردی یاساییان لەخۆ گرتوە کە دەکرێ بەپێی پێوەری هێندێک ئوسوولی گشتی و نێودەوڵەتی و جەوهەری لەو یاسایانە بە نموونە بهێنینەوە.

کاتێک خەڵک حکوومەت بە ئی خۆیان دەزانـن و حکوومەتیش لە یاساداڕشتن و لەبەرچاوگرتنی ویست و خواستی خەڵک و پلاندانان و دابەزاندنی عەداڵەت کارامەیی خۆی نیشان دەدا، ئەو دوو هۆکارە کە لە پێوەندی ڕاستەوخۆدان پێکەوە، دەبنە هۆی سەروەریی یاسا و پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی تەندرووستی وڵات و کۆمەڵگە و دەوڵەت. هەربۆیە کاتێک چاو لە بڕیارەکان و یاسای سەردەمی کۆماری کوردستان دەکەین، دەبینین کە کۆماری کوردستان وەک دەوڵەتێکی مـەسئوول نەتەنیا ڕێوشوێنی درووستی بەپێی هەلومەرجی کۆمەڵگە داڕشتوە، بەڵکوو بە دیتنی پوتانسییەلەکان و بەخەڵکیکردنی حکوومـەت، ئـەوپـەڕی متمانەیی لـەلای کۆمەڵانی خەڵکەوە هەبوو و ڕێژەی ڕوودانـی تاوانەکان لە ماوەی دەسەڵاتداری کۆمار و هەروەها گوێڕایەڵی خەڵک کوردستان بەپێی بڕیارە دەرچووەکانی کۆمار لە ڕۆژنامەی کوردستان دەرخەری ئەو ڕاستییەن.

پێشینیان دەڵـێـن هـەر قفڵـەی بـە کلیلی خۆی دەکرێتـەوە و یـاسا و کۆمەڵگەش دوو چەمکی لـەو بابەتەن؛ بۆیە پێکەوەگوونجان و چۆنیەتیی پێکەوەگوونجاندنی یاسا لەنێو کۆمەڵگەدا یەکێک لە هەرە هونەرەکانی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان لە بەڕێوەبەری وڵاتدا بووە. نموونەی ئەو یاسانە، یاسای ئابووری و بازەرگانییە بۆ ڕێکخستنی بازاڕ و پاراستنی مافی خەڵک و بازرگانەکانی نێوخۆ؛ یاسای خوێندن بە زمانی زکماگی کە دوو ساڵ دواتـر لە ئوسوول و مادەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دانـی پێدانرا، پەسندکردنی یاسای سەردەمیانە بۆ سڕینەوەی داب و نەریتی نابەجێ لەپێناو پاراستنی مافی چینێکی تایبەت یان پاراستنی مافی بەرابەری و یەکسانیی ڕەگەزیی ژن و پیاو. یاسای خوێندن بۆ نەخوێندەواران و هەروەها یاسای ئەمنی و کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی نەزم و ئاسایشی گشتی کە خۆی بوو بەو دەرەنجامە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان سەرەڕای هەبوونی ئەو هەموو چەک و چۆڵە لـەلای خەڵکەوە، ئاسایش و ئارامی لەوپەڕی خۆیدا بووە. بەیاساکردنی پیرۆزییەکانی گەلی کورد لەسەردەمی دەسەڵاتدا؛ نموونەی ئەوە ئێستاکە لە زۆربەی وڵاتاندا هەیە و بێڕێزی کردن بە بەها و بایەخە نیشتمانییەکان بەهۆی هەژاندنی هەستی گشتی کۆمەڵگە بەتاوان ناسراوە و سزای بۆ دیاری کراوە؛ بەیاساکردنی حزووری ژنان لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی بۆ ئـەوان وەک پیـاوان؛ کۆی ئـەوانە لە کاتێکدایە کە لە دەسەڵاتی پاوانخوازانەی پەهلەوی لە تاران ئەو بابەتانە لە یاسای وڵاتدا بوونیان نەبووە و لەڕاستیدا یاسا لەلای ئەوان بۆ پاراستنی شا و دەربار و دەسەڵات بووە. بۆیە ئەو داهێنانە یاساییە لە سـەردەمـی کـۆمـاری کوردستاندا و لـەو دۆخە هەستیارەی وڵاتدا و لەو کات و دەرفەتە کەمە و هەروەها یەکەم ئەزموونی کورد وەک دەسەڵاتێکی سەردەمییانە هونەرە.

هێزی ئەو هونەرە لە یاسای سزادانـی گشتیدا زیاتر خۆ دەنوێنی. هەر وەک لەسەرتر باسمان کرد، هێنانەوەی هێندێک ئوسوولی گشتی لە داڕشتنی یاسادا کە ئێستاکە وەک پڕەنسیب و ئوسوول و بناغەی سەرەکی داڕشتنی یاسا پێناسە دەکرێن دەرخەری ئەو ڕاستییانەن. هەروەک بنەما و ئەسڵی بێتاوانی بەو مانایە کە تا تاوانێک لەسەر تاکێک نەسەلمێنرابێ ئەو تاکە بە بێتاوان دەژمێردرێ کە لە بەندی ٢٨ی یاسای سزادانی گشتیدا هاتووە. بنەما و ئەسڵی یاساییبوونی تاوان و سزاکان بەو تاریفە کە هەر کردەوەیەک یان بەپێچەوانەی کە لەلایەن یاسادانەرەوە بە تاوان نەناسرابێ و سزای دیاریکراوی بۆ دانـەنـرابـێ، ئـەو کـردەوەیـە یـان پێچەوانەکەی بە تاوان لە قەڵەم نادرێ کە لە بەندی ١ی یاسای سزادانی گشتی ساڵەکانی ٦١-٦٠دا هاتووە. بنەما و ئەسڵی هاوڕێژەیی یان گونجاویی تاوان و سزا لەگەڵ یەکدی، بەو مانایە کە سزای دیاریکراو بۆ تاوانێک لە یاسادا لەگەڵ یەکدی بیخوێنێتەوە بەو جۆرە کە سزاکە لە بواری بەرپەرچدانەوەی تاوان و سزادانی تاوانبار و گـەڕانـدنـەوەی نـەزم بەهۆی بێنەزمیی پێکهاتوو بۆ سەقامگیرکردنی ئاسایش و ئەمنییەت لە کۆمەڵگەدا بەشێوەیەک نەبێ کە کەمتر یان زیاتر لە ئاستی تاوانەکە دابێ؛ چوونکی هەردووک حاڵەت لە درێژماوەدا خۆی دەبێتە هۆی کێشە و ئاڵۆزییەکی تر کە بەپێچەوانەی ڕۆحی پراکتیکی یاسایە. بۆ نموونە لە بەندی ٢ی یاسای سزادانی گشتیدا کە تاوانەکان بەسەر سێ بەشدا دابەش دەکا و سزاکانیش بەپێی ئاستی تاوانی ئەنجامدراو کە لە کام خانە یان بەشدا جێگیر دەبێ کە لەلایەن دەزگای داد یان کۆمیسیۆنی قەزایی دیاری دەکردرێ.

ئەسڵێکی دیکـە، ئەسڵ یـان بنەمای بـەرابـەری لەبەرانبەر سزا دایـە؛ یانی تـەواوی خەڵک لە هەر چین و توێژێک بن و هەر جێگە و پێگەیەکیان لەنێو کۆمەڵگەدا هەبێ لە تاوانێکی دیاریکراو لە دۆخێکی هاوبەشدا وەک یـەک سزایان بۆ دیـاری کرابێ و

## شوان عەتۆف:

# نابێ لەسەر شاشەی تیڤییەکانمان فیلمە ئامانجدارەکانی ڕێژیمە فاشیستەکانی فارس، تورک و عەرەب بڵاو ببنەوە

**ئا: کاروان مێراوی**

ڕۆژی هەینی، ١٨ی خەرمانانی ٢٧٢٢ی کوردی، بەبۆنەی ڕۆژی سینەمای کوردی و هاوکات لەگەڵ ٣٨ـەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی "یەڵماز گونای"، نووسەر و سینەماکاری کورد، کۆمپانیای "هاواری فیلم" لە شاری سلێمانیی باشووری کوردستان، بە بەشداریی کۆمەڵێک لە سینەماکاران و کەسایەتییەکانی کوردستان، پێشانگەیەکی تایبەت بە کۆبەرهەمەکانی "یەڵماز گونای"ـی کردەوە.

لە دەسپێکی کاری پێشانگەکەدا "شوان عەتۆف"، دەرهێنەر و ئەکتەری سینەمای کوردی، چەند وتەیەکی لەسەر ڕۆژی سینەمای کوردی و جێگەوپێگەی "یەڵماز گونای" لەو سینەمایەدا پێشکەش کرد. ئەو گوتی: "ئەمن حەز ناکەم یەڵماز گونای تەنیا بە باوکی سینەمای کوردیی ئەژمار بکەم، حەز دەکەم بە جوانترین سینەماکاری خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی ئەژمار بکەم. ئێمە دەزانین کە زۆر کەسایەتیی سینەمای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵیدا کاریان کردووە".

ناوبراو لەسەر دیاریکردنی ڕۆژی سینەمای کوردی، گوتی: "خۆشحاڵم بەوەی کە کۆمپانیای هاواری فیلم سێ ساڵە ڕۆژی ٩ی سێپتامبر کە ڕۆژێکی سیمبۆلیکە و ڕۆژی مردنی مرۆڤێکی مەزن و سینەماکارێکی گەورەیە، وەکوو ڕۆژی سینەمای کوردی دیاری کردوە. یەڵماز گونای ئەو کەسایەتییە بوو کە گوشاریان بۆ دەهێنا تاکوو حاشا لە کوردبوونی خۆی بکات و پێیان دەگوت بێژە تورکم، بەڵام ئەو شێلگیرانە پێداگریی لەسەر کوردبوونی خۆی دەکرد و دەیگوت من کوردم".

شوان عەتۆف لە کۆتاییی قسەکانیدا ئاماژەی بە هێژمۆنی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی سینەمای داگیرکەران لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان کرد و ڕایگەیاند: " ، نابێت لەمە زیاتر نەتەوەی کورد هونەرمەندەکانی خۆی لەبیر بکات و هونەرمەندانی بیانی بخاتە سەر شاشەی تیڤییەکانی، پێم وایە هیچ نەتەوەیەک ئەم کارە ناکات".

لە بەشێکی تری برگەی یەکەمدا بەڕێز "هاوار مستەفا خان"، بەرپرسی کۆمپانیای "هاواری فیلم" وتارێکی لەسەر ڕۆژی سینەمای کوردی پێشکەش کرد و سپاسی ئەو کەسانەی کرد کە پاڵپشتیی کولتوور، هونەر و ڕۆژی سینەمای کوردی دەکەن. ئەو لە نێوئاخنی وتارەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو جۆرە پاڵپشتیکردنە دەبێتە هۆکاری دڵگەرمیی هونەرمەندانی کورد بۆ کاری زیاتر و ئەمەش تەنانەت لە ناوچەکەدا ڕەنگدانەوەی ئەرێنیی بۆ کورد دەبێت، ڕایگەیاند: "من باوەڕم بە تواناسازیی هونەرمەندانی کورد هەیە، ئەگەر لەم بوارەدا ئەستێرەی کورد بژمێرین، یەکجارن زۆرن، بەڵام بەداخەوە پاڵپشتی ناکرێن".

ناوبراو لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ "کوردستان" لەسەر ئامانجی کردنەوەی ئەم پێشانگەیە لەو ڕۆژە دیاریکراوەدا وتی: "ئێمە سێ ساڵە ساڵانە لە ڕۆژی ٩ی سێپتامبردا یادی ڕۆژی سینەمای کوردی دەکەینەوە. ئەو ڕۆژەی کە یەڵماز گونای بەجێمانی هێشت، ئێمە بە ڕۆژی هەستانەوەی لەقەڵەم دەدەین. ئەم ڕۆژە لە مێژووی سینەمای ئێمەدا ڕۆژی باشترین فەیلەسووف، ئەکتەری سینەما، دەرهێنەر و نووسەر، یەڵماز گوناییە، نەک هەر لە کوردستان، بگرە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا. یەڵماز پێنج ڕۆمانی نووسیوە، ئێمە ڕۆمانەکانیمان وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و هەر ساڵێک یەکیان بڵاو ئەکەینەوە، ئەمساڵیش ڕۆمانێکیمان بڵاو کردەوە. نزیک بە ٦٠ سیناریۆی نووسیوە، لە ماوەی دوو ساڵدا ٧ سیناریۆیمان بڵاو کردۆتەوە. بە پێویستی دەزانین کە گەوهەرەکەی یەڵماز گونای بە زمانی کوردی بڵاو ببێتەوە. یەڵماز گونای ٣٨ ساڵە بەجێمانی هێشتووە، بەڵام کتێبەکانی بە زمانی کوردی نین، ئێمە یەکەم دامەزراوەین کە بڕیارمان داوە کار لەسەر بەرهەمەکانی بکەین. ئەمانەوێت هاوار بکەین، ئەو مێژووە دووو‌بارە بکەینەوە. دوو بەشی تایبەت بە سینەما لە زانکۆکانی سەلاحەدین و سلێمانیدا هەیە کە پێویستیان بە سەرچاوەیە، سەرچاوە بە زمانی کوردی زۆر بەدەگمەن هەیە. لەڕاستیدا چەند ئامانجی سەرەکیمان هەیە، وەکوو بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی سینەمایی، بەرهەمهێنانی فیلم، پڕۆژەیەکی گەشتیاریی سینەمایی بە ناوی یەڵماز گونای".

هەندێک جار باس لەوە دەکرێت کە کورد سینەمای نییە. لەم پێوەندییەدا پرسیارمان لە بەڕێزیان کردوە کە ئایا بەڕاستی کورد سینەمای نییە؟ لەم قۆناغەی ئێستەدا سینەما چەندە بۆ کورد گرنگە؟ لە وەڵامدا گوتی: "بەدڵنیاییەوە سینەمامان هەیە، چونکە لە هەموو کوردستان ئەبێت حیسابی بۆ بکەین. سینەمای ئێمە وەکوو سیاسەت بە زەحمەت لە جووڵەدا بووە، بەڵام هەر کاتێک فیلمێکی کوردی بڵاو ئەبێتەوە، بە ڕادەیەکی باش لە جیهاندا بڵاو ئەکرێتەوە. یەڵماز گونای لە حەفتاکانەوە خەریکە کورد بە هەموو جیهان



شوان عەتۆف

ئەناسێنێت. لەو کاتەدا کە زمانی کوردی قەدەغەیە، لە فیلمەکانیدا بە کوردی قسە دەکرا، گۆرانی بە کوردیی بڵاو دەکردەوە، چونکە دەیهەویست پەیامەکە بگەیەنێت".

لە بڕگەیەکی تری بەرنامەکەدا، پێشانگەکە لەلایەن سینەماکار "شوان عەتۆف" کرایەوە و سەرجەم بەرهەمە نووسراوەکانی "یەڵماز گونای" کەوتە بە سەرەنجی بەشداربووان و بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا.

کۆمپانیای "هاواری فیلم"، ساڵی ٢٧٢٠ی کوردی، لە ٣٦ـەمین ساڵڕۆژی کۆچی دواییی "یەڵماز گونای"، ڕۆژی ١٨ی خەرمانان (٩ی سێپتامبر) ی وەکوو ڕۆژی سینەمای کوردی ڕاگەیاند و لەلایەن سینەماکارانی کوردەوە پێشوازیی لێ کرا و ماوەی سێ ساڵە؛ ساڵانە لەو ڕۆژەدا هاوکات لەگەڵ یادکردنەوەی ساڵڕۆژی کۆچی دواییی "یەڵماز گونای"، بە چالاکیی جۆراوجۆر ڕۆژی سینەمای کوردییش بەرز ڕادەگیردرێت.

یەڵماز حەمید ئۆغلوو، ناسراو بە یەڵماز گونای، ساڵی ٢٦٣٧ی کوردی، لە "ئەدەنە"ی باکووری کوردستان لەدایک بووە. لە ساڵی ٢٦٥٨ی کوردی چالاکییەکانی خۆی لە سینەمادا بە نووسینی سیناریۆ و بەرهەمهێنانی فیلم دەست پێ کردوە و خزمەتێکی باشی بە کۆمەڵگەی کوردستان کردوە. ١٧ خەڵاتی نێودەوڵەتیی بەدەست هێناوە کە بەناوبانگترینیان خەڵاتی "چڵە خورمای ئاڵتونی"ـی فستیڤاڵی سینەمای "کان" لە ساڵی ٢٦٨٢ی کوردی بووە. لە ساڵی ٢٦٨٤ی هەتاوی لە پاریس کۆچی دوایی کردوە و لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس بە خاک سپێردرا.

**درێژەی:** ## ڕوانگەی حیزبی دێموکرات بۆ قانوون لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا

جیاوازی لەنێوان هیچ تاکێکی کۆمەڵگە بەنیسبەت یەکدی دانەنرێ. ئەمە لە دەسپێکی قانوونی سزادانی گشتیدا پێناسە کراوە کە دەڵێ مانای گشتی ئەوەیە کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لە بەرانبەر ئەو قانوونە (قانوونی سزادانی گشتی)دا وەک یەکن. بنەما و ئەسڵی کەساندن یان تایبەتی‌کردن؛ ئەو ئەسڵە بە ئێمە دەڵێ کە هەر کەسێک کە تاوانێکی (کاتێک دەگوترێ تاوان یانی لە یاسادا ئەو حاڵەتە بە تاوان ناسێندراوە) دیاریکراو دەکا و سزاکەی بەپێی یاسا دیارە، تەنیا دەکرێ خودی ئەو کەسە لە پرۆسەی دیاریکراوی یاساییدا دادگایی و مەحکووم بکرێ و ئەو لایەنەی کە حووکمەکەی لەسەر جێبەجێ دەکرێ تەنیا کەسی تاوانبارە و دەسەڵاتی قەزایی یان دەزگای داد ناتوانێ بە هیچ هۆکارێک کەسانی نیزیک و بنەماڵە و هاوڕێیانی سزا بدات و نابێ حوکمی دیاریکراو کەسانی دیکە لە غەیری تاوانبار بگرێتەوە. پێچەوانەی ئەوە لە دوو دەسەڵاتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا دەبینین کە زۆرجار برا یان باب یان کەسوکاری نێزیکی تاکێکی سیاسی لەلایەن حکوومەتەوە بەهۆی خێزانی بوون یان خزمی نیزیک بوونی ئەو تاکە سزا دراون، گیراون و تەنانەت زۆرجاران لە سێدارەش دراون. بۆ نموونە بەندی ٢٩ی قانوونی سزادانی گشتی ڕێک هەر بە دەقی ئەسڵی شەخسی بوونی تاوان هاتوە و بەڕاشکاوی باس لەو ئەسڵە دەکات و دانی پێدا دەنێ.

بەپێی ئەو ئوسوولانە و هەڵسەنگاندنی یاساکانی سەردەمی کۆمار -کە نموونەکانی لە ژمارەکانی چاپکراوی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەو سەردەمدا هەن- دەبیندرێ کە ئەو ئەسڵ و بنەمایانە وەک خۆی لە داڕشتن و پەسندکردنی یاساکان لەلایەن شوێنی پێوەندیدار (پارلەمانی کۆماری کوردستان- کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات ) و هەروەها یاسادانەران (نوێنەرانی خەڵک لە پارلمانی کۆماری کوردستان-ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب) لەبەرچاو گیراون و لەلایەکی دیکەشەوە هێندێک بنەما و ئەسڵی دیکەیان ڕەچاو کردوە کە لە مێژووی یاسایی ئێران چ لە سەردەمی سەفەوی، چ قاجار و چ پەهلەوی و چ ئێستای کۆماری ئیسلامیدا باو نەبووە؛ وەک: ئازادیی دەربڕینی بیروڕا، ئازادیی هەڵبژاردن –لە بواری سیاسی، ژیانی کۆمەڵایەتی و شەخسی- ئازادیی نووسین، ئازادیی هەڵبژاردنی مەڕامی ئایینی و سیاسی، یەکسانی و بەرابەریی ژنان، بەفەرمی ناساندنی ڕەگەزی و ئایینیی کەمینەکان، هەوڵدان بۆ سڕینەوەی داب و نەریتە نابەجێ و ناباشەکانی مەوجوود و جێگیرکردنی داب و نەریتی ئوسوولی و دروست لەپێناو پاراستنی مافی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، پێناسەکردنی جیاوازییە جۆراوجۆرەکان وەک خۆی لەیاسادا، پەسندکردنی یاسا لەپێناو خزمەتکردن بە خەڵک و نیشتمان نەک پاراستنی دەسەڵات و دەسەڵاتداران، پێکهێنانی دۆخێکی هاوسەنگ بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵگە لە بەرانبەر مافە گشتییەکان، ئازادی خوێندن بە زمانی زکماگی تەنانەت بۆ کەمینەکانیش (ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ٧٥، لاپەڕەی ٤ی) کە باس لە کردنەوەی قووتابخانەی تێکەڵ بە ناوی کوردی و عیبری دەکا؛ هەروەها لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی، نیزامی، ئەمنییەتی و پێکهێنانی دۆخێکی لەبار لە بواری ژینگەیی کۆمەڵگە و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی بەستێنێکی باش بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە کە بتوانن لەو دۆخەدا گەشە بکەن و ویست و خواستە جۆراوجۆرەکانی خۆیان وەدی بێنن بەو مەرجەی پێچەوانەی حەقی گشتی و ئاسایش گشتی و بەزاندنی سنوورەکانی کۆمەڵگە نەبێ.

لایەنێکی دیکەی بەرچاو و باشی یاساکانی سەردەمی کۆمار کە نیشانەی شارەزایی و لێوردبوونەوەی یاسادانەرەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان بووە، پێناسەکردنی مافە پێشێلکراوەکانی کۆمەڵگە و گەلی کورد بووە کە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی پەهلەویەوە زەوت کرابوون. کاتێک چاو لە یاسا و بڕیارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان و هەروەها یاساکانی لە نێوان ساڵەکانی ٦١-٦٠ی هەتاوی دەکەین و بەپێی ویست وخواستی خەڵک، پوتانسییەل و زەرفییەت، جیاوازییە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگە، لە بەراوەرد لەگەڵ یاسای وڵاتانی دەوروبەر و ڕاستییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها حکوومەتی ناوەندی ئێران هەڵیاندەسەنگێنین، لەڕاستیدا ئەوەی لە پێش هەموو شتێک دێتە بەرچاومان، ئاستی دێموکراتیک بوون و خەڵکی‌بوونی ئەو یاسایانەیە کە لەو سەردەمەی ئێستاشدا ئەو دەقە قانوونییانەی ئەو دوو قۆناغە بە پێوەرەکانی کۆنڤانسیۆنی ڤییەن، ئوسوول و ماددەکانی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ ناکۆکی و دژایەتییەک نابیندرێتەوە کە پێچەوانەی یاسا و ڕێسای ئەو دەقانە بێ و ماف یان کۆمەڵێک مافی لەخۆی نەگرتبێ یان پێشێلی کردبێ. ئەوە خۆی نیشاندەری ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات یاسای وەک ئامرازێکی پێویست و دانەبڕاو لە کۆمەڵگەدا دەبینێ کە تەنیا لەو ڕێگەیەوە دەکرێ بە شێوەیەکی نەزمپێدراو و ئوسوولی، پێوەرەکانی مرۆڤایەتی و دادپەروەری بکرێنە بنەما و بناغەی بەڕێوەبردنی وڵات.

هەر بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بنەما و ئوسوولە پەسندکراوانە کە زیاتر لە حەوت دەیەیە بەڕێوەبەریی حیزبێکی نەتەوەیی و جەماوەری لەڕێگەی ئەساسنامە و بڕیارەکان و پرەنسیب و ئاییننامەی نێوخۆیی حیزبی و هەروەها دوو جار ئەزموونی بەڕێوەبردنی وڵات، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕوانگەی حیزبی دێموکرات بەنیسبەت قانوون لە هەمبەر بەڕێوەبردنی وڵات ئەوەیە کە قانوون متمانەپێکراوترین ئامرازە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی و ..هتد بۆ نەتەوەیەک کە دەکرێ لەو ڕێگەیەوە ویست و داخوازییە ڕەواکانی پێ دەستەبەر بکردرێ، دەستکەوتە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی پێ بپارێزرێ و هەر بەو ئامرازە ئەو مافە دەستەبەرکراوانە سەقامگیر و جێگیر بکرێن لەنێو وڵاتدا و بۆ گەشەسەندنی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و وڵات بە داهێنان و پەسندکردنی درووست و ئوسوولی یاسا لە ڕوانگەیەکی دێموکراسییانە، ویست و خواستی کۆمەڵانی خەڵک لەژێر سێبەری ئەو یاسانە بپارێزرێن و ئەمنییەت (لە بواری دەروونی، زێهنی، فیزیکی، نەتەوەیی ) و ئاسایش (لە بواری سیاسی، ئابووری، کەلتووری و نیشتمانی) کۆمەڵگەی کوردەواری بەو جۆرەی کە شایانیەتی بەئاکام بگا و دەستەبەر بن.

دارسمە
دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# بەڵێ بنۆک‌کۆمار هەموو شتێک "بی فایده است"

سەرەتا سەردێڕی ئەم بابەتەم بە ڕستەیەکی لێکدراوی فارسی و کوردی دەست پێ کرد و مەبەستیشم تەنیا ئەمە بوو ڕستەیەکی نێو لێدوانی بەناو سەرۆکۆماری ئێران لە بەرنامەی سەردانی بۆ نیۆیۆرک لە زمان خۆیەوە بڵێمەوە. "بلە ڕەئیسی" یان باشتر بڵێین "ئاخرین سەرۆکۆماری" هەڵێت و پلێت بێژی کۆماری ئیسلامی لە دواین لێدوانیدا سەبارەت بە سەفەری بۆ نیۆیۆرک بە مەبەستی بەشداری‌کردن لە کۆڕی گشتیی ساڵانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، پێیوابوو لە وێندەرێ چاوپێکەوتن لەگەڵ جۆ بایدنی سەرۆکۆماری ئەمریکا "بی‌فایده است".

بلەی ڕەئیسی بە درێژایی تەمەنی خۆی و کۆماری ئیسلامی تەنیا ئەم ڕستەی "بی‌فایده است"ـەی لێ بترازێت، بە خۆی و بە سەرۆک و بنۆکانی دیکەیشیانەوە، تەنانەت بۆ جارێک بەسەر ڕستەیەکی ڕاستدا کەوتوە.

ئێستا واباشە لە نێوبڕێکدا بڵێم لەم گۆشەیەی ڕۆژنامەی کوردستاندا بۆ ئەوەی باش مەبەستی دڵمان بقۆزینەوە، هێندێک جار بە هۆی ناچاری بێت یان هەر بە هەوەسی خۆمان "وشە" یان ڕستەی فارسی دەخەینە نێو ئەم نووسینانە. دیارە ئەمە بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" نابێتە ئاستەنگ و لەبەر ئەوەی زمانی فارسی کچەزا یان نەوەی ئەم زمانەی خۆمانە، کەسی وامان نییە لێی تێ نەگات. لەنێو ئێمەشدا ئەمە ڕاستە دایەپیرە و باوەپیرە نەوەی خۆی خۆش دەوێت. ئێمەش هەرچەندە نەوەکەمان زۆر تێکەڵی ئەملاوئەولا بوبێت و خۆی لەنێو فرت‌وفێڵانەوە پێچابێت، وازی لێ ناهێنین و بەم جۆرەش بێت جاروبار یادی دەکەین.

بەڵی ئەوە نێوبڕەکەی ئەم بابەتە تەواو بوو و دەگەڕێینەوە سەر کۆبوونەوەی بەر لە ڕۆیشتنی بلەشێت بەرەو کۆڕی گشتیی ساڵانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بێ ئەوەی لەمە زیاتر درێژی دابدرێم، دەڕۆمە سەر باسە چرەکەی ئێستام و دەچمەوە سەر ئەو ڕستەیەی بنۆک‌کۆماری ئێران بەر لە سەفەری نابەخێری بۆ کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردی.

ڕەئیسی بەرلە وەڕێکەوتنی بەرەو نیویۆرک ڕستەیەکی کەوتبووە سەر دەمی و دەیگوت لە نیویۆرک چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆک‌کۆماری ئەمریکا "فایده ندارد." بەمجۆرە لە ئاخرین کۆبوونەوەی بەر لەم سەفەرەی لە کابینەکەی خۆی ڕووی کردە ئەو کۆمەڵە کۆنەپاسدار و کۆنەتیرۆریستانەی بە ناوی وەزیر و ئەندامانی کابینە ئێستاش خێرا پلەی ئەفسەربوونیان لە سوپای قودس بەرز دەبێتەوە. ڕەئیسی لەم کۆبوونەوە ڕووکردە گەلی دەوەزیران و گوتی " لەسەر فەرمایشتی ڕێبەر بە ترس و لەرزەوە بەرەو نیۆیۆرک ڕێ دەکەوم. بەڵام بە گیانی ئەم ڕێبەرەی منی ناو نا سەرۆک‌کۆمار و خۆی ئێستا لە گیانەڵڵادایە، چاو پێکەوتنم لەگەڵ جۆو بایدنی سەرۆکی ئەمریکادا "بی‌فایده است".

ئەندامانی کابینەی ١٣ بەم ڕستەیەی بلەقرخن کەوتنە بیرکردنەوە و دەنێو خەیاڵاتان گەوزین و هەر کامەیان بە چەشنێک بیریان لە دەستەواژەی "بی‌فایده است" دەکردەوە.

– وەزیری کاروباری ئابووری هەرچەندی بیری لێ دەکردەوە، زیاتر هەستی دەکرد پەلەقاژەی هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووریی سەر ئێران "بی‌فایده است".

– وەزیری تەندروستیش خەریک بوو دڵی خۆی بە هەرزانکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکی و دەواودەرمان خۆش دەکرد، بەڵام لەبنەوە وەزیرانی دەرەوە و بەرگری خێسەیان لێ کرد و ئەویش لەبنەوە سەیرێکی کردن و بەتەواوی ساغ بۆوە، بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستیی خەڵک "بی‌فایده است."

– وەزیرانی دەرەوە و بەرگریی هەرچەندی هەوڵیان دەدا سەربەخۆ و بەجیا بیر بکەنەوە، بەڵام وەک خوێندوارانی سەردەمی ئێستێ دەڵێن کۆی بیرکردنەوەیان هەر لەخۆڕا دەبوو بە یەک پاکێج و دەچوونەوە سەر هیلالی شیعە و لە دڵی خۆیاندا بە جووتە دەیانگوت ئەم هەموو پەلەقاژەیە لە دەوری حەشدی شەعبی و حیزبوڵڵا و حەماس و حووسی و مووسیان "بی‌فایده است."

– وەزیری کشتوکاڵ لەم ئان‌وساتەدا هەوڵی دەدا لە دڵی خۆیدا بیر لە بارانی بەڕەحمەت و پڕبوونەوەی بەنداوان بکاتەوە، بەڵام بەستێنی شەقاری زایەندەڕوودی بەر سی‌وسێ پۆلی ئیسفەهان لێی بوو بە دێوەزمە و دەخۆیەوە دەنووسا و ئەم ڕستەیەی بەرەو قوڕگی سەروبن کرد. لەکاتی قووتدانەوەیدا ڕوو بە سەرۆک‌کۆماری لە دەمی دەرپەڕی: بەڵێ گەورم "بی‌فایده است."

– وەزیری پێوەندییەکان دەتگوت هەر لە کۆبوونەوەی کابینەدا نییە و مێشکی خۆی بۆ سنووردارکردنی تۆڕی ئینتەرنێتی بێ‌سنووری مانگیلەی دەستکرد ڕێک دەهێنا. لە ناکاو و وەک لە خەودا بە نەقیزە تێیان کوتابێت ڕووی کردە سەرۆک‌کۆمار و بەرزتر لەوانی دیکە گوتی بەڵێ گەورەم منیش دەڵێم "بی‌فایده است".

وەزیری ئیتلاعاتیش بەنێو بیرکردنەوە لە چاودێریی دزەکردنی ئیسرائیل بۆ نێو کۆبوونەوەکەی ئەمجارەدا شۆڕ ببۆوە، کەوتەوە یادی ڕاگوێزانی چەند تۆن بەڵگەنامەی ئەتۆمی لە تاران و لەسەرەخۆ بە گوێی ڕەئیسیدا چرپاندی: زۆرزۆر بەداخەوە: "بی‌فایده است."

وەزیری نێوخۆ سەرەتا خەریک بوو ژمارەی ئەو کۆڵبەرانە بیر خۆی بێنێتەوە بە تەقەی هێزی ئاسایشی نیشتمان پێکراون، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند دەنگی دروشمی "مەرگ بەر دیکتاتۆر، بجەنگ تا بجەنگیم و ژن، ژیان، ئازادی" لەنێو کاسەسەریدا زرینگایەوە و وەک ئەوەی ئەوەی لە ناکاو دە ئاوی ساردت هەڵکێشابێت، بە پشووی هەڵماڵاوی و هەناسەی سارد و بە هانکەهانکەوە گوتی "بلە قربان کاملەن بی فایده است."

بەڵی جەنابی بنۆک‌کۆمار هەموو شتێک "بی فایده است"

# KURDISTAN

Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan

NO:831 22 September 2022

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com





## بانگەوازی مانگرتن
## لە سەرجەم شار و شارۆچەکانی کوردستان

**خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!**
**حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان!**
**ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی!**

وەک ئاگادارن ژینا (مەهسا) ئەمینی، کچە لاوی کورد کە چەند ڕۆژ پێشتر لە شاری تاران لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بەسەختی لێی درابوو، ڕۆژی هەینی ٢٥ی خەرمانان بەهۆی سەختیی برینەکانیەوە گیانی لەدەستدا. پێشتریش شلێر ڕەسوڵی لەشاری مەریوان بۆ پاراستنی خۆی لە دەستدرێژی بەکرێگیراوێکی ڕژیم گیانی بەخت کرد.

بەم بۆنەوە داوا لە سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان دەکەین بۆ دەبڕینی نارەزایی دژ بە سیاسەتە نامرۆییەکانی ڕژیم و بۆ پارێزگاری لەکەرامەتی کچان و ژنان و ڕۆڵەکانی گەلی کورد، ڕۆژی دووشەممە ٢٨ی خەرمانان بە داخستنی دوکان و بازاڕەکان و نەچوونە سەرکارەکانیان مانگرتنێکی گشتیی و شکۆدار ڕابگەیەنن. هەروەها داوا لەسەرجەم حیزب و لایەنە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەڵسوڕاوانی مافی مرۆڤ دەکەین بەدەم ئەم بانگەوازەوە بێن تا بە هاودەنگی و هاوپشتی یەکتر وەڵامێکی توند بە کۆماری ئیسلامی بدەینەوە.

بژی هاوپشتی و یەکگرتووی خەڵکی حەقخوازی کوردستان!
بڕوخێ کۆماری دژە ژنی ئیسلامی ئێران!

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١**

ناوەندی هاوکاری پێشتریش لە ڕاگەیەندراوێکی دیکە ڕایگەیاندبوو کە خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە تاوانی مەرگی ژینا بێدەنگ نابن

لەو ڕاگەیەندراوەکدا بە ئاماژە بە کوشتنی ژینای تەمەن ٢٢ ساڵی خەڵکی شاری سەقز بە بیانووی بێحیجابی لەلایەن هێزەکانی گەشتی ئیرشادی تارانەوە هاتبوو کە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەم کردەوە قیزەونەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەتوندی مەحکووم دەکا و داوا لەسەرجەم خەڵکی ئێران و کوردستان دەکا بەرانبەر بەم تاوانە نامرۆڤانەیە بێدەنگ نەبن. هەروەها باس لەوە کرابوو کە ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کوردستان لەم تاوانەی کۆماری ئیسلامی خۆش نابن و لە بەرامبەر مەرگی شلێر و ژینا و سووکایەتی کردن بە باقی کچان و ژنانی کوردستان هەڵوێست و کاردانەوەی جیدییان دەبێت.

ژینا (مەهسا) ئەمینی ڕۆژی ٢٢ی خەرمانان لە شاری تاران لەلایەن هێزە چەکدارەکانی گەشتی ئیرشادەوە دەسبەسەر و درایە بەر ئەشکەنجە و لێدان کە بەهۆیەوە تووشی سەکتەی مێشک بوو و پاش چەند ڕۆژ لە نەخۆشخانەی «کەسرا»ی تاران، بەهۆی سەختی برینەکانیەوە گیانی لەدەست دا.

---

**شەقام سوور**

## تا ئێستا ١٦ کەس کوژراون و دەیان کەس بریندارن

نارەزایەتییەکان لە کوردستان کە بە دوای کوژرانی بێبەزەییانەی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری تاران، لە ڕۆژی شەممە، ٢٦ی خەرمانانەوە سەرەتا لە سەقز و سنەوە دەستی پێ کرد و دواتر بۆکان و مەهاباد و زۆربەی شارەکانی کوردستان لە ورمێوە هەتا ئیلامی گرتەوە، هەتا ئێستاش بەردەوامن. سەقز، سنە، مەریوان، دیواندەرە، پیرانشار، دێولان، بۆکان، بانە، کامیاران، بیجاڕ، ئیلام، کرماشان، قوروە، نەغەدە، پاوە، ڕەبەت، سەردەشت و ... بەشێک لەو شارانە بوون کە نارەزایەتییەکان پەلیان بۆ هاویشتوە.

بەپێی زانیارییەکانی هەتا ئێستا ١٦ کەس لە شارەکانی دیواندەرە، سەقز، دێولان، ورمێ و پیرانشار لە خۆپیشاندەران کوژراون و لەو دەیان کەسەی دیکەی بە فیشەک و ساچمە بریندار بوون، ناوی ١٠ کەسیان بڵاو بۆتەوە. هەروەها لەو سەدان کەسەی تا ئێستا گیراون، ناوی ٤٧ کەسیان زاندراوە کە ١١ کەس لەوان ژنن.

---

**بەر لە ماڵاوایی**

## ژینا، چیرۆکی ژین و ژان



ڕەزا دانشجوو

تەنیا چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بوو کە هەواڵی دڵتەزێنی مردنی شلێر کە بۆ دوورکەوتنەوە لە دەستدرێژی سێکسی و ڕەنگە نیگای کۆمەڵگەی پیاوسالار و سێکسیست مردنی لە باوەش گرت، شۆکێکی گەورەی لە جەستەی لاوازی کۆمەڵگەی ژنانی نیشتیمانم دا. ئێستا لە ماوەی کەمتر لە چەند ڕۆژێکدا، ڕووداوێکی تاڵی دیکە دیسان جەستەی ئەم کۆمەڵگە ئازارچێشتووەی بریندار کردەوە و قەتماغەی لەو برینە هەڵدایەوە.

«ژینا»ی کوردستان بوو بە قوربانیی سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزیی کۆماری ئیسلامی .لەم وڵاتە نەفرەتلێکراوەدا ئازار و دەردی ژنان هیچ کات کۆتایی پێ نایە. ئازارەکان بێوچانن و چارەسەریان نییە. کابوسی نەبڕاوەی کۆماری ئیسلامی، بە هەموو یاسا دژە ئینسانی و دواکەوتووەکانی ،کە وەک خۆرە کەوتۆتە سەر جەستەی ئەم کۆمەڵگە خەمناک و غەمگینە، و هەر ڕۆژ زیاتر تانوپۆیەکانی دەخوات. ماوەیەکی زۆرە چەقۆکە گەیشتووەتە ئێسک و ئەم جەستە لاوازە چیتر توانایی بەرگەی نەماوە. خۆسووتاندن، خۆکوشتن، کوشتن بە بیانووی پاراستنی شەرەف، دەستدرێژیکردنە سەر و ترساندن، وەک ئافتەرشۆکەکانی بوومەلەرزە بێ وەستان، تەنانەت ڕێگە بە لابردنی پاشماوەکانی دوای ڕووخانیش نادەن. تەنانەت کات نییە بۆ گێڕانی تاسە و ماتەمیش.

ژینا بۆ سەردانێکی کورت و چاوپێکەوتنی خزم و کەسانی چووبووە تاران، چووبوو کەمێک پیاسە بکات، هەوایەک بگۆڕێت و جوانییەکانی ئەم شارە نەفرەتییە ببینێت. نەیدەزانی ساڵانێکە ئەم شارە و بڕیاری خاوەنەکانی جگە لە مردن هیچی تری بۆ کورد نەهێناوە. نەیدەزانی پایتەخت چەندین ساڵە هێمای زوڵم و چەوساندنەوە و نەبوونییە بۆ کورد. ساڵانێکی دوورە پایتەخت بۆ کورد تەنیا هەوراز و نشێوە و ئەوەی نییە تەختە، شوێنێک بۆ دانیشتن و حەسانەوە. لێرە کوردبوون تاوانە، ئەوەیتر گرنگ نییە.

ژینا چووبوو بۆ بینینی جوانی و کۆکردنەوەی هەندێک یادەوەری. لەگەڵ براکەی چووبوو کەمێک سەیر بکات، کەمێک ببینێت، کەمێک ببیستێت. بەداخەوە جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی هەموو خەونەکانیان تێکدا. چاو و گوێی ژینا بەدوای جوانیدا دەگەڕا کە لەپڕ سەربازەکانی ڕەشایی گەیشتن و ڕێگایان گرت، براکەی دەپاڕایەوە و ژینا دەگریا، بەڵام تاریکپەرەستان زۆر لەوە دڵڕەقتر بوون، لە ناکاو هەموو شتێک لە بەرچاوی ڕەش بوو، ئێستا دوژمنانی پێکەنین و زەردەخەنە دەورەیان دابوو. ژینا کچێکی پاک و بێتاوانە کە لە سەرەتای ژیانیدا لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئاخوندیەوە کرایە قوربانی. تاریکپەرەستان گرتیان، لێیان دا و بردیان هەتا فێری بکەن چۆن قژی بشارێتەوە!

ژینا کوردە، لەگەڵ زەردەخەنە و دڵخۆشبوون گەورە بووە، کورد زۆر حەزی لە پێکەنین و دڵخۆشبوونە، بۆ کورد شادی و هەڵپەڕکێ زۆر پڕبایەخە، لای کورد لەبەرکردنی ڕەنگی ڕەش قێزەونە، کورد دەڵێ ڕەنگی ڕەش بەدبەختی دەهێنێت. ژینا کوردە، بە قژی پەرتەوازە و پەرێشانەوە فێری ڕەوشت بووە، خەڵکی شوێنێکە کە کچەکانی بە قژی پەرتەوازەیی و پەرێشانەوە ئەفسانەی داعش و بیرکردنەوەکانی ڕەشیان چاڵ کرد. ژینا لە شۆنێکڕا دێت کە ژنەکانی دەمرن، بەڵام ژیانی لەژێر ستەم و زۆری قەبوول ناکەن. ئەمانە بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامین، کە پێویستە لە پۆلی پەروەردەی ژنانی کورد دابنیشن و وانەی شەرەف و ئازادی فێر ببن. ئەمانە بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامین کە پێویستە لە پۆلی پەروەردەیی ژنانی کورد دابنیشن و کەمێک لێیان پیاوەتی فێر ببن. پێویستە فێر ببن هیچ مرۆڤێک بە چەقۆ و گازی فرمێسکڕێژەوە لە کچێکی بێبەرگری نزیک نابێتەوە.

دایکی ژینا وێنەیەکی بڵاو کردۆتەوە، وێنەکە لە میترۆی تاران گیراوە، تەنها کاتژمێرێک پێش ئەوەی جەلادەکانی ڕێژیمی ئاخوندی بیبەن بۆ کوشتارگە، دایکی دەپرسێت حیجابی کچەکەم چ کێشەیەکی هەبوو!؟ کێشە حوکمی مەلا و حکومەتی ئێعدام و سەرکوتکردنە. کێشە حکومەتێکی تۆتالیتارە، کە لە هیچ دەنگێکی و هیچ ڕووخسارێکی جیاواز تێناگات. کێشە ڕێژیمێکی دواکەوتووە کە بۆ ئاغاکانی سەر دادەنێ و توانای هیچ نا گوتنێکی نییە، ناوێرێت کاردانەوەی بەرامبەر حکومەتە زلهێزەکان هەبێت، بەڵام لەشکرێک لە بەکرێگیراوانی ڕەشپۆشی دەنێرێت تا کچێکی بێتاوان بکوژێت.

ژینا دڵخۆشە و پێدەکەنێت، ئەمەش بە واتای تاوانە لە فەرهەنگی تاریکپەرستراوەکاندا، کاتێک سەیری دوا وێنەی ژینا دەکەیت، جیهانێک لە ژیان دەبینیت، جیهانێک لە چاوەڕوانی و خەونەکان، چاوەکانی پڕن لە ئومێد و ئارەزوو، پڕن لە تازەیی و ژیان. ئەگەر بە وردی سەیر بکەیت، لە چاوەکانیدا دەتوانی داهاتوو ببینی، سبەینێیەکی بێ مەلا، بێ بەکرێگیراو و هەراسانکەر، سبەینێیەکی ئازاد و کچێک بە قژی پەرێشانەوە کە فەرمێسکەکانی بوون بە چەند وشە و تا ڕۆژی تۆڵە لەنێو گۆی زماندا هەردەم دووپات دەبنەوە: «ڕۆژێک ئاگری سینەم عەباکەم دەسوتێنێت».